

ژمارە: 688
ڕۆژ: 2013/08/14

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان

تۆماری یاسایی

بەپێی بڕگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان
ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت
گۆڤاری( نوێ ) گۆڤارێکی مانگانەیەو خاوەن ئیمتیازی ( بژار عبدالحکیم انور )
سەرنووسەرەکەی ( بژار عبدالحکیم انور )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە،
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (688) تۆمارکرا.

ئازاد حەمەدەمین
نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر: 2013/08/14

تۆماری یاسایی گۆڤار

# ژماره ١
# سێپتەمبەر ٢٠١٣

گۆڤارێکی ئەدەبی، کولتوورییە، بایەخ بەبواری ئەدەبی (وتار، لێکۆڵینەوە، رەخنە، دەق، وەرگێران) و بواری فەلسەفی دەدات.

ئەم ژمارەیە لەسەر ئەرکی بەڕێز
( د. ئەرسەلان بایز ) سەرۆکی
پەرلەمانی کوردستان چاپ بووە.




خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر
بژار حەکیم



بەڕێوەبەری نووسین
رزگار جەباری



نەخشەسازی بەرگ و دیزایین
هێمن خدر
*Hemn89@gmail.com*

گۆڤاری نوێ تەنیا بەرپرسیارییەتی ئەو بابەتانە لە ئەستۆ دەگرێ کە لۆگۆی گۆڤارەکەی لەگەڵە. ئەوانی تر بۆچوونی نووسەرەکانن و خۆیان بەرپرسیارییەتی هەڵدەگرن.

پەیوەندی:
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٢٥٦٦٣٠
ئیمەیل:govarenwe@yahoo.com

لە سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستان ژمارە متمانەی (٦٨٨)ی وەرگرتوە.

کوردستان- هەولێر

# پێرست


بەرکوڵ ........................................ سەرنووسەر ٥

**وتار و لێکۆڵینەوە:**

ڕۆمان و ئایدیۆلۆژیا لە گۆشەنیگای سۆسیۆدەقەوە.......... حەمە مەنتک ٧

شیعری ئازاد و ژنی ئازاد................................ نیگار نادر ١١

کۆماری دیالۆگی شیعر.......................................دەوەن ١٥

شکانی لقی درەخت وەک شکانی قاچی مرۆڤ بەئازارە..مەحمود نەجمەدین ٢٥

ئەدەبی ژن........................................ هێرۆ کوردە ٢٩

سلێکوک هۆکلێر دیوەکەی تری نیشتمان.................. سەنگەر زراری ٣٣

کیمیاگەری وشەلە شیعرەکانی غەمگین بۆڵی ... سەبیحە موحەممەد ئەمین ٤٧

**دەق و خوێندنەوە:**

ماڵی عەشق بۆنی قاوەی لێدێ ........................ تەرزە فایەق ٥٣

لە ئەنتۆلۆژیای شیعری ژاپۆنی نوێ وە................ و:نەژاد عزیز سورمێ ٥٥

دەنکە زیخەکان........................................ تەیب قادر ٦٣

زورناژەن........................................ نەوزاد ڕەفعەت ٦٥

تفەنگی بیست لوولە................................ ڕێبین ئەحمەد خدر ٦٧

لانەواز لە گەردوگوڵی بەیانیدا...... فەیاد جامیس........ و:ڕزگار شێخانی ٧١

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی هارییت بیچەر ستۆ................ شاهۆ قادر ٧٧

بەفر وەک لایەنێکی ئیستێتیکی لە چیرۆکی ڕۆژانی تلمسانیی حەسەن جاف
دا................................................ سەباح شێخانی ٨٥

ماڵئاواییکردن لەجەنگ................................ حەسەن مستەفا ٩١

پەناگەی دووەم سەربازی هەڵاتوو...........................ئەسکەندەر جەلال ٩٧

**کولتوور:**

دەروازەیەکی تیۆریی بۆ پەیوەندیی نێوان کولتور وکۆمەڵگا.....نیهاد جامی ١٠١

**وەرگێڕان:**

ماڵئاوایی...... محەمەد ئەلماغوت........ و: حسەین لەتیف- کارزان عەلی ١٢٥

دیدارێک لەگەڵ (جۆیس کارۆڵ ئۆتس).ئامی سوز هرلاند..و: هەژار عوسمان ١٢٧

ئێپنۆ میوزیکۆلۆجی.......... ئانپنی سیگەر........... و: ساماڵ عیرفانی ١٣١

**دیمانە:**

کاروان عومەر کاکە سوور ................................ دیمانە: نوێ ١٣٥



# بەرکوڵ

سەرنووسەر

سەرەتا دەمەوێ بەوە ئاشناتان بکەم گۆڤاری نوێ، گۆڤارێکی ئەدەبیی و کولتوورییە، بایەخدەدات بە ئەدەب و هونەر و کولتوور و زمان و نەوەی نوێ، نەوەیەک کە ئێستا بەگڕووتینەوە هاتۆتە پێش بۆ برەودان بەڕەوتی ئەدەب و هونەر و کولتووری کوردی.

گۆڤاری نوێ، مەبەستیەتی لەڕێگەی ئەو گۆڤارەوە لەپاڵ کاری ئەدەبیدا، کەشێک بۆ لێک نزیکبوونەوەی نەوەکانیش برەخسێنێت، لەنوێ وە، هەوڵدەدەین ڕایەڵە و هزر و کولتوور گەشەپێبدەین، ئێمە بە ئیمکانیاتێکی کەمی ماددییەوە شانمانداوەتە بەرکارێکی قورس، دەرکردن و چاپکردنی گۆڤار کارێکی سانانییە، بەقەد ئەوەی ماندوبوونێکی زۆری پێویستە بۆئەوەی بتوانێ ئامانجەکەی بپێکێ، دەرکردنی **گۆڤاری نوێ هەروا لەخۆڕا نەهاتۆتە پێشەوە، بەڵکوو لەوپەڕی هەستکردن بەبەرپرسیارییەتیەکی گەورە و وەکخەمخۆرییەک بۆ ڕەوتی ئەدەب و هونەر و کولتوور ئەو بڕیارەماندا لەپاڵ ئەو گۆڤارە ئەدەبیانەی کەهەن، ئێمەیش خزمەتێکی بچووک پێشکێش بە ئەدەبیات و خوێنەر و کتێبخانەی کوردی بکەین.**

لە نوێ وە، هەریەک لەژانرەکانی شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی و فەرهەنگ و کولتوور و هونەر گرینگی خۆیان هەیە و هێڵی سەرەکی کارەکانماندەبن، ئێوەی نووسەری خامەڕەنگینیش دەتوانن گۆڤارەکە بە موڵکی خۆتان بزانن و خوێنەر بەبەرهەمەکانتان گرێبدنەوە.

لێرەوە بەپێویستی دەزانم لەبارەی ناوی گۆڤارەکەوە ئەوەبڵێم: سەرەتا کەناوی ( نوێ )مان بۆ گۆڤارەکە هەڵبژارد لەڕووی یاساییەوە ناوەکەمان لەسەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان تۆمارکرد کە مۆڵەت بەرۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان دەبەخشێت، دوای ئەمەیش برای خۆشەویستم رۆژنامەنووس کاک محمد حاجی کەریم، پێوەندی پێوەکردم کە لەساڵی ٢٠٠٠ ئەوان سەرنووسەری گۆڤاری نوێ بوون کە گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی بووە و تەنها یەک ژمارەی لێ چاپبووە، دواجار ئاگەداریان کردینەوە کە دەتوانین لەڕووی یاساییەوە ئێمە نوێ وەک گۆڤارێکی ئەدەبیی و کولتووری بەچاپبگەیەنین، لێرەوە بەپێویستم زانی ئێوەی خوێنەر لەچۆنیەتی ناوی گۆڤارەکە ئاگەدار بکەمەوە، وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و پیشەییی و لێرەشەوە سپاسی تایبەتی خۆمان ئاراستەی کاک محمد حاجی کەریم و هاوڕێیانی دەکەین کە رێگەیاندain ناوی نوێ بۆ ئەو گۆڤارە ئەدەبییە هەڵبژێرین.

لەکۆتایی ئەو نووسینە کورتەدا، تەنها ماوە بڵێین: ئێمە ئامانجمان لەبەچاپ گەیاندنی ئەو گۆڤارە تەنها خزمەتکردنێکی بچووکی ڕەوتی ئەدەب و کولتوورە و لەوپێناوەیشدا بەئەمانەتەوە دەبینە پردێک بۆ گەیشتنی بەرهەمی جددی نووسەران بەخوێنەری جددی، بەپشتیوانی ئێوەی نووسەران و ڕۆشنبیران، لەگەڵ خوێنەرەکانمان بەردەوام دەبین.



# ڕۆمان و ئایدیۆلۆژیا لە گۆشەنیگای سۆسیۆدەقەوە

حەمە مەنتک

زاراوەی (سۆسیۆدەقی) وەکوو ڕەوتێکی ڕەخنەیی ڕۆمان لەسەر دەستی هەریەک لە (میخاییل باختین) و ( پییەر زیما) دروست بوو. بێگومان پێشتر لە بواری ڕەخنەی ڕۆمان و توێژینەوە لە ڕۆمان، بەتایبەت لەبەر ڕۆشنایی سۆسیۆلۆژیا ڕەوتگەلی دیکە هەبوون. وەکوو پڕۆژەی (سۆسیۆڕۆمانی)ی هەریەک لە (جۆرج لۆکاتش) و (لۆسیەن گۆڵدمان). بێگومان ئەمانە شیکردنەوەی ڕاڤەیەکی سۆسیۆلۆژیانەیان بۆ ئایدیۆلۆژیا لەنێو دەقی ڕۆماندا دەکرد. ئەم بزووتنەوە سۆسیۆلۆژییە لە گەشەکردندا بوو. بەرانبەر ئەو ڕەوتە، ڕەوتێکی ڕەخنەیی دیکە لە بواری ڕۆماندا بۆ دەرخستنی پێوەندی ڕۆمان بە ئایدیۆلۆژیاوە پەیدابوو، ئەویش ڕەوتی ڕەخنەیی (سۆسیۆدەقی)، یان ( سۆسیۆلۆژیا دەقی ڕۆمان).

(میخاییل باختین) بە کاریگەری فەلسەفەی مادییەت و رەوتی فۆڕمالیستە رووسەکان و بونیادگەرەکان بۆچوونە تیۆریی و ڕەخنەییەکانی لەبارەی ڕۆمانەوە پەرەپێدا. بەڵام بەبێ ئەوەی زیدەڕۆیی بەم کاریگەرییەوە دیار بێت. بۆچوونەکانی لە هەردوو کتێبی (مارکسیەت و فەلسەفەی زمان) و (شعرییەتی دیستۆیفسکی) لەساڵی ١٩٢٩ نووسی. تا دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەم کتێبانەی باختین جێی بایەخی توێژەران نەبوون. ئەم رەخنەگرە بۆچوونەکانی زێتر پراکتیکی بوون، بەتایبەت لە شیکردنەوەی بۆ پێوەندی نێوان دەقی ڕۆمان و ئایدیۆلۆژیا، ئەمەیشی بە روونی لە کتێبی (مارکسیەت و فەلسەفەی زمان) خۆی وەدیار

دەخات. لەم کتێبەدا پیداگری لە پێوەندی پتەوی نێوان زمان و ئایدیۆلۆژا دەکاتەوە.
(( ئەم پێوەندییە پتە و بەڵگەدارەی نیوان زمان و ئایدیۆلۆژیا، راستەوخۆ ئەدەبی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری نزیک کردەوە، ئەوەیش نشتیمانی ئایدیۆلۆژیایە.))١ لێرەوە تێدەگەین ئامادەیی شێوەی کۆمەڵگا لە ڕۆماندا فرەیی لە بۆچوون و هوشیاری بەرانبەر دیاردەکان بەرهەم دێنێت. واتا لەنێو کۆمەڵگادا ئێمە بەر بیرکردنەوەی جودا، ئایدیۆلۆژیای جودا، شێوەی ئاخاوتنی جودا دەکەوین، هەمان شێوە لە ڕۆمانی فرەدەنگدا بەر ئەم شێوانە دەکەوین.

## پێوەندی نێوان زمان و بونیادی کۆمەڵگا و گوزارشتکردن لە هوشیاری کۆمەڵایەتی دەلالەتی بوونی ئایدیۆلۆژیایە. بە واتای لە یەکەمدا ئەمە دیاردەیەکی هەستیاری کۆمەڵایەتییە، هەموو بوونەوەرێک و گۆڕانکارییەک لەوێدا ڕێپێدراوە، چونکوو لە کۆمەڵێک بیروبڕوا و هوشیاری جوداواز پێکهاتووە. ئەم بیروبڕوا و هوشیارییە جوداوازانە بەریەک دەکەون و کار لە یەک دەکەن

بەبێ ئەوەی لە دەقی ڕۆمانی فرەدەنگدا تاکە ئایدیۆلۆژیایەک زاڵ بێت، یان تاکە دەنگێک زاڵ بێت. هەر ئەمەیشە باختین پێداگری لەسەر دەکاتەوە، کە (( ناتوانین شیکردنەوەیەکی قووڵ و ڕاست بۆ وشە وەکوو نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی بکەین، تاکوو لە شێوە ئیشکردنی وەکوو ئامرازێکی هوشیاریی تێنەگەین. وشە بەهۆی ئەم ڕۆڵەی وەکوو ئامرازێکی هوشیاریی دەتوانێت ببێتە ڕەگەزێکی بنەڕەتی و ناوەندێک بۆ داهێنانی هەموو ئایدیۆلۆژیایەک.))٢ تاک بەرهەمهێنەری وشەیە، کەواتە هوشیاریی تاک واقیعیەتی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیە. لێرەدا وشە دەبێتە دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژیی لە چوارچێوەی بونیادی زمانی، کە وەکوو سیمبول و دالێک بۆ بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی گوزارشتە. بە بۆچوونی باختین هەر ئەندازەیەکی فکری لەنێو دەقدا ناتوانێ خۆی بەرجەستە بکات، مەگەر بارگاوی بە ئایدیۆلۆژیایەک بێت. جوڵانەوەی زمانیش وەکوو ڕەگەزێک لە زۆرترین باردا پێوەندی بە فکرێک، ئایدیۆلۆژیایەکەوە دەکات. بۆ ئەوەی دەلالەتێکی کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژی بۆ چینێک، کارەکتەرێک لە نێو دەقی ڕۆماندا ببەخشێت. بۆیەیش توێژینەوە لە هەر دەقێکی ڕۆمان، سەرەتا لە وشەکانەوە دەست پێدەکات، بێگومان وشەکانیش هەڵگری دەلالەتی ڕاستەوخۆن. لێرەدا توێژینەوەی زمانی بۆ دەقی ڕۆمان، تەنێ توێژینەوەیەکی ڕووتی زمانی نییە، بەڵکوو لە هەر وشەیەک، یان زمانی دەقەکە ڕەهەندی فکری و کۆمەڵایەتیان بە شێوازی ڕۆماننووس لە پشتە. بۆیەیش گوتاری ڕۆمان بە هۆی فرەیی

لە کارەکتەر و ئایدیۆلۆژیاکان فرەجۆرە. ئەمە (نەسەقی ئایدیۆلۆژی) پێدەڵێن. لەم ڕۆمانانە خوێنەر بەر فرەیی لە زمان و دەنگ دەکەوێت. (( ڕۆمان تەنێ یەک زمان نییە، ببێتە هۆی توێژینەوەیەکی ڕووتی زمانی، بەڵکوو لە یەکەی پتەو و پێوەست بەیەکەوە پێکهاتووە وەکوو چەند زمانی و چەنددەنگ و شێواز.))٣ ئەم دەنگ و شێوازانە بەریەک دەکەون و کارلێک دەکەن. بەشێوەیەک واقیعێک لەنیو ڕۆماندا دروست دەبێت، قەناعەت بە خوێنەر دەکات.

باختین ڕامانێکی رەخنەیی جوداوازی بۆ پێوەندی نێوان ڕۆمان و ئایدیۆلۆژیای بەرانبەر رەخنەی سۆسیۆلۆژی سەردەم بۆ ڕۆمان، کە پێیوابوو دەقی ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی واقیعە دروست کرد. ئەم رەخنەگرە لە تێگەیشتنی بۆ ئێستاتیکای سۆسیۆلۆژیا شێوازی نووسینی ڕۆمانی، بۆ دوو شێواز دابەشکرد. هەریەک لەم شێوزانەیش، شێوازی تایبەت بە خۆیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رەگەزی ئایدۆلۆژیادا هەیە. ئەوانیش (( ڕۆمانی تاکدەنگی — مەنەلۆگی- و ڕۆمانی فرەدەنگی- دیالۆگی- ))یە.٤ هەریەک لەمانە بە شێوەیەکی تایبەت هەوڵی مەزراندنی ئایدیۆلۆژیا دەدات.

هەرچی ڕۆمانی تاکدەنگە، هەڵگری یەک بیرە. یەک دەنگ تێیدا بوونی هەیە. ڕێ بە بیر و فکرەی دیکە نادرێت گوزارشت لە خۆی بکات.

بەمەرجێک دەنگی دیکە لە هێندێک باردا رێیان پێدەدرێت دەنگ هەڵێنن، کە خزمە بە دەنگی سەرەکیی بکات. جیهانبینی ڕۆمانووس دەسەڵاتی بەسەر تەواوی جیهانبینی و فەزای ڕۆمانەکەدا هەیە. هەموو دەنگێک لە خزمەتی دەنگی وەگێڕی سەرەکییە، ئەویش نوێنەری ڕۆماننووسە. دەنگەکانی دیکەی نێو ڕۆمانی تاکدەنگ ئەگەر جاروبارێک دەرکەون، تەنی بۆ ئەوەیە ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینی ڕۆماننووس پەرەپێبدەن، یان بیسەلمێنن. واتا لەم شێوازەی نووسینی ڕۆمانەدا ڕێ بە ململانێی ئایدیۆلۆژی نادرێت، تاکوو فرەیی لە دەنگ و بیرکردنەوەی جودا دروست نەبێت. بۆیەیش کارەکتەرەکان ناتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن، ناتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ وەکوو کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ هەڵسوکەوت بکەن. هەموو کارەکتەرەکان وەکوو کۆیلە دەبی خزمەت بە ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوەی ڕۆماننووس بکەن، بۆیەیش تاکگوتاری لەم شێوازە ڕۆمانەدا دێتەکایەوە.

شیوازی دووەم، کە ڕۆمانی دیالۆگییە، یان ڕۆمانی فرەدەنگییە. ئەم شێوازە پشتی تەواو بە دەنگی جوایەز، رەنگی جوایەز، بیرکردنەوەی جوایەز دەبەستێت. ئەم شێوازی فرەدەنگە، تیۆری سەرەکیی باختینە لە بواری توێژینەوەی لە ڕۆمان، بە تایبەت دوای ئەوەی لەسەر ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی پراکتیکیکرد. هەموو کارەکتەرەکان لێرە خاوەن دەنگی خۆیانن، خاوەن جیهانبینی و چیرۆکی خۆیانن. ئازادن بە چ شیوەیەک گوزارشت لەو چیرۆکەیان دەکەن. ڕۆماننووس ناتوانێت دەستبخاتە کاروباری کارەکتەرەکان، یان خوێنەر بۆ یەک ئایدیۆلۆژیا ئاراستە بکات، بەڵکوو بەهۆی فرەیی لە کارەکتەرەکان فرەیی لە ئایدیۆلۆژیا هەیە. بەهۆی ئەو ململانێیەی بەشیوەیەکی ئازاد لەنیوان کارەکتەرەکان هەیە، کرانەوەی جیهانبینی

و گوزارشتکردن لە ئایدیۆلۆژیا پەیدا دەبێت. هەموو کارەکتەرەکان دەبنە خاوەن هوشیارییەک، لێرەوەیە خوێنەر ئازادە چۆن ئەم کارەکتەر و ئایدیۆلۆژیایانە هەڵدەسەنگێنێ. لێرەوە ڕۆمانی فرەدەنگ لەو شێوازە ڕۆمانە جوایەزە، کە دەڵێت: ((هوشیاری و ئایدیۆلۆژیا لە دەقی ڕۆماندا گوزارشتن لە هەستی ڕۆمانووس، وەگێرپیش جێبەجێکاری ئەو هەستەی ڕۆماننووسە.))٥ لە ڕۆمانی دیالۆگی (فرەدەنگی) فرەیی لە ئایدیۆلۆژیا لەنێو دەقدا هەیە، بەبێ ئەوەی ڕۆماننووس دەسەڵاتی لە ئاراستەکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەدا هەبێت. شێوازێکی دیموکرسی لەنیو دەقدا شیوە دەگرێت.

دیدی سۆسیۆدەقی (پییەر ڤالێری زیما)، لە دیدی سۆسیۆزمانی باختین نزیک دەبێتەوە. واتا نزیکی لەنێوان ئەم دوو ڕەخنەگرەدا هەیە، هەرچەندە هەریەکەیان ناوێکی لە دیدی خۆی بۆ سۆسیۆلۆژیای ڕۆمان داناوە. ئەوەی ئەم رەخنەگرە بۆ سۆسیۆدەقی پیداگری لەسەر دەکات، بوونی سۆسیۆزمانی لای باختینە. باختین زۆر گرینگی بە زمانی کۆمەلایەتی کارەکتەرەکان دەدا، ناوی ئەم بۆچوونەیشی هەر لەوەوە هاتووە. ئەم ڕەخنەگرەیش (زیما) پێداگری لەسەر پێویستی (زمانە کۆمەڵایەتییەکان) دەکاتەوە، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە، (زیما) دیدی سۆسیۆزمانی باختینی تێپەڕ نەکات. بەڵکوو دیدی سۆسیۆڕۆمانی باختینی، کە پێیوایە بونیادی دەقی ڕۆمانی لە چەند هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی پێک دێت. دەقیش لەم گۆشەنیگایەوە هەڵویستێکی ئایدیۆلۆژی ڕوونە و لەگەڵ هەموو ئایدیۆلۆژیا چەسپاوەکانی دیکەی نێو دەقی ڕۆمان لە ململانێدایە.

بە بۆچوونی ئەم ڕەخنەگرە لە سۆسیۆلۆژیا ڕۆماندا، پێویستە شیکردنەوەی دەق لە ڕێی بونیاتەکانی گێڕانەوە بێت. هەروەها پەیبردن بە دەلالەتە زمانییەکان و پێوەندکردنیان بە ڕەهەند کۆمەڵایەتی و فکری بەبێ ڕەتکردنەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی هەڵگریەتی.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

*مەبەستمان لە ئایدیۆلۆژی تەنێ واتا فەلسەفی و قووڵەکەی نییە، بەڵکوو زیاتر مەبەستمان دید و تێڕوانینی کارەکتەرە لە ڕووی کۆمەڵایەت، سیاسی، ئایینی، فەلسەفی...تاد. واتا کارەکتەر هەڵگری چ شێوە بیرکردنەوەیەکە لە هەر لەم بوارانە، یان چۆن لە هەریەک لەم بوارانە دەروانێت.

١. النظريه الادبيه المعاصره، رامان سلدن، ترجمه:جابر عصفور، جار قباء للنشر والتوزيع، القاهره، ١٩٨٨، ص٣٨.
٢. الماركسيه و فلسفه اللغه، ميخائيل باختين، ترجمه: محمد البكرى و يمنى العيد، دار توبقال للنشر، ١٩٨٦، ص٢٥.
٣. اسلوبيه الروايه، حميد الحميدانى، مطبعه النجاح الجديده، دار البيضاء، ١٩٨٩، ص٧١.
٤. سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.
٥. شعريه ديستويفسكى، ميخائيل باختين، ترجمه: جميل نصيف التكريتى، دار توبقال للنشر، بغداد، ١٩٨٦، ص١٩.



# شیعری ئازاد و ژنی ئازاد

نیگارنادر

ئەودەمەی هەست بە کارەسات و هەژەندێکی ترسناک دەکەی کە زۆربەی کاوێژو وڕێنە و پێپڕکە لە ناو ووشە و مانادا بە شیعری ئازاد ناوزەد دەکرێن و ژنە چەوساوەکان داوای ماف و ئازادی لە بۆ ژنانی کۆمە لگاکە ت دەخوازن و سیاسیە کان سنور بۆ نوسەر و ڕۆژنامەنووسەکان دیاری دەکەن و شاعیرەکان حیزب ڕاپاندەنێ و شانازی بە هاوڕێیەتی بەرپرسانەوە دەکەن و ژنان هە ر چاویان لە دوی ئەو ئازادیە بێ کە پیاوان پێیان دەبەخشن ..

هەموو تێکرا یەک زمان و یەک پێناسە یان هەبێ بۆ سیاسە ت و ئە دەب ومێژوو و ئازادی و ئافرەت..

لەژیاندا هەڵدێر زۆرن چارەنوسازترینیان هەڵدێری فیکری هەڵدێری سیاسی هەڵدێری ئە دەبیو هەڵدێری ئازادین ...

زۆرن ئەوانەی سالانێکە خەریکی ڕێزکردن ودابێژتن و بەباکردنی ووشەن و بە جۆرە ها شێوە و ڕەنگ دەیانوسنەوە و دەیانوەشێنن ،لێ هەتا هەن ناتوانن ببن بە شاعیر، دونیا پرە لە و مرۆڤانەی تەمەنێکە گەیشتونەتە لوتکەیەک لە ڕەهایی هەڵسوکە وت وپۆشینی بەرگی مۆدێرن لێ هەتا هەن ناتوانن ئازاد بن ..

هە روەها دونیا لێواو لێوە لە و مێینانە ی قومن لە مێیایە تی و لێ ناتوانن ڕۆژێک ژنایە تی بە خۆوە ببینن....

لێره ڕا  له سێ هه لدێران ده فكرین كه هه لدێری شیعری و هه لدێری ئازادی و هه لدێری ژنایەتین شیعری ئازاد زمان و هونه رێكی تایبه ت به خۆی هەیه چۆن له نوسینی ساتێره شیعردا دەبێ به كەمترین ووشه جوانترین مانا به دەسته وه بدەی له بۆ نوسینی شیعری ئازادیش دەبێ به زۆرترین وشه جوانترین مانا بدەیه دەست وەلێ ئه گەر شارەزایەكی زۆرت له زماندا نەبێ وفیكریشت له پشت نەبێ ئەوا شیعر وەكوو چێشتی مجێور دەردەچێ.
 زۆر كەس هەنه تەمەنێكه لەبەر ووشه و فه رهەنگ وكتێبان ڕاچوون بەڵام ده كەس ناویان نازانێ وناوی هیچ دیوانێكیان له مێشكی كەس دانەچەسپیوه.


**هەندەک  شاعیری دی هەنه لەوەتەی دەنوسن بەکۆمەلێک ووشەی لێکچوو و سواو و چەند دیوانیان نوسیوه و وەریانگێڕوەته سه ر زمانی دەدی وەکو عارەبی و فارسی و  خزێنراونەته ناو ڤیستیڤالان و خه ڵات کراون لێ چونکه شاعیر نەبون کەس له بیرشی دا  نەماوون و به سەرچوون ... نووسەری بەسەرچوو هەر هەولێک بدا خوێنەر ناهەژێنێ.**

زۆری دەدی شاعیر بوونه به لام  ووشه و زمان و شیعرەكانیان كردۆته كه رەسته ی حیزبایەتی و دەسەڵاتداران له بۆیه ته نها بونەته یادەوەری نوسێك. زۆری دەدی هه رچی نامه ی دلداری و یاداشت و خه ونه كانیان تێكه ل كردون و دەیانوەشێنن به ناوی شیعری ئازاد لێ هه موو ئه وانه له هه لدێر دەكەون .
 به دیوێكی دیدا زۆر كەس هەبوون شاعیری باش بوون زمان زان وخوێندەوارو شارەزابوون شیعری ئازادیان به شارەزایی نوسیوه بەلام چونكه پشوودرێژوخۆراگر نەبوون  وەبەر دەستاڕی حیزبایەتی كەووتن و بزر بوون .
هه روەها هه ندەک مرۆڤ هەنه زۆر ئازادانه له ژیان دا  رەفتار دەكەن و دێن و دەڕۆن لێ چونكه ئازا نین و جه سارەتیان نیه وەكی پوشی به ربایان لێ به سه ر دێ،نازانن سنوری ئازادی له كوێ كۆتایی دێ وله كوێندەرێ سنووری ئازایەتی دەست پێ دەكا.
هەندەک مرۆڤی دی ئازادی وەها وریان دەكا هەتا لەژیاندا بن بیرله ئازایەتی ناكەنەوە، هەندەكی دی ئازادی وا پەلوپۆیان دەخا هەتا دەشمرن ناتوانن جارێک هەستنەوەو ئاورێک بۆ پاش خۆ بدەنه وه..

به دیوێکی دیدا بنۆرین مرۆڤ هەنە زۆر ئازان بەلام ناتوانن لە نێوان ئازادی و ئازایەتیان دا خۆ ڕاگرن لە هە موو قۆناغێکی ژیاندا ئازایەتیان دە نوێنن ، ئازایەتی بیرکردنە وە و ئازایەتی گفتوگۆو ئازایەتی ڕەفتار لێک هە لاوێردناکەنەوە بۆیە هەر زوو هەڵدەدێرێن وسرگووم دە بن ..
دونیا پرە لە و مرۆڤانە ی داوەستاون لە مێینە تی و بەلام هە تا دەمرن لە بۆ ساتێکیش ژن بوون بە خۆ وە نابینن و ژنایەتی لە روحیاندا رە گ داناکوتێ و ژنایەتی بە بیرکردنەوە و ژنایەتی بە ئاخافتن وژنایەتی بە رووح و ژنایەتی بە کردار لێک جوداناکەنە وە، نازانن لە کوێ مێیایەتیان بینا دەکەن لە چ قۆناغێک دا ژنایەتی لە روحیاندا دەچەسپێنن و هە تاکوێندەرێ دەبێ ئازاد بن ولە کوێرا دەبێ ئازادیان بینا بکەن.
زۆریان هەنە بە هەموو ڕەنگ و دەنگ و ڕوویەک ژەخۆ دەدوێن بە ڕووی ژنایەتی نەبێ ، مێینەتییان تەنها وەکو جەستە لە شیعر دا بوونی هەیە و بۆنی دێ زۆر کەمن ئەو شیعرانەی ژنیان وەکوو رووح ومرۆڤ تێدا داڕێژراوەو.
بە دیوێکی دیدا لە زۆربەی ئەو نوسینانەی بە ناوی شیعری ئازاد دەوەشێنرێن هەمووشتێکیان تێدا دەبینیەوە تەنها شیعر نەبێ زۆربە ی ئەو ئازادیانەی بە ناوی ئازادی ژنەوە پێناسە دەکرێن هەموو مێینەتیەکیان تێدا یە تەنها ژن بوون نەبێ.
لە بۆیە شاعیر ئەگەر زانی بەسەر چووە دەبیت بۆ خۆی دەستت لە نوسین و شیعر هەڵبگری و بکشێتەوە ئەگەر نا ئەو خوینەرانەی هەر عەودالّی ئەون ئەوا دەبنە خوێنەری بەسەرچوو.

خالّی وێکچوو لە نیوان ژنی ئازاد و شیعری ئازاد دا ئەوەیە کە لە هەردوو باردا کەسەکان ئەگەر کەم ئەزموونیش بن پییّان وایە بە لکاندنی ناوی ئازاد ئەوا بەسەر زۆر ڕێسادا دەپەڕنەوەو باز دەدەن و چواردەوریان توشی سەرە گێژەدەکەن هەتا بۆخۆیان بەمەرامی خۆیان بگەن.

**تێبینی:** وشەی ژن و ئافرەت بەیەک مانا بە کاردێنم تە نها بۆ جوانی دەربڕین ئالوگۆڕیان دەکەم.
هەژەند،، سەرسورهێنە ر



ئێمە هەمیشە جەستە وەکو دنیایەکی بتکراو و پەراوێزکراو سەیردەکەین، چۆن دەتوانین قسە لەتازەگەرێکی هونەری یان شیعری بکەین ؟

ئەدۆنیس



# کۆماری دیالۆگی شیعر

دەوەن

**(ئەوەی توانای خۆی دەرناخا، دەبێتە پیاوێکی بەناوبانگ) لاوزی**

بڕوام وایە یەکێک لەهونەرە دروست و پڕ بەهاکانی دنیای شیعر، خوڵقاندنی هونەری دیالۆگە. (Dialogue) لەناو دەقی شیعردا، کە لەسەردەمەکانی دەوڵەتشاری یۆناندا، گەلێک لەفەیلەسوف و شاعیرەکانی یۆنان، بەمانا ئەدەبی و فەلسەفییەکەی، کاریان لەسەر کردووەو تا هەنووکەش جیهانییان لەتەک خۆیاندا، بردۆتە ناو گەورەترین پرسی لۆژیکەوە، بەتایبەتی ( پلاتۆ، ئەریستۆ، سۆکرات، هۆمیرۆس، گۆرگیاس، پرۆتاگۆراس ) و ئێستاشی لەگەڵدا بێت کار لەسەر دەقەکانیان دەکەن، . ئەریستۆ دیالۆگ بەهونەری قسەی جوان نرخاندووە. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی دیالۆگ بدەینەوە، دەبینین کە هەر لەسەرەتای کۆماری پلاتۆوە شاعیرەکان، بستێک ئازادیان بۆ نامێنێتەوە. لێرەشەوە شاعیران دەکەونە ناو درێژترین مێژووی بێدەنگییەوە، کە بیست و پێنج سەدە، پلاتۆ شاعیرانی تووڕدایە دەرەوەی ڕەخنە و دید و بۆچوونەکان. دواجار لە (هایدێگێر) دوە ئەم پەیکەری بێدەنگییەی شاعیران تێک دەشکێنرێت و سەرلەنوێ شاعیران دێنەوە ناو دیالۆگە ئەدەبی و فەلسەفییەکان. هایدێگێر بەجۆرێک نزیک بۆتەوە لە هۆڵدەرلین وەک ئەوە وایە لەناو ڕۆح و مانای شیعرەکانی هۆڵدەرلیندا هەناسە دەدات، بەردەوام لەتەک شیعرەکاندا لە وتووێژدایە (Zwiesprache) ئەمە بەو مانەیە دێت کە شیعر لەهەموو سەردەمەکاندا، خاوەنی لوتکەی باس و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بووە. بەبڕوای هایدێگێر، هۆڵدەرلین شاعیرێکە ( شاعیری شاعیران ) (der Dichter der Dichters ) شیعر،

نیشانە و دەنگێکە، نیگای مرۆڤ و جیهان لەناوەوەی خۆیدا دەبینێت.ئەم تێڕوانینەی هایدێگێر بایەخێکی ( Value ) گرنگی هێنایە بەرهەم بۆ دەقی شیعر.
هەروەک چۆن هۆڵدەرلین جێگەی بایەخی هایدێگێر بووە، بەو جۆرەش لە ئیستادا،

## شێرکۆ بێکەس، جێگەی بایەخی ئەم باسەی منە. ئەگەر کۆماری پلاتۆ دەوڵەمەنترین کتێبی دنیا بێت لە ڕووی دیالۆگی فەلسەفیەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس، تەژییە لە دیالۆگ،

دیالۆگە لەتەک ( نیشتمان، ژن، خوداوەند، ئایین، شۆڕش، سروشت، دایک، یادەوەریی،) لەناو گشت دێرە شیعرێکدا دیالۆگ بوونی هەیە و دەکرێ بڵێین کە وەک کۆمارێکی دیالۆگی شیعر لێی بڕوانین، دیوانی ( ئێستا کچێک نیشتمانمە ) ئەو دەنگە ئەفسووناوییانەیە کە مرۆڤ دەبێت، دێڕ بە دێڕ گوێ بنێت بەو دەنگانەوە کەلە پشتی دێڕاکانەوە دەیان بیستین، گوێبیستی چەند دەنگێک دەبین، کە هەمان ئەو دەنگانەن و هەمان مرۆڤ و ئاسمان و مێژووە، بەڵام لەدەنگ و چڕینی فۆنەتیکەکاندا جودایان هەیە، ئەوە شێرکۆ بێکەسە دەنووسێت، وەلێ لەپشتی دێڕەکانەوە مرۆڤێکتر و دەنگێکیترە کە شیعر دەخوێنێتەوە، ( من، ئەو، ئەوان، ئێوە ) شێرکۆ بێکەسە لە جیاتی گشتمان بە دەنگێکی هاوڕمۆنی ( Phonic Harmony ) بانگی نیشتمان دەکات.

( ئەی نیشتمانی بێ گوێچکەم !
تۆ ئەتەوێ هەر چۆنێک بێ و
هەرچییەک بیت
خۆشم بوێی ؟!
بەفربی یان قووڕ و لیتەو
هەتاوبی یان تەم و مژ
تەپ و تۆز بی و یاخود فەزایەکی بێگەرد
هەر وەکو یەک تەماشات کەم ؟!
هەرچۆنێ بی.. خۆشم بوێی ؟!
ببی بە ئەسپی قاچاخچی و باری تلیاک و
هێرۆین بێنی و بەری .. خۆشم بوێی ؟ ! )



شاعیری کۆچکردوو شێرکۆ بێکەس

**شێرکۆ بێکەس، مرۆڤێکە لەناو ڕۆحی هەمووماندا دەژی، دەنگی ئەو دەنگی هەمووماندا، لەمێژە بەو هەستەی نیشتمانی زانیوە، کە وەک مرۆڤێکی دەردەدار پاڵکەوتووە و مەحاڵە بەم زووانە قوتاری بێت! چ نیگەرانییەکە، ڕووخسار و وێنەی نیشتمان دەگۆڕێت بە مرۆڤێکی ڕمووزن، ئاخر زۆرجار تووڕەبوونی شاعیرێک، جوانی بە ژیان و بە شیعر دەبەخشێت.**

( لە ئێستەدا
دەم وچاوی نیشتمان
لە دەم و چاوی پەنجەرەیەکی چڵکن ئەچێ !
کە بەردەوام داخرابێ و
گرژ و مۆن و ساڵی جارێک پێنەکەنێ ! )

پرسێکی ئێجگار قووڵە، کاتێک خوێنەر ئەم دێڕانە دەخوێنێتەوە، ئیدی ناتوانێت خۆی لەبەرامبەر ئەو پرسانەدا کڕ و بێدەنگ بکات. بەڵام ئایا خوێنەر چی پێییە بۆ قسەکردن ؟

لەبارەی ئەم دێڕانەوە چی بنووسێت ؟ کەوتنە داوی ئەم پرسانەوە، کارێکی دەگمەن کارە، بەو مانایەیی جگە لەڕاڤە و نووسین، هیچ مانایەکیتر جێگیر نابێت. بینینی نیشتمان لەڕووی ( دەروونناسی ) سایکۆلۆژییەوە، پرسێکی فەلسەفیانەی جێگیرە، کە خودی شاعیر وەک خستنە ڕووی ڕووخساری نیشتمان بە مرۆڤێکی ڕمووزن و لووتبەرز، هەمان ئەو دەرد و نەخۆشییانەمان بیر دەخاتەوە کە ( دۆستۆیڤسکی ) لەناو ڕۆمانەکانیدا ئاماژەی پێکردوون، ڕۆمانی ( یادەوەریی خانەی مردووان ) دەنگێکە هەموو دەستەڵاتی ڕووسیا و قەیسەر و ( نیکۆلای یەکەم ) ی خستە ژێر پرسیارەوە، بەجۆرێک کە لەدوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکەوە، زوربەی هەرە زۆری زیندانیان ڕزگاریان بوو، دەکرێ بڵێین کە دۆستۆیڤسکی یەکەمین نووسەر و ڕۆماننووس بووە کە زانستی دەروونناسی هێنایە ناو دنیای نووسین و ڕۆمانەوە. لەزاری شاتوڤەوە پاڵەوانی ڕۆمانی شەیتانەکان ( ڕقم لەو کەسانە دەبێتەوە کە دوژمنی ژیانی ڕاستەقینەن ) بەهەمان جۆر شیرکۆ بێکەس، تووشی ئەو نائومێدییە دەبێت کە دەستەڵات خوڵقاندوویەتی بۆ مرۆڤی کورد و نیشتمان و مێژوو.! شێرکۆ بێکەس، یەکەمین شاعیری کوردە، کە توانیویەتی دەروونی حوکمڕانی سیاسیی و ئابووری مرۆڤی کورد، بخاتە ژێر پرسیارەوە، شیعرەکانی شیرکۆ بێکەس، فرە دەنگە، لەناو دەقەدا ( Text ) فەزایەک بۆ فراوانکردنی خەیاڵی خوێنەر دروست دەکات.

( ئەم نیشتمانە پیرە ئەوەتەی هەیە
ددانی بە یەک گوناهی خۆیدا نەناوە.
قەت نەیوتووە :
یەک جۆگەی لێڵم هەبووە یان ئاوێنەیەکی درۆزن.
یەک گوڵی سیسم هەبووە یان بۆنێکی ناخۆش.
یەک ئەسپی نەخۆشم ڕاگرتووە یان جاریێ گلاوم.
یاخود ئەو بەڵێنەم کوێر بووە.
ئەو مێژووەم شەل و گێڕ بووە.
نا .. نا ئەم نیشتمانە پیرە
ڕۆژێ لە ڕۆژان نە خوار و خێچ ڕۆیشتووە و
نە سەرسمێکی داوە و
نە قسەیەکی پیس و پۆخڵی کردووە !
نا .. نا .. نا
ئەو بەردەوام خودا بووە ! )

یەکێک لەجوانترین ئەخلاقەکانی خوێندنەوە، ناسینی خودی مرۆڤ خۆیەتی بۆ ژیان، شێرکۆ بێکەس لەو شاعیرانەیە کە لەڕێگەی دەقی شیعرەوە، هەر هەموومان دەبات بۆ ئەو جێگە دوور و نزیکانەی، کە لەخەیاڵی دەرەوە و ناوەوەی ئێمەدا، بوونی هەیە و بەسانایی هەست بە وێنە و ماناکانی شیعر دەکەین. بەردەوام وەک گەڕیدەیەک بەدوای نیشتیماندا دەگەڕێ، لەدووی ئەو پرسانەیە کە تەنیا خودی خۆی دەزانێت، سۆراخی چی دەکات، شیعر بەدوای شاعیردا دەگەڕێ، چاوەکانی کردۆتەوە و لەناو ڕستە شیعرییەکاندا بە شوێن ڕاستە ڕێی شەقامێکدا دەگەڕێ، تا شاعیر تیایدا بحەوێتەوە، ئەم منەکردنە گەڕانێکی جاویدانەیە بە دوای نیشتیمانێکی نوێدا، شاعیر لەڕابووردودا بەردەوام بەعیشقەوە، توینێتی شیعری بە نیشتمان شکاندوە، وەلێ ئێستا بەشوێن بستێک زەوی ئازادیدا دەگەڕێ، تاکو سوێندی شاعیرانەی پێ بخوات، شاعیر دێڕ بەدێڕ وەک شانۆکارێکی بە ئەزموون، شانۆیی ئەو ڕووداوانە نمایش دەکات، کە دەخوازێت پێناسەی نیشتمانمان بۆ بکات، ئەو دەپرسێ ئایا نیشتمان چییە ؟ خوداوەندە، ژنە، ئازادییە ؟ یان گەڕانەوەیە بۆ کاتە بەسەرچووەکان! لەدواییدا پێمان ئێژێت:

( ئێستە و ئەوسایش من نەمتوانی
بۆ چرکەیەک بۆ خولەکێک
قسە لەگەڵ ئەو نیشتمانە پیرۆزەی
باوکما بکەم ! )

## گێڕانەوە و هێنانە قسەی شیعر و وێنەی باوک و نیشتمان، ئەو خاسێتانەمان نیشان دەدات، کە هەموو دێڕێک درکاندنی نهێنییەکی تری شاعیرە، لەناو دیالۆگی شیعردا. یادەوەریی و گەڕانەوە بۆ منالی، چرکە ساتی پرسەکان لەزاکیرەی شاعیردا قوڵتر دەکات،

شۆڕبوونەوەیە بۆ ئەو نیشتمانەی کە لای باوک پیرۆز ( Sacred) بوو، خەیاڵی شاعیر بەو جۆرەیە، ئەو دەزانێت لەسات و کاتی لەدایک بوونماندا، ئەو کاتەی هیچ جۆرە زمانێک وەک قسەکردن نافامین، بۆ تێگەیشتنی دەوور و بەرمان و ناساندنی وجودی خۆمان، پەنا دەبەینە بەر گریان و خۆمان بە دەورو بەر دەناسێنین و لێرەشەوە، یەکەمین دیالۆگی ئێمەو کەسە نزیکەکانمان دروست دەبێت و خۆمان دەناسێننین، ئیدی لێرەوە دیالۆگ وەک سەرەتایەک دەست پێدەکات و بە گریان و جوڵەی جەستەمان هەست بە بوونی خۆمان و دەورو بەر دەکەین. ژیان گوزەرێکە بەناو پێکەنین و گریاندا، لەدایکبوون سەرەتا و دروستبوونی گریانێکە، هەموو کائینێکی ئەم تۆپە زەوییە بە (نێر و مێ)وە لەیەکەمین چرکە ساتی هاتنماندا چاوەڕێمان

دەكات، ئاخر گریان بۆ خۆی هەندێ جار جوانییەک دروست دەكات، كە تەنیا مرۆڤە ژیرەكان لەگریان و پێكەنین حاڵی دەبن، چەند مەزنە ئەو دەمانەی ڕۆمانووسێک بەدیار كارێكتەری ڕۆمانەكەیەوە هۆن هۆن فرمێسكی بۆ دەڕێژێت، ئەدیبەكان و شاعیرەكان، هەمیشە و بەردەوام گریان، میوانی سەرمێزی نووسین و پەڕەكانیانە، ئەگەر گریان نەبوایە پێكەنین دروست نەدەبوو، هەر گریانیشە مرۆڤ بەرەو دونیایی داهێنان دەبات. ئەو گوزەرەی كە گریان هەنگاوی بۆ دەنێت، ماڵی لە ناخی مرۆڤە پاكژەكاندایە.

( تۆ نیشتمان ..!
ئەم سرووده چی لێبكەم؟!
ئەگەر هێناوتە بۆ ئەوەی وەک هەموو جار
لە جێگەی نان، قسەی سەوز و سوورم باتێ
بیبەرەوە ! با شاخ و داخ گوێی لێبگرێ !
ئەگەر هێناوتە بۆ ئەوەی
لە باتی ماڵ، لەبری كار، لە جیاتی ژن
بەڵێنی بێ قاچم باتێ
بیبەرەوە، با كورسییەكانی پەرلەمان
گوێی لێبگرن ! )

شێركۆ بێكەس لەدیالۆگی شیعردا، جوانی و بەهرەی ڕەب بەدەقی شیعر دەبەخشێت، شیعری جوان هەستێكی بەرزی تاقانەی شاعیرە، هیچ خوێنەر و ڕەخنەگرێک ناتوانێ ئەزموونی شاعیر لەجوانی زماندا نەبینێت. شیعری دروست و پڕمانا، هیچ جۆرە سنوورێک پەسەند ناكات، بەڵكو ئەوە خودی شاعیرە تەنیا بیر لەداهێنان و ئەزموونی نوێ دەكاتەوە، ئەم جۆرە ئیشكردنە بۆخۆی مانای خوڵقاندنی زمان و دیالۆگە لەشیعردا، هایدێگێر وتەنی ( مرۆڤ دیالۆگە ) بەبڕوای من زمانی نووسینی هەر شاعیرێک دەبێت لەڕووی دنیای داهێنانی زمانی شیعرەوە تاوتوێ بكرێت و ڕاڤەی دروستی لەبارەیەوە بكرێت (كیركە گۆرد) وتەنی ( ئەو كەسەی كە دەیەوێت شاكار دروست بكات، دەبێت باوكێک بۆ خۆی بخوڵقێنێ ) ڕستە شیعرەكانی شێركۆ بێكەس، لەنووسین و خوێندنەوەدا، دەتوانین لەناو دەنگە موزیكەكاندا بیاندۆزینەوە وەک (مۆدەراتۆ Moderato ، پریستۆ presto، ئاداجیۆ Adagio) ئەلێساندرۆ باریكۆ وتەنی ( ئەو پیانۆیەش پیانۆیەكە خوا دەیژەنێت ) بڕوام وایە شیركۆ بێكەس مرۆڤێكە سروشت و خوداوەند بۆ شیعر خوڵقاندویانە، ئەم دروست بوونە بە تەنیا بۆ شیعر نییە، بەڵكو بۆ نوێبوونەوەی دنیای شیعر و سەنگینكردنی زمانی كوردییە. كتێبخانەی كوردی بە بێ دیوانەكانی شێركۆ بێكەس، كتێبخانەیەكە بێ ڕەنگ و بێ زمان.

( کەلاوەی قوتابخانەیەک
هاواری کرد :
چەندین وەرزە نانی بەڵێن
بە هەنگوینی خەیاڵەوە ئەخۆین .
چەندین ساڵە
دروشم و شیعر و بانگەشە و
پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامە و
سروودی تازە و کۆن ئەخۆین !
شەقامێکی ماندوو وتی :
بە دەنگی پێی ڕێبواراندا
سکی خاڵیی و سکی تێری
ئەم زەمانە لە یەکتر جوێ ئەکەمەوە
دەنگی قاچی سکی خاڵیی
بە حاڵ ئەگاتە گوێچکەم و
دەنگی قاچی سکی تێریش
هێندە قوورسن، ئەم لەرزێنن !
تەنەکەی بەردەمی دەرگای
ماڵە قوڕێ
وتی شەوێ
تەنیا بە یەک پژمینی خوا
ئیتر من چووم بە ئاسماندا و
نەهاتمەوە و لەو شەوەوە
هەتا ئێستا
من بە دەوری
سەر زەمیندا ئەخولێمەوە
بەرمیلی بەردەمی دەرگای
تەلارە ماڵێکیش وتی :
هەر بە تەنیا پاشماوەکەم هێندە قوورسە
بە گەڕەکێکی برسێتیی هەڵناگیرێ ! )

شێرکۆ بێکەس لەو مرۆڤە ڕۆشنبیر و بە ئەزموونانەیە کە توانیویەتی لەڕێگەی نووسینی زەغرەفییەوە چنینی ڕستە و بەهای گێڕانەوەی ( مێژوو، زمان، میتافۆر ) لەناو دەقی شیعردا بەجۆرێک چێبکات، کە مرۆڤ دەتوانێ بەسانایی هەست بەم دنیا دەوڵەمەندەی شاعیر بکات، شیعر ئەو کاتە سەرهەڵدەدات، کە شاعیر شارەزاییەکی باشی لەمێژووی ناسنامە Identiy (ئاین، ئینسان، فەلسەفە، زمان) هەبێت بێ ئەم حیکمەتانە شیعر دروست نابێت، ئەگەر دروستیش بوو ئەوا بێ گومان و بیرکردنەوە، پێی ناوترێ شیعر! ڕەنگ و وێنە، دوو جەمسەری پێکهاتەی گرنگی داهێنانەکانی شیعری شاعیری ناودار شێرکۆ بێکەسە. ئەو هەمیشە و بەردەوام وەک مێژوونووسێک ( Historian)و وەک فۆتۆگرافێک وێنەی شیعر دەگرێت.

( پێنجەم شەو)

( شەوانیتر بەدەم درۆی

سەوز و سوور و

بەڵێنی ترش و شیرینی

ئەو نیشتمانەی خۆمەوە

نیگاکانم ئەچوونە خەو.

کە ئەنووستم خەونەکانم لەناو خەودا

ئەهاتە دی .

بەڵام وەختێ کە بەیانیان هەڵئەسام و

چاوەکانم ئەکردەوە

جگە لە تراویلکەیەک

ئیتر من هیچم نەئەدی ! )

دنیای وێنەکێشان بەتەنیا وێنەکانی سرووشت و دەرەوەی مرۆڤ نین وەک (بەرد، شاخ، دارستان، ڕووبار) بەڵکو خاسیەتی هەرە گرنگی مرۆڤی شێوەکار وێنەکێشانی ئەو خەیاڵانەن کە لەفیکر و عەقڵەوە دێتە خوارێ و لەچوار چێوەی تابلۆیەکا ڕەنگڕێژی دەکات، پەیوەندی نێوان ئەدەب و مۆڕاڵی ئەدەبی دوو چەمک و دوو پێکهاتەی جودان لەناو دەق و تێکستە ئەدەبییەکاندا، ئاماژەی دەق شتە نەبینراوەکانی دەرەوەی ئەدەب و پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەق لەناو تێگە دروستەکاندا خۆی دەنوێنێ، نموونەی زۆرمان هەن کە دەکرێ قامکیان لەسەر دانێین ( بۆدلێر، ڕامبۆ ) لەدەرەوەی دەقدا تێکشکانی مرۆڤی ئەدەبی دەبینین، کاتێک دەقەکان دەخوێنینەوە، ئامادەگی ئەو تارماییانە دەبینین کە نووسەر خالقیەتی، بەجۆرێک کە هەست دەکەین نووسەر خاڵی گەیاندنی بەستنەوەی دەقە، لەنێوان چەمک و مۆڕاڵی ئەدەبدا. گادامیر وتەنی ( ئێمە ئاسۆی ئێستای خۆمان لەگەڵ ئاسۆی ڕابردوو پێکەوە دەبەستین و تێکەڵاوی دەکەین ) خەسڵەتی هەرە گرنگی دەق، بەجێ هێنانی کرانەوەی دەقە، بۆ بینینی

واتای دەق، هەموو دەقێک لەنێوان زمان و ئێستاتیکادا دەردەکەوێت، کە کەشفکردنی دیاردە و تارماییەکانی دەقە ، دەکرێ بڵێین ( کازانتزاکیس ) خوڵقێنەری شتە نەبینراوەکانە لەبوونی کەسێتی ( زۆربادا ) ( ژاک دێریدا ) لەدوایی (ئەریستۆ)وە میتۆدی هەڵوەشانەوە دێنێتە دونیای ئەو دەقانەوە کە خوێنەر بەئاستەم دەیانبینێ. لەلای شێرکۆ بێکەس، گەڕانەوە بۆ کات، گەڕانە لەدووی شتە نەبینراوەکان، گەڕانەوەیە بۆ (کانت) ئاوڕدانەوە لە کانت، هەڵگری دیدی ڕەخنەگرانەی کانت دەسەلمێنێت، ئەم گەڕانەوەیە، دیدێکە گەڕانەوەیە بۆ (من Ego) ی شاعیر، ژبەر هەندێ دەخوازێت شتەکان وەک خۆی ببینێت، کە ئێستایە.

**( ڕۆژێ بەردێکی خزمی نیشتمان**
**بە کانییەکی نەناسراوی ووت :**
**ئەبێ لەو دەشتەدا بۆم بنووسی**
**کە من لە تۆیش ناسکترم !.**
**کانییەکە ووتی : من هەرگیز درۆی وا ناکەم**
**بەردەکە پێی ووت : ئەتکوژم.**
**¬_ بشمکوژی من هەرگیز درۆی وا ناکەم .**
**بەردی نەگریس خۆی خل کردەوە**
**هەتا سەردەمی کانییەکە و**
**نەیهێشت کانی هەناسە بات هەتاکو مرد !)**

ئەم دەقە لەسەرەتاوە تا کۆتایی، کۆمەڵە تابلۆیەکە، شاعیر بەموتیڤ ( Motiv) (ڕووداو، شوێن، کارئەکتەر، شتە نەبینراوەکان) وەک شێوەکارێک لەڕووی ( فۆرم Form) و هەستەوە (Sense ) وێنەیان دەکێشێ، بەهەمان جۆر شانۆکارێکە لەناو دەقدا، نمایشی شیعر دەکات. بێدەنگی بە شیعر دەشکێنێت (Silence ) بەزمانێک دێتەگۆ کە دەکرێ وەک زمانی گاڵتەئامێز ( Irony) تەماشای بکەین. گاڵتەئامێز بەو مانایەی کە لەڕووی فکر و ناوەرۆکە مەبەستی شاعیر ڕووبەڕووبوونەی شتە نەبینراوەکانە، بەڵامەکی لەماناو ناوەرۆکدا، داهێنانێکی نوێیە لە شیعری کوردیدا. شێرکۆ بێکەس شاعیرێکە، بە وشە نیشتمانێک دەکات بە باخی شیعر!

## خێزگەکان:

١ ــ ئێستا کچێک نیشتمانمە، دەقی والآ، شێرکۆ بێکەس. ٢٠١١
٢ ــ لاو زی، زنجیرە کتێبەکانی پێش فەلسەفە، وەگێڕانی: ئەبوبەکر سالّح ئیسماعیل.
٣ ــ ڕێبازەکانی ڕەخنە، ئایان ماکلین، وەرگێڕانی : عەتا قەرەداخی.
٤ ــ ئەدەبی بەراوردکاری، محمد عەبدولسەلام کەفافی، وەرگێڕانی: هەژار ڕەحیمی.
٥ ــ نزعه إلى الموسيقى, حكايات الموسيقى و الدماغ. أوليفر ساكس. ترجمه: رفيف كامل غدار ٢٠١٠
٦ ــ مارتن هيدجر. انشاد المنادى. قراوه فى شعر هولدرلن و تراكل. تلخيص و ترجمه.بسام حجار. المركز الپقافى العربى. الطبعه الاولى. بيروت..١٩٩٤.
٧ ــ جوليا كريستيفا. علم النص. ترجمه : فريد الزاهى. مراجعه : عبدالجليل ناڤم. دار توبقال للنشر. الدار البيچاو. الطبعه الثانيه. ١٩٩٧.
٨ ــ دۆستۆیڤسکی، لە قومارچییەکەوە بۆ پێغەمبەرێکی گەورەی ئەدەب، ئەردەلان عەبدولّا. ٢٠١١.

مەحمود نەجمەدین



# شکانی لقی درەخت وەک شکانی قاچی مرۆڤ بەئازارە
## سوهراب شیعرێکە ناسکتر لە باڵی پەپولە

نووسەری سەرکەوتو ئەو کەسەیە کە بەراستی هەوڵ دەدات گیانداران رزگاربکات و مرۆڤ گەر لەژیاندا تووشی دەردەسەری و عەزاب بێت لەناوکاغەزدا رزگار ناکرێت. گرنگ ئەوەیە لە ژیانی راستەقینەدا فریارەسی مرۆڤ بین نەک لەنووسیندا. یاخود هەر نەبێت ئەوەی دەینووسین و ئەوەی لەدڵماندایە چوون یەک بێت. نەک لەنووسیندا فریارەس بین وله واقیعدا رۆح کوژبین. سوهراب سپهری یەکێکە لەشاعیرەگەورانەی کە هەم بەژیان و هەم بەنووسین عاشقێکی راستەقینەی جوانی و حەقیقەت و عیرفان بووە. ئێمە لێرەدا شەرح و تەفسیری شیعری سوهراب ناکاین. بەڵکو لەبارەی مرۆڤ دۆستی رۆح دۆستی سوهرابەوە دەدوێن، ئەو شاعیرەی کە عەشقی جوانی و ناسکی و ئارامی بووە. سوهراب موسافیرێک بووە بەدنیای عیرفان و جوانی و حەقیقەتدا. لەشیعرەکانیدا گرنگی بە رەنگ و سروشتداوە. ناسکانە دەینووسی وبەجۆرێک کە ئازاری باڵی پەپۆلە و دڵی ئینسانی وەک یەک بینیوە. زمانی سوهراب زمانی سروشت و فیکر و عیرفانە. عارفێکی گەورەیە و ئاینی ئەو مرۆڤدۆستی رۆحدۆستییە. گەشتەکانی بۆ هند و چین و ژاپۆن و ئەمریکا پڕاوپڕبوون لە مەعریفە و زانست و وردەوردە فێر بووە و ئەوەی فێر بوو ئەوەبووە کە مرۆڤ نابێ توند وتیژ بێت و نووسین لای ئەو هەڵەشەیی و کەف و کوڵ نەبووە

و تورەبوون و جوێن دان نەبووە. بەپێچەوانەوە ئەو بۆ تورەبوون و تاوانیش زمانێکی هێمنی هەبووە و بەئارامی جوانی بەخشیوە و جوێنەکانی لەلێوەکان کۆکردوەتەوە. و مردن و ژیانی تێکەڵ کردووە و لە مردندا ژیانی دۆزیوەتەوە. مردنی کردووە بەخاڵی دەست پێ کردنەوە. ئەم شاعیرە سوفییەکی مەزن بووە و عاشقی عیرفان بووە و بۆ باخی عیرفان گەشتی کردووە. کاتێ شیعرەکانی و سەرهاتی ژیانی دەخوێنینەوە دووروویی و دوو فاقی بەدی ناکەین چونکە ئەم مرۆڤە درۆی لەگەڵ خۆی نەکردووە و شیعر و ژیانی تێکەڵ کردووە لە پێناوی جوانی و ئارامیدا ژیاوە. لەژێر تیشکی چەند رستەیەک لەشیعرەکانیدا مرۆڤ دۆستی و جوانی ناسی شاعیر دەبینین. شاعیر لە شیعری ئاو دا دەڵێ

با ئاوەکە لیخن نەکەین
پێدەچێت ئەم ئاوە زولاڵە، بچێتەوە قەد سپی دارێ
تا خەمی دڵێک برەوێتەوە
ئەشێ دەستی دەروێشێ نانێکی وشکی پێ تەرکا.

ئەمە ئەو پەڕی جوانی و ناسکی مرۆڤێکە کە بەجۆرێک عاشقی ژیان و مرۆڤە بیرلە کێشە بچووکەکان دەکاتەوە وپێی وایە ئەگەر گوناهی بچووک نەکرێت گوناهی گەورەش روونادات. ئەوە ئەو پەڕی مرۆڤ دۆستییە. سوهراب پێمان دەڵێت ئەگەر بتوانی رووبارێک لیخن بکەیت ئەوە دەتوانی دنیا وێران بکەیت، ئەگەر لقی درەختێک بشکێنیتەوە دەتوانی رۆحی مرۆڤێکیش بکوژی. کێ وابیردەکاتەوە!؟ ئەوە ئەو پەڕی عەشقە، ئەوپەڕی عیرفانە کە تۆی مرۆڤ درک بکەیت ئاو رۆحی هەیە و درەخت رووحی هەیە. کاتێ مرۆڤ رێگا بەخۆی دەدات ئاژەڵ بکات بەقوربانی گەدەی خۆی ئیتر رێگا بەخۆی دەدات مرۆڤیش بخوات. کاتێ بتوانی پێ بە جەستەی مێروولەیەکەوە بنێی و بیرلە ژیانی نەکەیتەوە سەرئەنجام ئەگەر بۆت بلوێ دەبیت بەهیتلەر. سوهراب شاعیری رۆشنایی و جوانی و عیرفان بەباشی لەبوون حاڵی بووبوو، بوونی هەمووشتێکی بەقەدەر بوونی خۆی بەلاوە گرنگ بووە. ئەوەتا لەشیعری رۆشنایی، من، گوڵ ، ئاو  دا دەڵێت

ئەزانم گیایەک هەڵکەنم ئەمرم
من پڕم لەنوور و لم
پڕم لەدارو درەخت

**سوهراب ژیانی خۆی و گیایەک بەیەکەوە گرێ دەدات و ناتوانێ چڵە گیایەک هەڵکێشێ چونکە رەگەکەی ئەوەتا لەناو رۆحی خۆیدا، هەست بەبوون و گرنگی و ژیانی گیایەک دەدات.**

کێشەی بوون ئەوەیە کە مرۆڤی وەکو سوهراب کەمە رۆحە شەڕانگێز و کاولکەرەکان زۆرترن لە رۆحە ناسک و جوانەکان. سوهراب وا بیردەکاتەوە کە هەموو شتێک ژیانی خۆی هەیە و تایبەت مەندی خۆی هەیە. کێ چووزانێ درەخت کاتێ لقێکی دەشکێنیتەوە هێندەی شکانی قاچی مرۆڤ ئازاری نییە. ئەوەی قاچی سەگێک دەشکێنێ بیردەکاتەوە لەقاچی خۆی!؟ ئەوە تەنها بیرکردنەوەی سۆفییە راستەقینەکان و عارفەگەورەکانی وەک سوهرابن کە بیر لە وجودی هەموو شتێک دەکەنەوە. لەشیعری پەیامێک بەرێوە سوهراب دەڵێ

چی جوێن هەیە، لە لێوەکان ئەچنمەوە

شاعیر دەیەوێت زمان تەنها بۆ جوانی و عەشق بێت. لێوەکان پڕ دەکات لە زەردەخەنە و جوانی و عەشق و وشەی شیرین و جوێنەکان و قسە ناشیرینەکان لە رۆح دەردەکات و لە سەر لێوەکان دەیچنێتەوە، ئەو دەیەوێت لە بەردیش حاڵی بێت چونکە پێی وایە بەرد پڕە لەجوانی. بەرد بۆ شەڕنییە و بۆ ئەوە نییە ئازاری مرۆڤی پێبدرێت. کێ وەک سوهراب لە بەرد حاڵی بووە!

لەشیعری غوربەت دا دەڵێت

مانگ لەدەفری خەیارەکەی سەردەمی گۆزەئاوەکەدا ئەدرەوشێتەوە


بۆقەکان ئەقیرێنن.

شاعیر لەدێڕی یەکەمدا نیگار دەکێشێ نیگاری سروشت سروشتی مانگ لە دەفری میوەدا و لەدێڕی دووەمدا مۆسیقا دەبیستین ئەویش قیرە و دەنگی بۆقە، کە بەلای زۆرکەسەوە بۆق وەک سەگ پیسە و شاعیر باسی مۆسیقای بۆق دەکات. لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا دەنگی پێی ئاو شاعیر دەڵێت

کەعبەی من لە قەراغ ئاوە

حەجەر ئەسوەدی من رۆشنایی باخچەیە

باخەکەمان لای سێبەری داناییەوەبوو



بیر و فیکر و ئاینی سوهراب کە لەشیعرەکانیدا دەبینرێ و درکی پێ دەکرێت بیر و فیکری سروشتە ئاین و بیروباوەڕی ئەو سروشتە. پیس کردنی سروشت گوناهی گەورەیە و کوفری گەورەیە. سروشت بۆ ئەو باخی عیرفان و مەعریفەیە. هەر لەو شیعرەدا دەڵێت

قیتارێکم دی سیاسەتی ئەبرد و چەند بەتاڵ ئەرۆیی/

کوشتنی داربییەک بەدەستی دەوڵەت/


من نەمدیوە دووسنەوبەر دووژمنی یەک بن /

شاعیر دەیەوێت بڵێت سیاسەت دنیایەکی ناشیرینە و خاڵییە لەجوانی و سیاسەت ئیش لەسەر ناشیرین کردنی جوانییەکان دەکات و دنیای جەنجاڵی و درۆ

و شەڕو کێبڕکێیە و جوانی ئەوەتا لەسروشت و لە عیرفاندایە. ئەو دەیەوێت بڵێ درەختەکان شەڕناکەن و دووژمنی یەک نین بەڵام مرۆڤەکان شەڕدەکەن و سیاسەت دەکەن و دژی یەکن و یەکتری ئازار دەدەن. هەر لەشیعری دەنگی پێی ئاوادا دەڵێت
بۆچی ئەڵێن ئەسپ ئاژەڵێکی نەجیبە کۆتر جوانە
بۆکەس لەقەفەسدا داڵ راناگرێ
گوڵی وینجە چی لەگوڵاڵە سوورە کەمترە
شاعیردڵێکی ناسکی هەیەو جیاوازی لەنێوان رووەک و ئاژەڵەکانیشدا ناکات. دەیەوێت هەموو رووەک و گوڵەکان وەک یەک سەیربکات. جوانی دەدات بەهەموو رووەکێک و هەموو ئاژەڵێک جوانە.

## سوهراب یەکسانی خوازە و درک بەجوانی هەموو ئاژەڵێک دەکات و رووەک و گوڵەکانیش هەموو جوانن و بەدرکیشەوە. ئەمە تەسەوفی راستەقینەیە و عەشقی راستەقینەیە.

ئەمە راستگۆییە. شاعیر لەسەر کاغەز و لەسەر زەوی یەکبیرکرنەوەی هەیە. ئەوەی لەسەرکاغەز بۆ ئێمەی نووسیوە و بەجێی هێشتووە هەر ئەوەشی کردووەبەفەلسەفەی ژیان.



# ئەدەبی ژن

هێرۆ کوردە

داهێنان هیچ کات پێشوازی لە دابەشبوونی بایەلۆژی ناکات چ لە بواری ئەدەبی و چ لە هونەر، چونکە دواجار هەموو ئەم داهێنانە بەرهەمی ئینسانین نەک جیاکاری جێندەری، پێویستە ژنانیش پێشوازی لەم دابەشبونە نەکەن و لە یەکەمین بەرهەڵستکارەکانی ئەم فیکرە بن کە دەڵێن ئەدەبی ژن یاخود ئەدەبی ژنانە چونکە هیچ هۆکارێک نیە بۆ قبوڵکردنی و دەستەواژەکانی ئەدەبی ژنانەو ئەدەبیاتی ژن و دەقی ژنانە و شتی لەم جۆرە مایەی قبوڵکردنین لە ئەدەبدا.

لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئەم جۆرە دابەشکردنە رەت دەکەینەوە بەڵام دەبێت بپرسین هۆکاری ئەم جیاکاریە چییە ؟ هۆکارەکە رەگەزی نووسەرە یاخود خوێنەری دەقەکانە کە دەڵێن ئەم دەقە بۆ خوێنەری ژنەو ئەمەی دی بۆ پیاوانە، ئاخۆ دەکرێت بڵێین گۆرانیەکانی گوڵبەهار تەنیا بۆگوێگری ژنە ؟ دەقەکانی فروغ تەنیا بۆ خوێنەری مێینەیە؟ لەبەر ئەوەی خولقێنەری ئەم داهێنانانە مێینەن؟ فلانە ژن بۆ ژن و کێشەی ژن و خەمی ژن دەنوسێت و دەبێت تەنیا ژنان پێشوازی لێبکەن و بەجدی وەریبگرن و دیوارێک لەنێوان هەردوو رەگەز دروست بکرێت، لە کوێش؟ لە ئەدەبدا.

لە راستیدا خودی ژنان خۆیان دەستیان هەبوە لە دروستکردنی ئەم جیاکارییەو جۆرێک لە خەباتیشیان بۆ کردووە، چونکە بزوتنەوەکانی ژنان دەستیان گەیشتوەتە ئەدەبیش کاتێک

بەناوی مافی ژنەوە داوای مافی مرۆڤبونی خۆیان کردوە زەبریان لە مافەکانیان و خودی خۆشیان داوە چونکە وتویانی « مافی ژنان « لەکاتێکدا ئەو مافانەی ئەوان داوای دەکەن مافی مرۆڤبونە نەک بایەلۆژی، لە ئەدەبیشدا هەمان شت روویدا کاتێک داوایان کرد وتاری ژن جیاواز بێت لە وتاری پیاوان و ژنان خاوەنی وتاری سەر بەخۆی خۆیان بن و دەقی ژنان جیا بکرێتەوە تاکو ماف خوراو نەبن، هەر ئەم ژنانەی بەناوی مافی ژن و بزوتنەوەی ژنان و فێمێنست کاریان کرد ئەدەبیان لە بەرهەمێکی ئینسانی سەر بەخۆ گواستەوە بۆ بڵندگۆ و لەوێوە داوای مافیان کردو شەرێکی سارد دەستی پێکرد دژی ئاین و دەسەڵاتی بنەماڵەو خێزان و تەنانەت دژی پیاوان و ئیدی دەقە ئەدەبییەکان بووە مەیدانی یەکلاییکردنەوە و هەر ئەمەش بووە یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبونی ئەدەبیی جێندەری لە کاتێکدا خەباتکردن بۆ یەکسانی و وەرگرتنەوەی ماف نەکاری شیعرەو نە شیعر شوێنی ئەو جۆرە خەباتەیە.
خودی ئەو ژنانەو بەشێکی زۆر لە رەخنەگرانی ناوداری جیهانی ئەوەیان بیرچو کاتێک ژن دەنوسێت مرۆڤەو وەک مرۆڤ دونیا بینی خۆی باس دەکات نەک وەک ژن و یەک یەک ئەندامەکانی خۆی بژمێرێت و بیان نوسێتەوە و کار بۆ تۆخکردنەوەی رەگەزی خۆی بکات.
لە پشتی ئەم جیاکاریە و رەتکردنەوەیدا هەندێ شەپۆلی ژن هەن لەوانە«
شەپۆلی ژنانی رادیکاڵ

**ئەم ژنانە داوای یەکسانی ژن و پیاو دەکەن و دەزانن کە بوونی جیاکاری کارێکی گەمژانەو ناماقوڵە و جیاکاری بایەلۆژی لە ئەدەبدا بەهەموو جۆرێک رەت دەکەنەوە و بەهیج کلۆجێک پێشوازی لەوەها کار و ناونانێک ناکەن.**

شەپۆلی ژنانی لیبراڵ
ئەم شەپۆلە داوای جیاکاری دەکەن و داواکارن نەک هەر وتاری ژن بەڵکو کۆمەڵگەی جودای ژن « ئەمازۆنی « دروست ببێت و لەگەڵ هەمو جۆرە جیاکاریەکدان و دەقی ژنان و ئەدەبی ژنان بۆ ئەم شەپۆلە جێی شانازیە، بێگومان ئەم شەپۆلە لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردو بەتەواوەتی شکستی هێناو توایەوە.
شەپۆلی ژنانی مارکسیست
ئەم شەپۆلەش بەجۆرێک لە جۆرەکان باس لەجیاکاری دەکەن و مەسەلەی ئابوری و سەربەخۆیی ژن دەهێنە مەیدان بەڵام لە بابەتی ئەدەبدا دەستیان سوک کردوەو کەمتر جەخت لەسەر جیاکاری دەکەنەوە.

بێگومان بیرمان نەچێت تەوژی ژنانی رەشپێستیش دروست بوو کە نووسەرانی رەشپێست داوای ئەدەبیاتی تایبەت بە ئاریشەکانی ژنانی رەش پێستیان کرد و لە نوسینەکانیاندا باس و خواسی ژیانی ئەو ژنانە تەوەری سەرەکی دەق بوو لەگەڵ ئەوەشدا پێشوازیەکی زۆر لەم جۆرە ئەدەبە کراوە بەهۆی ئەوەی ژنانی رەش پێست هەمیشە لە پەراوێز دا بوون تارادەیەک نەناسرابوون و ئەم جۆرەی ئەدەب هاوکاریکردن بناسرێن و شێوە ژیانیان لە تاریکەوە بێتە بەر رووناکی بەڵام تا شوێنی پێویست.

لە تەواوی قوتابخانە ئەدەبییەکاندا بەیەک دێریش باسی ئەدەبیی ژنان و ئەدەبی پیاوان بوونی نیەو بەتەواوەتی خۆیان لەم مەسلەیە دوور گرتوە، چونکە ئەدەبیات کارێکی ئینسانیە و هەر بۆ ئەم مەبەستەش کار دەکات و کاری ئەدەب تەنیا لە پێناو ئەدەب بووە نەک مەیدانی یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی و شەرەکانی نێر و مێ.

کارێکی کەمژانەیە لە ژن بپرسن تاچەند پیاوەکەت، دوگیانیت، سوری مانگانەت، کارکردنت لە مەتبەخ رەنگدانەوەی لە دەقەکانتدا هەیە، چونکە ژن خەریک نیە ژیانی خۆی و ئەزموونە شەخسیەکانی بکاتە بابەتی سەرکی نوسینی، ئەگەر واش بێت دەبێت هەمان پرسیار لە پیاوان بکرێت لەمەر کارو چالاکیە جەستەییەکانیانەوە.



## دیاردەیەکی سەیر نییە !

ڕۆشنبیرانی ئێمە تەنها باسی هایدگەر و کیرکێگارد و ئەفلاتوون دەکەن، کەچی پشت لە ڕێڕەوەی ژیان لەو هەرێمە دەکەن، کەچی سیستەمی هاتوچۆ دژی ڕۆشنبیرییە، پیاسەکردن و پیادەیی دژی ڕۆشنبیرییە، دانیشتن لە سەر تێراسێک و خواردنەوەی چایەک یا قاوەیەک دژە ڕۆشنبیرییە، ئەم ئاو وهەوا گشتییە دژە ڕۆشنبیرییە، ڕۆشنبیریی بە بێ ئاووهەوایەکی تەندروست، هەر هەموو بەرهەمە هونەریی و ئەدەبییەکان دەچنە پەراوێزەوە.

ئەحمەدی مەلا



سەنگەر زراری

# (سلێکوک هۆکلێر) دیوەکەی تری نیشتمان

(سلێکوک-هۆکلێر) (١) یەکێکە لە رۆمانە جوانەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا سەڕاج، کە باسی بارودۆخی پاش راپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی کوردستان تا ئێستا دەکات و ناڕێکییەکانی ئەم دۆخە دەخاتەڕوو، رەخنە لە خراپی و نالەبارییەکان دەگرێت و پەنجە لەسەر کەموکوڕییەکان دادەنێت، ئەم رۆمانە دیوێکی تری نیشتمانمان بۆ دەخاتەڕوو کە جیاوازە لەو دیوەی سیاسییەکان پێشانمانی دەدەن و ئێمە لە دیدی ئەوانەوە دەیبینین، ئەم رۆمانە شایانی خوێندەوەی فرەلایەنە، لێرەدا ئێمە چەند لایەنێکی دەخەینە بەرباس و هەندێ تێبینیش سەبارەت بە چەند لایەنێکی دەخەینەڕوو.

## رەخنەیەکی هەمەلایەنەی بارودۆخی کوردستان:

ئەم کتێبە بە پلەی یەکەم کتێبێکی رەخنەگرانەیە لە کۆی کایە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی کوردستان، ناوی رۆمانەکە، بە ئاماژە ناوی کوردستان دەگەیەنێت، هەرچەندە رۆماننووس خۆی راستەوخۆ ئەوە نادرکێنێ، بەڵام بە خوێندنەوەی ورد، بە دیار دەکەوێت کە ئەو باسی هەرچوار شاری باشووری کوردستان: (سلێـ)مانی و کەر(کووک) و د(هۆک)

و هەو(لێر) دەکات و ئەو بەشانەی من لەناو کەوانەم داناون، ڕۆماننووس لەیەکی داون و بەمجۆرەش ناوی (سلێکوک-هۆکلێر)ی لە ناوی هەر چوار شارەکە دروستکردووە. یان لە ناو ڕۆمانەکە بە شاری چوارلایی یاخود چوارگۆشەیی (سلێکوک-هۆکلێر) ناوی دەبات، بەهۆی ئەو هەموو ڕەخنەشی کە ڕۆماننووس لەسەر ئەم چوار شارە، یان بە کۆ لەسەر کوردستان هەیەتی، ناونیشانی لاوەکی (عاجباتیی هەشتەم)ی بۆ زیاد کردووە، بەو مانایەی ئەو شتانەی لە کوردستان ڕوودەدەن، عاجباتین و مایەی سەرسوڕمانێکی زۆرن، ئەو حەوت سەرسوڕهێنەرانەی لە دنیا هەن و بەناوبانگن، هەمیشە ئەو شتانەن کە سەرنجی خەڵکی هەموو جیهان بۆ خۆیان ڕادەکێشن، لێرەدا ڕۆماننووس بەهۆی بارودۆخەکەیەوە، کوردستانی خستۆتە ڕیزی ئەوان و بە (عاجباتیی هەشتەم) ناوی دەبات، ئەگەرچی لە ڕووی واقعییەوە ڕەنگە ئەم ناوە زیادەڕۆیی تێدا بێت و کوردستان بەو ئاستە سەیر نەبێت کە بخرێتە ڕیزی سەرسووڕهێنەرترین شتەکانی دنیا، بەڵام لەڕووی ئەدەبییەوە خوازەیەکی جوانە و ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشە.

لەلایەکی دیکەش.. دەشێ ڕۆماننووس بۆ ئەوە ئەم ناونیشانە لاوەکییەی زیاد کردبێ، تاکو زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێت، چونکە ناوی (سلێکوک هۆکلێر) و لە پاڵ ئەویشدا ناونیشانی لاوەکی (عاجباتیی هەشتەم)، ئەوە دەخەنە زەینی خوێنەر کە داخۆ ئەو عاجباتییە چی بێت کە ناوی (سلێکوک هۆکلێر)ە و ئەوان نەیانبیستووە.

پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەم ڕۆمانە یەکەم ڕۆمانی کوردی نییە ڕەخنەی لە دەسەڵات و کۆمەڵگا گرتبێت و یەکەم ڕۆمانی ڕەخنەیی نییە نووسرابێت، بەڵکو لە سەرەتاوە و لە ڕۆمانی (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب)ەوە، ڕۆمانی کوردی بە ڕەخنە دەستی پێکردووە، دوای ئەویش ڕۆمانی دیکەی ڕەخنەیی نووسراون، بەمەش (سلێکوک هۆکلێر) دەچێتە ڕیزی ڕۆمانە ڕەخنەییەکان، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

هەڵبەت «ئەوە ڕۆمانە کە کێشە سیاسی و ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و.. کۆمەڵگاکان دەخاتەڕوو، ڕۆمان ئاوێنەی باڵانوێنی کەتواری کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە«. (٢)

ئەم ڕۆمانەش، باسێکی هەمەلایەنەی ئەو کێشە و گەندەڵییە سیاسی و ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتییانەیە کە لە کۆمەڵگای کوردی، لەم چەند ساڵەی ڕابردوو ڕوویانداوە و ڕوودەدەن، ڕەخنەیەکی هەمەلایەنەی بارودۆخەکەیە.

***

زەقترین کایە و بوار کە لەم ڕۆمانەدا زۆرترین ڕەخنەی لێ گیراوە، بواری سیاسی و دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئەو کار و کردەوانەن کە دەسەڵاتداران بەناوی سیاسەت و لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی و لە پەنای سیاسەتدا کردوویانە.

دەتوانین بڵێین ئەم کتێبە، مانیفێستێکە بۆ یاخیبوون لە هەموو ئەو گەندەڵی و ناڕێکییانەی لە کوردستان لە کایە جۆربەجۆرەکاندا هەن، ڕۆمانەکە باسی بارودۆخی کوردستان و دەسەڵاتدارانی کوردستان دەکات، سێ قوتابی زانکۆ (بڕیار، ئایندە، بوێر) شانەیەکی نهێنییان

دروست کردووە، بۆ ئەوەی بەرەنگاری دەسەڵات و گەندەڵییەکانی ببنەوە، خەڵک کۆدەکەنەوە تاکو لەم شانە نهێنییەدا لەگەڵیان بەشدار بن و دژی دەسەڵاتدارە گەندەڵەکان بوەستنەوە، ئەمەش بانگەشەیە بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێک دژی خراپەکارییەکانی دەسەڵات، ئەگەرچی کتێبەکە لە ساڵی (٢٠١١) چاپکراوە، بەڵام وەکو لە کۆتالاپەڕەیدا نووسراوە، لە ساڵی (٢٠٠٧) تەواوبووە، لەکاتێکدا تەمەنی ئەو ئۆپۆزسیۆنە سیاسییەی لە کوردستان هەیە، لە دوای ساڵی (٢٠٠٩)وە دەستپێدەکات، واتا دوو ساڵ بەر لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە کوردستان، رۆماننووس بانگەشەی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی کردووە.

پێشدەچێت هەر ئەم بانگەشەیە بۆ یاخیبوون و ئەو رەخنە گشتگیرانە، وای کردبێت ئەم کتێبە لە پێنج دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە سانسۆر کرابێت، ئەمەش وەکو تێبینییەک لە دوالاپەڕەی رۆمانەکە نووسراوە ((تێبینی: ئەم رۆمانە لە پێنج دەزگادا لە هەولێر و لە سلێمانی سانسۆر کرا...ل١٨٥)).(٣)

تەنانەت ئەوەندەی من ئاگادار بم، دوای چاپکردنیشی رێگا نەدرا بخرێتە بازاڕ و چەند دانەیەکی لە رێگای برادەر و دۆستانەوە گەیشتە دەستی ئەم و ئەو، بەڵام هەر لەم رۆمانەدا، رۆماننووس پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە لە رەخنە بەردەوام دەبێت، لەسەر زاری یەکێک لە کاراکتەرەکان دەنووسێت: ((هەتا جریوەی باڵندان مابن، هەتا خۆر لە هەڵاتندا بێت، ئێمەش لە گوتن، لە رەخنە، لە کردار ناکەوین...ل٨٥)).

بڕوانە ئەو رەخنە بەرفراوانەی کە لە یەک پەرەگرافدا و بەیەکەوە باسی گەندەڵی لە بوارەکانی ئابووری، پەروەردە، جەنگە ناوخۆییەکان و گوێنەدان بە خەڵک دەکات. ((ئوتێل و هاوینگە و ساباتەکانیشیان بۆ خۆیان و بۆ ئەڵقەلەگوێکانیان قۆرخ کردووە!! کێ بە بێ پشکدانە ئەوان، دەوێرێ کۆنتراکتی تەلارسازییەک، رێڕەوی شەقامێک و بیمارستانێک بگرێ؟! منداڵانیان هەرگیز پێبەندی نمرەی چوونە زانکۆ نین، لیستی هەڵواسراو بۆ خوێندکارە دەستکورت و کوێرەوەرەکانە، ئەوان لە سەرووی یاسا و رێساوەن! شەڕە گەڕەک و قۆچەقانییان-ئەڵبەتە لەسەر تەرزی نوێ- بەرپاکرد! داد و هاواری ئێمەمانان، شەڕە خۆتڕێنەکەی نەوەستاند! هەتا شێوەکارێک تاوێر و تاشەبەردی سنووری نەبەرد و پێکدادانەکەی بە هێما و ئاماژە و رەمزەوە رەنگاند، دادی نەدا!! هەزاران ئیمزا کەڵکی نەبوو!! چەندین خۆپیشاندان و دروشم هەڵبڕین، بایی فلسێکی سووتاو بوو!!...ل٢١))

تەنانەت ناوی کاراکتەرە سەرەکییەکانی رۆمانەکەش (بڕیار، بوێر، ئایندە) بە مەبەست و وەکو سیمبولێک دانراون و بەرگری و رووبەڕووبوونەوەیان لێ دەخوێندرێتەوە، بەو مانایەی بڕیاردان، بوێری دەوێ و بەمجۆرەش ئایندە دروست دەبێت، هەڵبەت ئایندەیەکی گەش، تەنانەت لە هەندێ شوێندا ناوی هەرسێکیان بە مەبەست و بەیەکەوە دەخاتە رستەوە. ((بڕیارێکی بوێرانەم لە مێشکدایە بۆ پلانرێژی ئایندە...ل١٥٠)) یان ((ئایندە و ئەوەی دێت کراوەیە بۆ هەر ئەگەرێک، بەڵام دەبێ بڕیاردەر بین و هەم بوێر...ل١٨٤)).

لە کوردستان ئەوانەی دەسەڵاتیان قۆرخ کردووە، جگە لەوەی ئەوەی بیانەوێ خۆیان دەیکەن، خەڵکانی دیکەی لە شێوەی دەرەبەگەکانیش کە پێشتر خەڵکیان چەوساندۆتەوە، دەیانهێننەوە و دەیانکەنە دەمڕاستی کایە ئابووری و سیاسییەکە. ((ئەو سەردەمانە دەرەبەگەکان بۆیان لوا بوو کە ببڕن و بخوڕن، ئەمیستاش بوونەتە خاوەنی ئوتێل و دەسمایە، بوونەتە بەڵێندەر، تەنانەت خۆیان و کوڕانیان پەستاوەتە ناو کەژاوەی سیاسەتەوە...ل٩١-٩٢))

ئەو بارودۆخە ئابوورییەش دەخاتەڕوو کە پێگەی ئابووری گەلێ کەسی لەناکاو بەرزکردەوە و لە پڕێک، کردنی بە کوڕێک. ((باوکم لە قاچاخی شەکر و گەڵاچایی و شتی دیکەوە، لەناکاو گیرفانەکانی ئاوسابوون، ریزەخانووەکانی فرەببوون...ل٤٣)).

لەم جۆرە بارودۆخەدا سیاسەت پەلی بۆ هونەر و ئەدەبیش هاویشتووە و ئەوانیش لە رێڕەوی راستەقینەی خۆیان لایان داوە، ((سیاسەتی چەواشە هونەر و ئەدەبیشی تەفرەداوە...ل٩٨)).


باسی بارودۆخی ئافرەت دەکات، کە چۆن بەناوی هونەرەوە، هەڵبەت ئەو هونەرە بەسیاسیکراوەی ئەو باسی دەکات، ئافرەت ریسوا دەکرێت، لەمەشدا کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان رۆڵێکی خراپییان هەیە، ئەمەش لایەکی دیکەی رەخنەگرتنی رۆمانەکەیە، کە رەخنە لە دەزگاکانی راگەیاندن و دوورکەوتنەوە لە پەیامەکانیان دەگرێت، ((ئەمێستا، مافیای رفاندن، ژن شەرمەزار و ریسواکردن بەناوی هونەر و سێکسەوە، تەشەنەی کردۆتە کەناڵە ئاسمانییەکانی تەلەفزیۆن و لە رەواج و برەودایە، بازاڕی لەشفرۆشی و خۆفرۆشی لەژێر چەندین دروشمی تەحراوتەحری ورشەداردا هەرمێنە...ل١٧٧)).

هەر ئەو هونەرە بەسیاسیکراوەیە کە ناتوانێ کارێک بۆ کارەساتە مرۆیی و رووداوە گەورەکانی کورد بکات، بۆ نموونە، باسی تابلۆی (ژێرنیکا)ی پیکاسۆ دەکات کە لە دەرەنجامی کارەساتێکی مرۆییەوە سەرچاوەی گرتووە، ((لەو هێرشە دڕندەییەی سەر گوندی (ژێرنیکا)دا، نزیکەی شەشسەد و پەنجا قوربانی و نۆسەد بریندار و کەمئەندامی لێکەوتۆتەوە، کەچی هەڵەبجەی خۆمان (...) کە هاوتەریبی ناکازاکی و هێرۆشیمایە، مخابن هیچ شاکارێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە...ل٤٦-٤٧)).

رەخنەیەکی سەرتاپاگیر لە رۆشنبیری کوردی و نووسەرانی کورد دەگرێت کە ناتوانن فیکر بەرهەم بێنن و داهێنان بکەن، بۆیەشە خوێنەرانی جیدی روو لە کتێبە وەرگێڕدراوەکان دەکەن ((ئەو پەرتووکەشمان بەلاوە بایەخدارە کە لە زمانانی بیانی وەرگێڕدراون، چونکە تاڕادەیەک بڕوامان بە هەندێ نووسەری خۆماڵی جێلەقبووە، ئاخر ئەوان لە هزری دەرەکی هەڵدەگۆزن و کاوێژی دەکەنەوە و بە خوێندەوارانی کەم ئەزموون و نائاگادارانی دەفرۆشنەوە...ل١٣٧)).

هەندێ نووسەر وشە و رستەی ئەوتۆ دەخەنە سەر کاغەز و بەکاری دەبەن، مەگەر هەر خۆیان بزانن مەبەستیان چییە، رۆماننووس ئەوە بە تەلیسم دەچووێنێ و بە پێویستی دەزانێ زمانی نووسین سادەتر بکرێتەوە، ((لێمان مەبە بە تەلیسمنووس، بڕوا بفەرموو ئەوەی هەڵت ڕشت، لە نووسینەکانی دیکارت و باختین، بەڵکو لە سیمبول و ئاماژە پەنهانەکانی نۆسترادامۆس و

ئەلنیفەری و ئیبنولعەرەبی سەختترە!!...ل٧٧)).
ئەو کەسانەی تەنها لەناو دنیای کتێبدا دەژین و لە جیهانی کردەییدا بەشدارییان کەمە، زۆر جار لە یۆتۆپیادا دەژین و نازانن لە جیهانی کردەییدا چی هەیە، بۆیە پێیان وایە دنیا ئەوەیە کە لە کتێب و نووسینەکاندا هەیە، رۆماننووس لەسەر زاری باوکی یەکێک لەو خوێندەوارانە دەنووسێت: ((لە کن ئێوەی خوێندەوار، دنیا شامی شەریفە!! بە قاقەز و قەڵەم گەرەکتانە دەزگای کوێخایان، مەلایان و ئاغایان سەروبن بکەن!! کوڕی شیرینم قسەی ناو کتێبۆکان نایخوات...ل٨٩)).
دواتر ئەو خوێندەوارە خۆشی دانی پێدادەنێت: ((هەق بەلایەوە بوو، ئێمەی توێژی خوێندەوار دەبێ سانا و ساکار رووی دەممان لە خەڵکانی بێ سەواد بێت...ل٩٢)).
رۆماننووس دەیەوێ ئەوە بە خوێندەواران بڵێ کە تەنها لە دنیای نووسین و کتێبدا نەژین و واقیعیانە تەماشای دەوروبەر و ژیان بکەن.



## هاودژی لە ڕۆمانەکەدا:

(عەبدوڵڵا سەڕاج) خۆی باوەڕی وایە کە ڕۆمان دەبێ باسی واقیع بکات و ڕەنگدانەوەی واقیع بێت، وەکو دەنووسێت: «واقیعداڕشتن، یان ڕەنگدانەوەی واقیعەکە لە ڕۆماندا، بە ڕاستەوخۆیی و هەم بە لابەلایی کاری پەسند و ویستراوە«.(٤) لەمەشدا تاڕادەیەکی زۆر ئامانجەکەی پێکاوە، چونکە وەک گوتمان ئەو باسی واقیعی ئێستای کوردستان دەکات و ڕەخنە لە خراپییەکانی دەگرێت. لێرەدا ئێمە ناچینە سەر باسی ئەو گفتوگۆ زۆر و زەوەندانەی کە ئایا پێویستە ڕۆمان واقیع بنووسێتەوە، یان ئەودیوی واقیع؟ ڕۆمان ئەو شتانە دەنووسێتەوە کە ڕوویانداوە، یان ئەو شتانەی ئەگەری ڕوودانیان هەیە و دەشێ ڕووبدەن؟ ناچینە سەر ئەو تیۆری و ڕاڤەکاریانەی باسی جۆر و شێوەکانی ڕۆمان دەکەن. بەڵکو لەسەر ئەو باوەڕەی خودی ڕۆماننووس ئیش دەکەین کە پێی وایە دەبێ ڕۆمان ڕەنگدانەوەی واقیع بێت. بەم پێیەش ئەو لەسەر باوەڕی خۆی ڕۆمانێکی واقیعی نووسیووە و لەمەشدا تاڕایەکی زۆر سەرکەوتوو بووە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم ڕۆمانەدا و لە پرسی پەیوەندی نێوان (حاجی مەوجود) و (ئایندە)ی کچیدا، ڕۆماننووس لەم باوەڕەی خۆی دوورکەوتووەتەوە و تووشی هاودژی بووە، هەم لەگەڵ ئەو بارودۆخەی لە ڕۆمانەکەدا دروستی کردووە و هەم لەگەڵ ئەو بارودۆخ و سەردەمە واقیعیەی کە باسی دەکات.

(حاجی مەوجود) کەسێکی دڵڕەق و زاڵمە و لەگەڵ ئەو لافاوی گەندەڵییە دەوڵەمەند بووە کە لە کوردستاندا هەیە و لە ڕۆمانەکەشدا باس کراوە، ئایندەش قوتابییەکی زانکۆیە و خاوەنی بیرێکی ڕووناکە و دژی ئەم دۆخەیە، خەبات بۆ نەهێشتنی ئەم دۆخە گەندەڵ و نادادپەروەرانەیە دەکات. تا ئێرە هیچ کێشەیەک نییە و هاوشێوەی هەردوو جۆر کەس لە کۆمەڵگای ئێمەدا بوونیان هەیە، بەڵام ئەوەی تەبا نییە لەگەڵ واقیعی ئەم ڕۆمانەدا، ئەو گفتوگۆیەیە کە ئایندە و دایکی لە شوێنێکدا لەگەڵ حاجی مەوجوددا بەو توندییە دەیکەن. حاجی مەوجود کەسێکە کە سەرەڕای ئەوەی لەناکاو و بەهۆی قاچاخچێتی و گەندەڵییەکانەوە دەوڵەمەند بووە، ڕەزیلیشە و مەسرەفی ماڵ و منداڵەکەی بەتەواوی ناکات ((ل١٣٣))، کەسێکە ئەگەر یەکێک دژی بوەستێتەوە کەسانی عەسابە و بەکرێگیراوی هەیە و بەوان لێیان دەدات، هەروەکو چۆن دواتر بە پیاوە عەسابەکانی لە (بوێر)یش دەدات (کە خۆشەویستی کچەکەیەتی). کەسێکە لە کوشتنی منداڵی خۆشی سڵ ناکاتەوە!! ((ئەو حاجییە زاڵمەی باوکم، کیژێکی لە ژنی پێشووی هەبووە، کە بە دووتەلی گەرم و ساردی کارەبا مراندوویەتی... ل٦٠)). تەنانەت پێش ئەوەی ئەو کچەی بکوژێت، دەستدرێژی سێکسیشی کردۆتە سەری. ئەمانە سیفاتەکانی حاجی مەوجودن، واتا کەسێکە ڕەزیل، زاڵم، دڵڕەق و بکوژ... بەهۆی هەبوونی پارەشەوە بە دەسەڵات. کەسێکە دەستدرێژی سێکسی کردۆتەسەر کچێکی خۆی، کەچی (ئایندە) ڕۆژێک باسی ئەوەی لەگەڵدا دەکات کە دەیەوێ شوو بە کوڕە گەنجێک بکات بەناوی (بوێر) و زۆر بە توندی ڕووبەڕووی باوکی دەبێتەوە، ئایندە و باوکی خۆشەویستییەکی

برادەرانەی باوک و کچانە لەنێوانیاندا نییە تا بڵێین لەبەر خۆشەویستی کچەکەی دڵی نایەت هیچی لێ بکات، بەڵکو وەکو باوکێکی زاڵم دەردەکەوێت، منداڵی ئەمجۆرە باوکەش، هەمیشە لەبەردەستی باوکیان وەکو کۆیلە وان و ئایندەش بەهەمانشێوەی ئەو منداڵە کۆیلانەیە، کەچی زۆر بە پێچەوانەوە، بە توندی رووبەڕووی باوکی دەبێتەوە.

ئاخر جگە لەوەی لەم کۆمەڵگایەدا کچ بە هیچ جۆرێک ناوێرێ باسی شوو لە لای باوکی بکات، لەناو واقیعێکی لەم شێوە پڕگەندەڵ و توندوتیژییەی رۆمانەکەش باسی لێوە دەکات، کچ چۆن دەتوانێ بەو شێوەیە رووبەڕووی باوکی ببێتەوە و ئەوەی پێبڵێت کە دەیەوێ شوو بە کوڕە هەژارێک بکات، خۆی باسی خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو باوکە زاڵمەی بکات و پێی بڵێت: ((خۆشەویستی نە هەژاری و دەوڵەمەندی دەزانێ و نە لە سەواد و بێسەواد دەپێچێتەوە... ل١٠٣))، باوکێک کە خاوەنی عەسابە بێت و بە پارە خەڵک تەمبێ بکات، چۆن کچەکەی دەوێرێ هەڕەشەی لێ بکات و بڵێت: ((ئەوساکە چی رووبدا لە قورقوڕاگەی جەنابت دەئاڵێ... ل١٠٣)). مەبەستی ئەوەیە ئەگەر نەیدات بەو کوڕە تووشی بەڵا دەبێت.

باوکێک دەستدرێژی کردبێتە سەر کچێکی خۆی و دواتریش کوشتبێتی، چۆن کچێکی دیکەی دەوێرێ رووبەڕووی باوکی ببێتەوە و بڵێت: ((بڕیارە و داوامانە، چاکتر وایە هۆگرمان بیت و لە خۆتی نەشێوێنی، پیرۆزباییمان لێ بکە و لە کەری شەیتان دابەزە...ل١٠٣))؟! خۆ ئەو باوکە تۆبەشی نەکردووە و پەشیمان نەبۆتەوە لە کوشتنی کچی یەکەمی تا بڵێین ئێستا دڵی نەرمە و دڵی نایەت بە توندی لەگەڵ ئەو کچەی بجوڵێتەوە.

یاخود دایکی ئایندە کە دەکاتە خێزانی حاجی مەوجود، لەکاتێکدا زۆر لە مێردەکەی دەترسێ، چۆن دەوێرێ بەو مێردە زاڵمەی بڵێت: ((هەی ناوسک کرمێ!! دڵداری بووە و دەشبێ، خوانەخواستە درم و پەتا نییە حاجی، من و تۆی گرتبێت و بەس...ل١٠٢-١٠٣)).

لەکاتێکدا ئەوان زۆرجار لە ترسی حاجی قسەش بە دزییەوە دەکەن، چۆن دەوێرێ ئاماژەی ئەوە بدات کە ئەگەر ئەویش رازی نەبێت، هەر کچەکەی دەداتە ئەو کوڕە: ((دە تۆش چاک گوێبگرە خۆشیت بێ و ترشیت بێ، لە بڕیاری خۆمان پەژیوان نین، بیخەرە مێشک و گوێ و سنگتەوە...ل١٠٤)).

لێرەوە رووبەڕووبوونەوەی ئافرەت بەرامبەر بە پیاو بەم شێوەیە و لە کۆمەڵگایەکدا کە رۆمانەکە خۆی ئاماژەی ئەوە دەدات ئافرەت مافی تەواوی پێنادرێت و کۆمەڵگایەکی پیاوسالارە، کۆمەڵگایەکی توندوتیژ و پڕگەندەڵییە، هاودژی و ناتەباییە، هەم لەگەڵ واقیعی ئێمە و هەم لەگەڵ واقیعی ناو رۆمانەکە.

ناتەباییەکی دیکەی رۆمانەکە ئەوەیە کە ئەوکاتەی بوێر دەگەڕێتەوە زانکۆ و ئازاد دەکرێ، ئایندە بە بەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە ماچی دەکات، ((لەبەرچاوانی خوێندکاراندا، بەبێ شەرم و سڵەمینەوە گۆناکانمی ماچباران کرد...ل١١٤))، لەکاتێکدا ئەوانە ژن و مێرد و تەنانەت دەسگیرانی یەکتریش نین، بەڵکو تەنها خۆشەویستی یەکترن، کۆمەڵگای ئێمە کەی ئەوە قبوڵ

دەكات كە دوو گەنج، كچێك و كوڕێك بەبەرچاوی خەڵكەوە یەكتر ماچ بكەن؟! كچی كێش؟! كچی زاڵمێكی وەكو (حاجی مەوجود)ی بكوژ!! بۆیە وەكو باسمان كرد ئەو واقیعەی رۆمانەكە دروستی دەكات، هەمان ئەم واقیعەی ئێستایە كە ئێمە تێیدا دەژین، ئەو یەكدوو نموونەی هێناشمانەوە، لەگەڵ ئەم واقیعە تەبانایەنەوە.

## بەكارهێنانی هونەری میتاڕۆمان:

عەبدوڵڵا سەڕاج، وەكو چۆن یەكەم كەس بوو لە ئەدەبیاتی كوردی هونەری (میتاڕۆمان)ی لە رۆمانەكانیدا بەكارهێنا و بە رۆمانی (كاوڵاش) مێژووی ئەمجۆرە رۆمانەی لە ئەدەبیاتی كوردی دەستپێكرد، (٥) هەروەاش لەم رۆمانەدا ئەم هونەرەی بەكارهێناوە. ئەمەش توانای ئەو لە نووسینی ئەم جۆرە لە رۆمان دەردەخات.

(میتارۆمان): واتا ئەو رۆمانەی لەناویدا رۆمانی دیكە و چیرۆكی دیكە دەنووسرێت و باسی هونەری رۆمان دەكرێت، «(جێرمی هۆرسۆن) لەبارەی میتارۆمانەوە دەنووسێت: مەبەست لە میتارۆمان لەڕووی مانای وشەوە، ئەوا رۆمان لەبارەی رۆمانە، یان رۆمانێك لە شێوەی راڤەكردنی هونەری رۆمان». (٦) هەروەها «ئەم جۆرە تەكنیكە لە رۆماننووسین، بەشداریكردنی خوێنەرە، یان باسكردنی چیرۆك و رۆمانە لە نووسینی رۆماندا». (٧)

پاری یەكەمی رۆمانی (سلێكوك هۆكلێر)، پەیوەندی بە بابەت و رووداوەكانی كارەكتەرەكانی رۆمانەكەوە نییە، بەڵكو ئەم (پار)ە (رۆماننووس بۆ دابەشكردنی بەشەكان، لەجیاتی وشەی ―بەش― وشەی ―پار―ی بەكارهێناوە) لەلایەن یەكێك لەو كاراكتەرانەوە نووسراوە كە ناوی (بوێر)ە، واتا رۆمان لەناو رۆماندا نووسراوە، هەروەها لە رۆمانەكەدا گفتوگۆی زۆر و تێروتەسەل لەسەر رۆمان و كاراكتەر و شوێن و كات و رۆڵیان لە رۆماندا دەكرێت و لە هەندێك شوێندا پێشنیاری بابەتیش دەكرێت بۆ نووسینی رۆمان، ((ئاستەنگی نیشتەجێبوون، كەمخۆراكی، تەشەنەی بیابان، كێبڕكێی خۆپڕچەككردن لە عالەمی چوارەم نەك سێیەم، ئاوسانی دراوەكان، ئایدز، پیسبوونی ژینگە، تێكچوونی هاوسەنگی سروشت، زەویلەرزە و گڕكان، هەڵگیرساندنی شەڕ لەپای نەوت و ئاو، بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و كونبوونی دیواری ئۆزۆن و... تاد، ئەو گرفت و كێشمەكێش و دەردیسەریانە، بە دەیان رۆمانی ئەستوور ئەستوور (...) چارەسەر ناكرێن...ل١٢٦)).

بەردەوام هەر یەكە لەو دەنگانەی لەناو رۆمانەكەدا دەدوێن قسە لەگەڵ خوێنەر دەكەن و خوێنەر لەگەڵ خۆیاندا دەبەنە ناو رووداوەكان، ئەمەش نموونەیەكەی سەركەوتووی هونەری (میتارۆمان)ە.

(ئایندە) كە كاراكتەرێكی سەرەكییە لەم رۆمانەدا و شاعیرە، بە دیدی من رۆماننووس كارێكی باشی كردووە، ئەو كاتەی نموونە بە شیعرەكانی دەهێنێتەوە، خۆی شیعرەكانی

بۆ نەنووسیوە، بەڵکو شیعرەکانی لە دیوانی (خەون وا خۆی گێڕایەوە)ی شاعیری نوێخواز (سەباح رەنجدەر) وەرگرتووە. زۆرجار کاتێ رۆماننووس، یان چیرۆکنووسێک، کۆپلەی شیعریی لەناو رۆمانەکانیدا بەکاردەهێنێ و خۆی شاعیر نییە، بەو مانایەی کە شاعیر نییە و شیعر بۆ کاراکتەرەکانی دەنووسێت، شیعرەکانی کرچوکاڵ و ناڕێک دەردەچن، بەتایبەتیش ناتەبا دەبن لەگەڵ ئەو کارکتەرە شاعیرەی لە ناو رۆمان، یان لە ناو چیرۆکەکەدا وێنا کراوە، بۆ نموونە، زۆرجار وێنای شاعیرێکی بەناوبانگ و گەورە لە رۆمانێکدا دەکرێت، بەڵام کە نموونە شیعرییەکانی دەخوێنیتەوە، شیعرەکان لە ئاستی ناو و ناوبانگی کاراکتەرەکەدا نین، بۆیە لە رێگای بەکارهێنانی شیعرەکانی (سەباح رەنجدەر)ەوە، رۆماننووس خۆی لەم دۆخە رزگار کردووە، ئەمەش کارێکی گونجاوە.

یەکێک لەو شتە جوان و تازانەی لەم رۆمانەدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە رۆماننووس لە کۆتایی رۆمانەکەدا خۆی سەردانی یەکێک لە کارکتەرەکانی رۆمانەکەی دەکات و لەگەڵیدا دەدوێت ((بڕوانە...ل١٧٦)). لەبارەی رۆمانەکانی دیکەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ کاراکتەرەکەی دەکات و لەوەشی دڵنیا دەکاتەوە کە ئەو وەکو رۆماننووسێک، هەمیشە ئازادی بە کاراکتەرەکانی دەدات، بۆئەوەی بەئارەزووی خۆیان بجوڵێنەوە و کۆتوبەند نەبن.

## یەک ئاستیی کاراکتەرەکان:

یەکێک لە ناتەواوییەکانی ئەم رۆمانە ئەوەیە کە رۆماننووس نەیتوانیووە دەنگی جیاواز بۆ کاراکتەرەکانی دروست بکات، بەتایبەتیش سێ کاراکتەرە سەرەکییەکەی ئەم رۆمانە، (بڕیار، بوێر، ئایندە).

بەوەدا کە ئەم رۆمانە فرەدەنگییە، واتا زیاتر لە دەنگێک رووداوەکان دەگێڕێتەوە، دەبوو ئەم دەنگانە کە سێ دەنگی سەرەکین و لە کۆتایشدا (ژیار) کە دوابەشی رۆمانەکە دەگێڕێتەوە، واتا چوار دەنگی گێڕەرەوە لەم رۆمانەدا هەن، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەیاندا هەست بەوە دەکرێت کە دەنگەکان و شێوەی دوان و قسەکردنیان، هیچ جیاوازییەکیان نییە، تەنها لە دەقەکانیان جیاوازیان هەیە و لە گێڕانەوەکاندا جیاوازی بەدی ناکرێت، کاراکتەرەکان زمانی تایبەت بە خۆیان نییە کە بتوانێ ببێتە شووناسیان، چونکە کاتێ کاراکتەرەکان لە رۆماننووس جیادەبنەوە، دەنگەکەیان لە دەنگی رۆماننووس و لە دەنگی کاراکتەرەکانی دیکە جیاواز دەبێت و «زمانی تایبەتی خۆیان دەبێت و بەو زمان و ریتمی دوان و سیمایە لە یەکتر جیادەکرێنەوە، وەک چۆن منداڵ سیفەت و لەیەکچوونیان لەگەڵ دایک و باوکیان هەیە، بەڵام هەریەکە سەربەخۆیی و شێوازی هەڵسوکەوت و نواندنی خۆیان هەیە، لە رۆماندا لە رێی زمانەوە، کاراکتەرەکان لە یەکتر جیا دەکرێنەوە و دەناسرێنەوە». (٨) بەڵام لەم رۆمانەدا ئەم لەیەکتر جیاکردنەوەیە نییە.

ڕۆماننووس دەیتوانی بە ئاسانی دەنگی کاراکتەرەکانی لە یەکتر جیابکاتەوە، واتا وایان لێ بکات ئەگەر خوێنەر قسەکانی یەکێک لە کاراکتەرەکانی خوێندەوە، بێ ئەوەی ناوەکەی خوێندبێتەوە، بزانێ ئەمە کامە کاراکتەرە (هەڵبەت دوای خوێندنەوەی هەندێ بەشی ڕۆمانەکە)، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئەم ڕۆمانە زمانێکی دەوڵەمەند و فرەچەشنی هەیە، ئەمەش نیشانەی بە توانایی ڕۆماننووسە لە بەکارهێنانی زماندا.

هەروەها ڕۆماننووس دەقی جیاوازی بۆ هەر یەکە لە کاراکتەرەکانی خولقاندووە و لە دەقەکانیاندا دەنگی جیاوازیان هەیە، زمانی نووسینی جیاوازیان هەیە، بوێر ڕۆماننووسە، ئایندە شاعیرە و بڕیاریش زمانزانە و بابەتی هزریش دەنووسێت، کەواتە ڕۆماننووس دەیتوانی چۆن دەقەکانیانی لەیەکتر جیا کردۆتەوە، دەنگ و قسەکردنەکانیشیان لەیەک جیا بکاتەوە و سیمای تایبەتیان پێ بدات.

لەلایەکی دیکە هەندێ چیرۆک و بابەت پەیوەندیان بە کاراکتەرێکی ڕۆمانەکەوە هەیە، بەڵام کاراکتەرێکی دیکە دەیانگێڕێتەوە، یان باسیان لێوە دەکات، لەکاتێکدا ئەم ڕۆمانە وەک ئاماژەمان بۆ کرد، ڕۆمانێکی فرەدەنگە، بۆ نموونە لە پاری سێیەمدا ئایندە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، لە بەشی شەشەمی پارەکەدا باسی ئەو کلینیکە دەروونییە دەکات کە بوێری لێیە، دەشێ ئایندە ئەو شتانە بگێڕێتەوە کە لە کاتی سەردانەکانی بۆ لای بوێر بینیوونی، بەڵام ئایندە لەوە زیاتر دەڕوات و چەند چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە لەو کلینیکە دەروونییە هەن و بوێر بۆی گێڕاوەتەوە، بۆ نموونە چیرۆکی ژیار و ژاڵە و جومعە و... ((بڕوانە... ل٦٤ بە دواوە)). ئەگەر ڕۆمانەکە یەک گێڕەرەوەی هەبا، ئەم شتە ئاسایی بوو، بەڵام مادام بوێر خۆشی دەنگی لەم ڕۆمانەدا هەیە، پێویست نییە یەکێکی دیکە چیرۆکەکان لە جیاتی ئەو بگێڕێتەوە، بەڵکو دەبوو خۆی بیانگێڕێتەوە، لەمەش بەولاتر دواجار (ژیار)یش دەبێتە یەکێک لە دەنگە گێڕەرەوەکان، واتا لەوەش پێویستتر کە بوێر چیرۆکی ژیار بگێڕێتەوە و دواتر بوێریش بۆ ئایندەی بگێڕێتەوە و ئایندەش بۆ خوێنەری بگێڕێتەوە، دەکرا لە جیاتی ئەم هەموو دەماودەمە، ڕاستەوخۆ ژیار چیرۆکەکانی خۆی بۆ خوێنەر بگێڕێتەوە.

## ئاست و هونەری بەکارهێنانی زمان لەم ڕۆمانەکەدا:

عەبدوڵڵا سەڕاج لە نووسینەکانیدا دەستێکی باڵای هەیە لە زمان و بەکارهێنانی هونەرەکانی زمانەوانی و دوورەکەوتنەوە لە دەربڕینی باو، بۆ نموونە:

((چاوی بەو منداڵانەوە بوو، بوێر.

هەناسەیەکم هەڵکێشا، من.

لاچاوێکی لە گۆشتەژنەکە گرت، ئایندە.

نیگامان گۆڕییەوە، هەرسێکمان.

هەورێکی لۆکەیی پێوە لکابوو، ئاسمان...ل٨٢)).
بەمجۆرە و بە پێچەوانەی دەربڕینە باوەکان، کە ناو دەکەوێتە پێشەوە، ئەو بەم شێوەیە وێنای جوولەی رووداوەکان دەکات و ئاڵوگۆڕ بە جێگای ناو و رستە و دەربڕینەکان دەکات و هونەرکارییان تێدا دەکات.
((زارکردنەوە ئەوسا پەسند و شیاوە، گەر گوێ ئاخنراوی پەموو، قورقوشم نەبوو، یان نەکرا...ل٨٤))
یان
((زەوی زمان و گوتن، بەروبوومی نابێت، ئەگەر گاسنی کردار نەیکێڵا...ل٨٦)).
لە جیاتی بە دەربڕینی باو بنووسێت (ماڵیان چەند دەقیقەیەک لە ماڵی بڕیار دوور بوو)، یان چەند دەربڕینێکی لەم شێوەیە، ئەو دەنووسێت: ((ماڵیان جگەرەکێشانێک بوو لە ماڵی بڕیار...ل١٤٥)). بەمجۆرە دەیان نموونەی ئەم جۆرە باڵادەستییەی زمان لە رۆمانەکەدا هەیە.

## رۆماننووس خۆی پابەندی زمانێکی چەسپاو و قاڵبگرتوو نەکردووە، بەڵکو هەوڵی داوە شێوە ئاخاوتنی ناوچەیی (کە جیاواز و بچووکترە لە دیالێکت) بەکار بهێنێت، ئەو باوەڕی وایە کە لە چیرۆک و رۆماندا «شیاوە کەسێتییەکان بە شێوەزاری زگماکی خۆیان دەمەوەری بکەن» (٩)

بۆیەش تەنها خۆی بەم زمانە نەبەستۆتەوە کە لە نووسینی باودا بەکار دەهێنرێ، بەڵکو پەلی بۆ ناوچە جیاوازەکان هاوێشتووە و ئەو وشانەشی بەکارهێناوە کە لە نووسیندا لەلایەن زۆربەی نووسەرانی ترەوە بە زمانی نووسین دانانرێ و بەکار ناهێنرێ. بێگومان «بەکارهێنانی زاری ناوچەیی، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگ/قاموسی زمانی نەتەوەیی و بە بڕشتبوونی زمانەکە و دەرخستنی پتر نهێنییەکانی زمان و روونکردنەوەی مێژووی زمان، لە رووی گۆکردنی وشە و رێزمان و تەنانەت دۆزینەوەی پەیوەندی خودی زارە ناوچەییە جیاجیاکان خۆشییان، کە بە قازانجی یەکێتی زمانی نەتەوەیی دەشکێتەوە، نەک پەرتبوون». (١٠)

هەندێک (بەتایبەتیش سیاسییەکان) پێیان وایە بەکارهێنانی وشەی ناوچەیی، دەبێتە هۆی پەرتبوونی زمان و لەیەک دوورکەوتنەوە و ئەستەمبوونی زمانێکی یەکگرتوو، بەڵام «بەکارهێنانی شێوەزار و زاری ناوچەیی لە ڕۆماندا، بە دەیان و بە سەدان وشە و پێکهاتەی زمانەوانی نەزانراو و نەبیستراو لە بازنەی شێوەزاری ناوچەیی ئازاد دەکا و فڕێی دەداتە ناو ئۆقیانووسی زمانە ئەدەبی و فەرمییە باوەکە (...) نموونەی زیندوو و نوێشمان بۆ ئەم بۆچوونە، بڵاوبوونەوە و ئاشناکردنی سەدان وشە و پێکهاتەی زمانەوانی شێوەزاری ناوچەی موکریانە، کە لە دوای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لەسەر دەستی چەند نووسەر و شاعێرێک (هێمن و هەژار و زەبیحی و قزڵجی..)، بە نووسەران و خوێنەرانی کورد ئاشناکران و تێکەڵ بە سامانی ئەدەبی و فەرمی زمانی باوی کوردی بوون». (١١) بۆیە بەکارهێنانی ئەم زمانە دەوڵەمەند و فراوانە لەم ڕۆمانەدا جوانی زیاتری بە ڕۆمانەکە داوە و خزمەتی زیاتریش بە زمانی کوردی دەکات و دەوڵەمەندتری دەکات.

## کەموکوڕی زمانەوانی:

لەگەڵ بوونی ئەم زمانە دەوڵەمەندە لە ڕۆمانەکەدا، بەڵام هەندێ ئیشکالی زمانەوانیشی تێدایە، کە هەندێ نموونەیان لێ دەخەینەڕوو.

لە شوێنێکدا دەنووسێت: ((لێوانلێو تژیی جوانی...ل٧٤))، (لێوانلێو) و (تژی) یەک مانایان هەیە و هەردووکیان بە مانای (پڕ) دێن، بۆیە دەبوو تەنها یەکێکیان بەکاربێت، ئەگەر (و) ی ئامرازی پەیوەندیش لە نێوانیاندا هەبا، دەمانگوت ئەمە بەکارهێنانی وشەی هاووتایە و بۆ دەوڵەمەندیی زمانەوانییە، بەڵام بەم جۆرەی نووسراوە هەڵەیە، (لێوانلێو لە جوانی) یان (تژی جوانی) بەس بوو.

((ئەمجارە گەشتێکی ڕۆحی گیانمە...ل٨٠)) (ڕۆح) و (گیان) هەردووکیان یەکن و یەکێکیان بەس بوو، ڕەنگە ڕۆماننووس مەبەستی (ناخی گیان) یان (قووڵایی گیان) بێت.

((ئەو لە حەژبەتی هەواڵەکە، بەبێ ئەوەی پرسمان پێ بکات، چوو سێ قۆدی ساردی لە کافتریاکەوە هاورد...ل١٢٣)). ئەم رستەیە لە ڕۆمانەکەدا باسی هەواڵێکی خۆشی و موژدەبەخشە، وشەی (حەژبەت)یش (کە لە نووسینە ڕێزمانییەکەیدا (حەژمەت)ە و ڕۆماننووس بە دەربڕینی ناوچەی گەرمیان نووسیویەتی حەژبەت)، ئەم وشەیەش بۆ پێچەوانەی خۆشی بەکار دێت، حەژمەت واتا «مەینەت، خەفەت، کەسەر، خەم». (١٢) بەڵام ڕۆماننووس بۆ خۆشی بەکاری هێناوە، ئەمەش هەڵەیە.

ئەمانە چەند نموونەیەک بوون لەو هەڵانە.

لێرەدا نابێ ئاماژە بەوەش نەدەین، کە ئەم ڕۆمانە بە هۆی خراپی تایپکردنییەوە، پڕییەتی لە هەڵە و کەموکووڕیی کە لە ژمارە نایەن، لە لێکجیاکردنەوەی یەک وشە و پێکەوەنووسانی وشەی جیاوازەوە بیگرە، تا دەگاتە ئەوەی بۆ نموونە (حاجی مەوجود) کراوە بە ((حاجی مەحموود...ل١٠٤))، (بڕیار) کراوتە ((بڕیار...ل١١٩))، (سابرێن) کە بە مانای «تەگە،

نێری» (١٣)ی بزن دێت، کراوەتە ((سابوێن...ل١٢١)) و دەیان نموونەی دیکەی لەم جۆرە، بەداخەوە نەدەبوو ئەم ڕۆمانە بەم خراپییە چاپ بکرێت، کە هەندێ جار چێژی خوێندنەوەش دەبات. هەڵبەت ئەو ڕستە و پەڕەگرافانەی ناو ڕۆمانەکە کە من لەم بابەتەدا بەکارم هێناون، بە پێی توانا هەڵەکانیانم ڕاستکردۆتەوە و وەکو دەقی ناو کتێبەکەم نەنووسیوونەتەوە.

## دەستێکی باڵای تەنزنووسین:

ئەو گفتوگۆیەی لەم ڕۆمانەدا لەنێوان (بوێر) و یەکێک لە ئەفسەرەکانی پۆلیس دروست دەبێت، کاتێ خۆی دەکاتە (شێت) بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێت ((ل٥٣ و دواتر))، بە زمانێکی تەنزئامێزی ئەوتۆ نووسراوە، نیشانەی بە توانایی نووسەرە و نیشانەی ئەوەیە ڕۆماننووس دەستێکی باڵای هەیە لە نووسینی تەنزدا، کە تەنزیش هونەرێکی بەرزی نووسینە و تەنانەت دەتوانرا لایەنێکی ڕۆمانەکە بە زەقی بکرابا بابەتێکی تەنزئامێز و بە تەنز ئەو ناڕێکی و نادادپەروەرییانە بخرابانەڕوو کە لە ڕۆمانەکە باس کراون و ڕەخنەیان لێگیرابا.

## سەرچاوە و پەراوێز:

١- سلێکوک هۆکلێر، ڕۆمان، عەبدوڵڵا سەڕاج- لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، لقی کەرکووک- چاپی یەکەم (٢٠١١).

٢- دەروازەیەک بۆ ئەدەبیاتی داستانیی، ن: جەمال میرسادقی، و: شەریف فەلاح- گۆڤاری هەنار ژمارە (٦١) فێبرایەری (٢٠١١)، ل١٢٦.

٣- ئەوانەی لە نێوان ئەم دوو جوتکەوانەیەدان ((...)) لە ڕۆمانەکە وەرگیراون.

٤- ڕووداو، ڕەچەڵەکیی سەرەکی ڕۆمانە، عەبدوڵڵا سەڕاج- گۆڤاری هەنار، ژمارە (٧٢)، یەنایەری (٢٠١٢). ل٨-٩.

٥- ڕۆمانی کوردی، ڕەخنە و پرسیار، بەشی یەکەم، سابیر ڕەشید- کتێبی ژمارە (٢٩) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم (٢٠٠٧) ل١٢١.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە یەکەم کەس لە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا باسی (هونەری میتاڕۆمان)ی کردبێ و لەبارەی نووسیبێ، نووسەر و ڕەخنەگر (سابیر ڕەشید) بوو، هەر ئەویش وشەی (میتاڕۆمان)ی لە بەرامبەر (ما وراو الروایە)ی عەرەبی بەکارهێنا و ئەو چەمکەی لە ڕووی زاراوە و زمانەوانییەوە هێنا ناو ئەدەبی کوردی و شی کردەوە.

٦- هەمان سەرچاوە.. ل١٢٣.

٧- هەمان سەرچاوە.. ل١٣٩.

٨- زمانی دیالۆگ لە رۆماندا، ن: عەبدولڕەحمان مونیف، و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگەنە- گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە (٨٢)، ئابی (٢٠١١)، ل ١٢.

٩- رووداو، رەچەڵەکیی سەرەکی رۆمانە.. ل١١.

١٠- کاروباری گێڕانەوە، زاهیر رۆژبەیانی- کتێبی ژمارە (١٠٩٦) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم (٢٠١١)، ل١٨٨.

١١- هەمان سەرچاوە.. ل١٨٨.

١٢- هەنبانە بۆرینە، هەژار-چاپی سێیەم، چاپخانەی سروش (١٣٨١)، ل٢٢٩.

١٣- هەمان سەرچاوە.. ل٤٠٥.



# کیمیاگەری وشە لە شیعرەکانی غەمگین بۆڵی
## ڕامانێکی تێکستۆلۆژییە

سەبیحە موحەممەد ئەمین
بەشی زمانی ئینگلیزی

شیعر ئاوێتەیەکی ئاڵۆزی کارلەیەککردنی ئەو بینا تراویلکەییانەیە کە لە نەسیجی زمانەوە هەڵدەهێنجرێن، ئەگەر شاعیر خودانی تێڕامانی فەلسەفی نەبێ، ناتوانێ بچێتە ناو ئەو سیستەمە شەترەنج ئاسایەی کە لە غیابی ئاگاییدا هەرەس دێنێت. مەنهەجی شیکردنەوی کیمیایی وشە Chemical words هەمووی چەند ساڵێکە لەسەر دەستی ڕەخنەگرانی ئەمریکی، وەک وەسیلەیەک بۆ خوێندنەوەیەکی تازەی تێکست لە بواری تێکستۆلۆژی کاری پێ دەکرێت. بۆیە خوێندنەوەی تتیکستی کوردی بەم مەنهەجە نەک هەر نەکراوە، بەڵکو ئەوە یەکەمجارە من هەوڵێکی ئاوا دەدەم. هیوادارم ڕێگەی ئەمە خۆش بکات، کە نووسەر و ڕەخنەگرانی تریشمان ئەو مەنهەجە دیراسە بکەن و لە بواری تێکستۆلۆژی کوردیدا پیادەی بکەن.

لە ناو کوردا:

لە دوای خانی و جەزیری و نالی

هیچ کەسێک نەیتوانیوە بچێتە ناو لابۆری زمان و لە ناو خەڵوەتی قووڵبوونەوەدا، خەریکی کیمیاگەریی وشە بێت، لەدوای ئەم سێ شاعیرە. جارێکی تر کیمیاگەری وشە لە سەر دەستی سێ شاعیری تر هاتنەوە ناو دیوەخانی ئەدەبی کوردی. ئەمانیش:

شێرکۆ بێکەس و کەریم دەشتی و بەختیار عەلی

کە هەتا ئیستایش کەس هێندە کارا وەکو ئەمانە سەرقاڵی ئەم کارە نەبووەو نییە. پاش ئەم سێ شاعیرە، ئیتر ناتوانین، بڵێین: کەسێکی دیکە هەبێت کیمیاگەرانە وشەی لە شیعر تەوزیف کردبێت. بەڵام ئەوەی تووشی شۆکی کردم، ئیکتیشافکردنی هەوڵێکە لەلایەن ( غەمگین بۆڵی)، کە بەداخەوە لەناو ژاوەوژاوی میدیاو بازاڕی کاڵای خراپدا، کەس ئاوڕ لە کارێکی وا ناداتەوە، کە دەتوانم بڵێم: وا خەریکە پرۆسەی کیمیاگەری وشە جارێکی تر لەلایەن لاوێکەوە هەوڵی بۆ دەدرێتەوە. ئەگەر سەر لەخۆی نەشێوێنێ و زیاتر لەسەر ئەم ئەدگارە بڕوات، ئەوا ڕەنگە سەرکەوتنێکی وا بەدەست بێنێ، کە بڵێین: ئەو پرۆسە قورسە لەلایەن لاوانی وڵاتەکەم هەتیو نەکەتووە.

غەمگین بۆڵی فەلسەفە لێنادات. غەمگین بانگەشەی زۆر زانی خۆی ناکات، غەمگین کار لەناو باگڕاوەندێکی مانادا دەکات، بەوە فەلسەفە پێشکەش دەکات.

حاڵەتی گواستنەوەی ئایدیا لە مێشکەوە بۆ پەنجە، حاڵەتی گواستنەوەی بەرهەم لە ئاستی ڕۆح بۆ ئاستی ماکەکی، بۆ ئاستی کەرەستە، بۆ ئاستی ناسووت، هاوتای ڕیکلامکردنی هۆشی خەفە بۆ وێنەی بینراو، هاوتای هاتنە خوارەوەی پایەی (بەها بۆ پایەی نرخ)، کە هەریەکەیان بە فاکتەرێکی جیاوازەوە خۆ لە لای غەمگین بۆڵی تەوزیف دەکەن. واتە:

**هەبوون ----------- ڕۆح**

**هەبوون --------- جەستە**

**دەگوازرێنەوە بۆ :**

**ڕۆح ---------- هەبوون**

**جەستە -------- هەبوون**

بۆڵی زۆر قووڵ و فەلسەفیانە ئەو کارلێکە کیمیاگەرییەی لە لابۆری شیعرنووسیندا، بەرهەمهێناوە. وەک:

وردە وێنەی تەڕ لە پەنجەکانم فیچقە دەکەن! ( رووتبوونەوەی وشەکان) لا١٠». «

ئەم کارکردنەی شاعیر غەمگین بۆڵی زۆر ئاڵۆزترە لەوەی بە سەرپێی وەربگیرێت.

کامۆ دەڵێت:

«وەرەوە ناو ژیان، ئەگەر ناتوانی بڕیاری لێ دەرچوونی بدەیت».

ئەوەی ئەلبیر کامۆ ناگاتە ئەوەی غەمگین بۆڵی! کە بە بێ بانگەشە بۆ فەلسەفەیەکی دیاریکراو دەری بڕیوە، غەمگین بۆڵی لە خۆ ون کردندا، دەڵێت:

«لە ئاوێنەشدا، خۆم بۆ نادۆزرێتەوە! ( ڕووتبوونەوەی وشەکان) لا٧».

**ئەو ئەکسیزتانسیالیزمەی بۆڵی دەری دەبڕێ جارێکی تر ناچارمان دەکات ئەو شیکردنەوە قووڵە لە پشتەوەی تێکستەکە هەڵچنین، کە بۆڵی هەرگیز بانگەشەی بۆ ناکات، چونکە ئەم دەیەوێت خودی (ماهییەت) و (جەوهەر) بدا بەدەستەوە، تەواو وەک ئەوانەی لەنێو کارهایەکی ئاڵۆزی فیکردا خودی فیکرییان بە سەراب کردووە.**

خۆ نەدۆزینەوەی غەمگین بۆڵی ونبوونێکی ئێکسیزتیانزە! واتە: هەر لەناو بۆتەی بوون ئەو ئاوێتە کیمیاییە لە مانا هەڵدەچنێ. چونکە ئەگەر تێکستۆلۆژیانە فۆڕم و ماهییەتەکە ئاوێزان بکەین، هێلی کارکردنی ( بۆڵی)مان بۆ دەردەکەوێت:

**مانا + فیکر**

**فۆڕم + ماهییەت**

بۆڵی چونکە بە ئاگاییەکی زۆرەوە، لە لابۆرەکەی کار دەکات، بۆیە سەیر نییە، ئەگەر ئەو ئاوێتە کیمیاییەی لە وشەکان دەیهێنێتە بەرهەم، لەژێر هەموو شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەیەکدا بگەڕێنەوە سەر ڕەگەزە بنچینەییەکانی.

مانا ======= لەئاستی بە دەستەواژەبوون:
لای غەمگین بۆڵی دەبێتە:
مانا=======١.بنچینە بۆ مانای ون
بنچینە بۆ میتا تێکست ٢.

گران نییە تێکستەکانی بۆڵی بخوێنیەوە، بەڵام ئاسان نییە بۆت دەربکەوێت، غەمگین بۆڵی چەند بە نهێنی کاری لە جەنگەڵستانی وشەدا کردووە، تاکو بۆت دەربکەوێت.
(جارێکی دیکەش)

دەستەواژە <————————>- پێچەوانەبوونەوە
پێچەوانەبوونەوە -<—————> گەمەی بە دەستەواژە بوون
گەمەی بە دەستەواژەبوون + پێچەوانەبوونەوەوە——————> تێکست لە حاڵەتی. بە ئاوێتە بووندا من ئەو نهێنیەم لە تێکستەکانی ( غەمگین بۆڵی)دا ئیکتیشاف کردووە، بۆیە بە درێژی کاری لەسەر دەکەم.
(جاک دریدا) دەڵێت: « هەڵوەشاندنەوە، دەمانگەڕێنێەوە سەر ڕەگ و ڕیشەکان».
تەواو وەک ( هابرماس) کە لە شیکردنەوەیەکی بۆ دەقی داستانە شیعرێکی کلاسیکی یۆنانی لەو باوەڕەدایە، کە دەق واتە: شەڕکردن لەگەڵ سەرکێشیەکانی هەڵچنینی مانا. غەمگین بۆڵی شاعیر ڕەنگە ئاگایشی لەم دوو تیۆرەی (دریدا) و ( لاکان) نەبێت، بەڵام بەو تیۆرە کاری کردووە. ئەم کیمیاگەرییەی وشە لە کاری ( بۆڵی)دا دەبێ بە تێڕامانی تێکستۆلۆژیانە شیکاری بۆ بکرێت، ئەگینا نا عەدالەتی لە شیعرەکانی دەکرێن.
«وریا بن شتێک دەشکێت!
ڕەنگە کەوتنە خوارەوەی بێتاقەتیم بێت،
لە دوا نهۆمی تەنیایی ...( ڕووتبوونەوەی وشەکان) لا١٦».

سەیر دەکەین، لێرەوە جارێکی دیکە ئەم پرۆسەیە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارە لە بەرگێکی دیکە، ڕێک وەکو ئەوەی ( هابرماس) لە دەقە گریکیەکە پێی گەیشتووە. واتە:

**ئایدیا——————————>زەمەنی ڕانەبردوو**


**ئایدیا——————————>زەمەنی کارلێکی وشە**

**ئایدیا—————————> زەمەنی داهاتوو**

( زەمەنی داهاتوو) لای بۆڵی دەبێتەوە، ئایدیا لە ئاستی کارلێکەکە .
(زەمەنی داهاتوو)لە دەقە گریکەکە، دەبێتە گەیشتن بە خاڵی کۆتایی.

بەپێی (هابرماس گەیشتن بە خاڵی کۆتایی، واتە:
). تێکست لە ناو کەوانەی مردن———————— ( تێزی سەرەتا
کەوانەی مردن، واتە: کۆتایی دەق—————— ( تێزی لاوە).
کۆتایی دەق، واتە: کوشتنی رەهەندی دیالەکتیک——— ( تێزی کۆتایی).
ئەگەر هەمان پێوانە بۆ غەمگین بۆڵی پیادە بکەین، دەبینین بۆڵی ڕێک هاتووە، ( هابرماس) ی بەهەمان شێوە پیادە کردووە، بەڵام هەرگیز تەقلیدو کۆپی ئەوی نەکردوو. ئەم هاتووە زۆر بە ئاگاییەوە خۆی لەوە پاراستووە لاسایی (هابرماس) بکاتەوە. ئەم لە ئاستێکی تر ئەو پرۆسە کیمیاییەی ئەنجام داوە:
تێزی کۆتایی (بەپێی بۆڵی)—————دەبێتە——— (کەوانەی مردن ).
رەهەندی جەدەلی، واتە: دیالەکتیک———دەبێتە——— (تێزی سەرەتا ).

سەیر دەکەین، لە سەراپای دەقەکانی ( غەمگین بۆڵی)دا (تێزی لاوەکی) بوونی نییە، بەمە ( بۆڵی) هاتووە خۆی لە ( هابرماس ) جیا کردۆتەوە.
واتە: کارلێکەکە لای (بۆڵی) زۆر بە ئاگاییەوە کراوە، ئەوەی من لەم لێکۆڵینەوەیەدا کارم لەسەر کردووە، ئیسپاتکردنی ڕاستییەکە، کە ئەو شاعیرە لاوە بە چاکی و بە ئاگاییەوە کار لەسەر کیمیاگەری وشە دەکات. واتە: هەر لەخۆڕا وشە ریز ناکات، کاری ئێمەی ڕەخنەگرە تێکستۆلۆژیانە کار لەسەر کردنەوەی ئەو کۆدانە بکەین. ئەوەی من سەرسام دەکات، ئەوەیە: ئەم لاوە چۆن ئاوا بەوردی پەی بەو ڕێسایە بردووە، کە هێشتا لای نەوەی نوێ شتێکی غەریبە؟ چۆن بەم میتۆدە دەق دەنووسێت؟! بەڕاستی هەق وایە، شاعیر کەمێک ڕۆشناییمان لەو بارەیەوە بۆ بخاتە بەردەم، تا لەلایەک ئاسانکاریەک بۆ ئێمەی ڕەخنەگر بکات، لەوەی بەهەڵە ئەو مەنهەجە لە شیکردنەوەی تێکستە ناوێزەکانی پیادە نەکەین .
تا لێکۆڵینەوە درێژەکەم لەو بارەیەوە، بڵاو دەکەمەوە: لەمەڕ چەند هەوڵێکی بۆڵی) و ( سۆران) و( رابەر)) هیوادارم کەس بە زیادڕەوی لێم نەگرێت، ئەگەر بڵێم کیمیاگەری وشە لەسەدەی هەژدەو نۆزدە لەسەر دەستی (خانی) و( جەزیری) و (نالی) کاری لەسەر دەکرا.
کیمیاگەری وشە لەسەدەی بیستەمدا، لەسەر دەستی (شێرکۆ بێکەس) و( کەریم دەشتی( و (بەختیار عەلی)دا کاری لەسەر کراوە. لە سەدەی پڕ لە ژاوەژاوی بیست و یەکەمیشدا، غەمگین بۆڵی دەیەوێت بەردەوامی بەو کار لەسەر کردنە بکات.
هیوادارم بە زیادەڕۆیی لەم ئیکتیشاف کردنەم نەڕوانن، کە لە هەوڵی سەلماندنی ئەو ڕاستییە، ساڵێکە کار لە شیکردنەوەیەکی تێکستۆلۆژی دەکەم، بۆ ئەوەی بە فەرامۆشکردن، منیش نادادپەروەری لەگەڵ ماندووبوونی لاوێکی نەتەوەکەم، نەکەم.



### شێوازیکی ناشیرین.

له ناو ئێمه زمانێکی بۆشی هەتا بڵێی بێ مانا له بارەی مەرگ و مردن باوە، دەڵێن : چی بکەین هەموومان دەمرین، ئاخیرەکەی جێگامان هەر قەبرە، مەرگێک قەرزارین، له کۆتاییدا هەموومان دەمرین، ئیتر تا دوایی. ئەمجۆره قسەکردنه تەعبیر له نەبوونی روانین و بیرکردنەوە دەکات. رۆژهەڵاتی نازانێ مەرگ یانی چی، ئەسلەن هیچ روانینێکی بۆ مەرگ و مردن نیه، هەتا روانینێکی کۆمەڵایەتیشی نیه، وەک خۆیشی مەرگ ناناسێ، تەنیا دەزانێ بمرێ، رۆژێ هەزاران جار دەمرێ، ئەمەش واته بازنەیەکی داخراوی بێ مانا که ئەستەمە هەڵکەوتێکی تایبەتی وەرگرێ تۆزێک له سنووری شارستانی نزیک بێتەوە، ئەسلەن ئەم زمانه زمانی ناشارستانی پله یەکه.

د. موحسین ئەحمەد عومەر



# ماڵی عەشق بۆنی قاوەی لێدێ

تەرزە فایەق

درەنگ کەوتین هاوڕێم
زۆردرەنگ لە دەرگای عەشقمان دا
دەرگا دەکاتەوە عەشق ئەمما
بە ڕیشی سپیەوە لە درزێکی دەرگاکەوە
بە گومانەوە لە شاگەشکەییمان ورد دەبێتەوە
ماڵی عەشق پڕە لە بۆنی قاوە
عەشق بە ڕیشی سپیەوە شیر تێکەڵی قاوەکەی من دەکات
بە دیار پارچە چوکلێتەکەی بەردەمی من لە ناو دەمی تۆدا لە خۆشیان دەداتە پڕمەی گریان
عەشق لە قاوە زیاتر هیچی تر شکنابات لە بەردەممان دانێت
ماڵی عەشق پڕە لە بۆنی قاوە
قاوە دەخۆینەوە
قاوە لە چاوی یەکتردا دەخوێنینەوە
باسی قاوە دەکەین
قاوەکان بەبیری یەکتر دێنینەوە
ئەو

لە سەقاڵبوونی مندا بە گۆڕینەوەی فجانی قاوەکانمان دەفتەری یادەوەریەکانی دەردێنێت
ماڵی عەشق بۆنی قاوەی لێدێ
درەنگ کەوتین ەاوڕێم
درەنگ لە دەرگای عەشقمان دا
دەرگا دەکاتەوە ئەمما
عەشق بە ڕیشی سپیەوە درزێکی دەرگاکە دەکاتەوە
ماڵی عەشق پڕە لە بۆنی قاوە
عەشق بە ڕیشی سپیەوە شیر تێکەڵی قاوەکەی من دەکات
عەشق بە دیار پارچە شۆکۆلاتەکەی بەردەمی من لە ناو دەمی تۆدا لە خۆشیان دەداتە
پڕمەی گریان
ئەمما
عەشق لە قاوە زیاتر ەیچی تر شکنابات لە بەردەممان دانێت
ماڵی عەشق پڕە لە بۆنی قاوە
قوە دەخۆینەوە
قاوە لە چاوی یەکتردا دەخوێنیننەوە
باسی قاوە دەکەین
قاوەکان بەبیری یەکتر دێنینەوە
ئەو
لە سەقاڵبوونی مندا بە گۆڕینەوەی فجانی قاوەکانمان دەفتەری یادەوەریەکانی دەردێنێت
عەشق چەند میهرەبان
وێنەی وڵاتە وێرانکراوەکانی دڵمان بە چاودا دەداتەوە
وێنەی قەتڵوعامی ئەو کچانەی لە تینوێتیان بۆ تنۆکێک سۆز بە حەسرەتی تۆوە وشک
هەڵگەڕان و وەک گەڵا ی پایز کەوتنە دەم با
خەجاڵەت خۆمان هاوڕێ
بە ڕیشی سپیەوە عەشق
دەفتەرەکەی نیشانی من دەدات
وێنەی ئەو پیاوانەی بەیانیان درەختئاسا جادەکانیان بۆ من دەکردە سێبەر و بە دڵڕەقیی
من ناوچەوان و لووتیان دەپژا و
شەوان لە
سەرمان قرچە قرچ لە باوەشی لەشفرۆشەکاندا دەسووتان
قاوە دەخۆینەوە
تا عەشق بۆنی قاوە نەگرێت ماڵی عەشق جێناهێڵین



# له ئەنتۆلۆژیای شیعری ژاپۆنی نوێ وه

و: نەژاد عزیز سورمێ

## ١ – درەخت شیعری ( خاتوو ) کورا – ڕۆمیکۆ

لەدرەختێکدا
درەختی تر هەیە هێشتا لەدایک نەبووە
چڵەکانی لەبەر (با) دا دەلەرزن
❊ ❊ ❊
لەتاقە ئاسمانێکی شین دا
ئاسمانی شینی دی هەیە
هێشتا لەدایک نەبووە
ئێستا باڵدارێک ئاسۆی تەی دەکا

❊ ❊ ❊

لەجەستەیێکدا
جەستەی دی هەیە
هێشتا لەدایک نەبووە
ئێستا منداڵدانی
خوێنی تازە دەگرێتەوە

❊ ❊ ❊

لەشارێکدا
شارێکی دیکە هەیە
هێشتا لەدایک نەبووە و
گۆڕەپانەکانی ئێستا
لەپێشمدا بەلادادێن..

## ٢ – سۆناتای ٣٢ شیعری: شۆنتارۆ – تانیکاوا

کەلەسەر کورسی دنیا دادەنیشم
ئەو کورسییەی خاڵی نییە
ناکاو ون دەبم، پاشان هاوار دەکەم:
تەنیا وشە بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

❊ ❊ ❊

خوداوەند بۆیەی دووڕوویيان
بەسەر ئاسماندا ڕژاند
چەندی هەوڵمان دا لاسایی ڕەنگی ئاسمان بکەینەوە
تابلۆ و مرۆڤ دەمرن
بەتەنیا درەخت لەڕووی ئاسماندا بەهێز.

* * *

دەمەوێ لەڤیستیڤاڵدا شایەدبم
چەندی لەگۆرانی چرپیندا بەردەوام بم
بەختیاری دێ درێژاییم بپیوێ

* * *

کتێبی زەمەن دەخوێنمەوە
هیچ نەنووسراوە، چونکە هەمووی نووسراوە
بۆیە بەپرسیاران وەردەگەڕێمە دوێنێ.

* * *

## ٣ – پەلکە زێڕینە شیعری: هیرۆشی– کاواساکی

دەنگ هات
باقسەبکەین

* * *

دەنگێکی کەسک بوو

* * *

کەواتە

* * *

دەنگ هات
با بئاخڤێین

* * *

دەنگێکی سوور بوو

* * *

دەنگی ئەرخەوانی و
دەنگێک لەڕەنگی هێلکە

* * *

دەنگەکانی تریش

❊ ❊ ❊

دەپەیڤین
لەبارەی خاکێکی نوێ وە دەپەیڤین
بەتەم و مژی سپێدە تەڕ بووە

❊ ❊ ❊

کە با توندتر دەبوو
قسەی دەگۆڕی

❊ ❊ ❊

هەندێ جار قاقای وێنەی شەپۆلان
پەرش دەبوون

❊ ❊ ❊

وا دیارە بەڕاستی بەختییارە

❊ ❊ ❊

بەئاسماندا
لێرە ولەوێ
قسە بۆیەکتر دەکەن.

❊ ❊ ❊

## ٤ – چوار هەزار ڕۆژ بەشەوەکانییانەوە شیعری: تامورا – ڕیئۆچی

بۆئەوەی قەسیدەیەک لەدایک بێ
چار نییە دەبێ بکوژین
زۆرشت بکوژین کەخۆشمان دەوێ
بەگوللە .. بەژەهر بیانکوژین.

❊ ❊ ❊

سەیری
تەنیا لەبەرئەوەی
چوار هەزار ڕۆژمان بەشەوەکانییانەوە
لەئاسمان ویست
زمانی چۆلەکە دەلەرزی
بەگوللە کوشتمان
چوار هەزار شەو و ڕوناهی دواوەی
چوار هەزار ڕۆژ
بێدەنگ بوون.
❊ ❊ ❊
گوێ بگرە
تەنیا لەبەر ئەوەی
لەهەر شارێک
پێویستیمان بەوە بوو
ئاسمانی ببارێنی
پێویستیمان بە فڕنی کانزایی
بەسەر شۆستەی بەندەران لەهاویندا و
بەکانگایان
پێویستیمان بەفرمێسکی
منداڵێکی برسی بوو
کوشتمان
خۆشەویستی چوار هەزار ڕۆژ و
بەزەیی چوار هەزار شەو
❊ ❊ ❊

ئەزبەری کە!
تەنێ لەبەرئەوەی
تەمەننای مردنی سەگێکی بەڕەڵڵامان کرد
ئەوەی دەبینێ کەئێمە نایبینین
ئەوە دەبیستێ، گوێمان لێی نابێ
بەژەهر کوشتمان...
خەیاڵدانی هەزار شەو و
یادگاری ساردی چوار هەزار ڕۆژ
* * *
بۆئەوەی قەسیدەیێک بنووسین
بێگومان دەبێ شتێکی گرانبەها بکوژین
ئەوە تاکە ڕێگەی زیندووکردنەوەی مردووانە و
چار نییە دەبێ ئەو ڕێگەیە بگرین.
* * *

## ٥ – کەجوانتر بووم شیعری: ( خاتوو ) نۆریکۆ– ئیباراگی

کەجوانتر بووم
زۆر شار دارمان و
ئاسمانی شین
لەشوێنێکی چاوەڕواننەکراودا دەرکەوت
* * *
کەجوانتر بووم
کەس دیارییەکی بەسۆزی نەدامێ
پیاوان لەسڵاوی سەربازییان زیاتر نەدەزانی ..
دەڕۆیشتن و نیگا جوانەکانییان بەجێدەهێشت.
* * *

کەجوانتر بووم
سەر بەتاڵ و
دڵ خاچ بوو
تەنێ ئەندامی جەستەم
ئەسمەرییان لێ دەدرەوشایەوە..
* * *
کەجوانتر بووم
وڵاتەکەم لەشەڕدا شکا
شتێکی بڕوانەکردە
قۆڵی کراسەکەمم هەڵکردبوو
بەناو شاری زەلیل دا سووڕامەوە.
* * *

کەجوانتر بووم
ڕادیۆ یەک بەخۆ
مۆسیقای جازی پەخش دەکرد
هەڵملووشی
ئەو مۆسیقا ڕۆژئاواییە جوانە
سەرم سوڕا
وەک ئەوەی
پاش وازهێنانێکی زۆر
بۆجگەرە گەڕابمەوە.
* * *

کەجوانتر بووم
دەبەنگ و بەدبەخت بووم
زۆر خەمۆک
بۆیە بڕیارم دا ( ئەگەر بتوانم )
زۆر بژیم
وەک باپیرەی فەڕەنسی ( رۆئۆ )
کەلەپیریدا
تابلۆی نایابی کێشان.

## سەرچاوە:

لەچاپی دووەمی— ( سفينه الموت — انتطولوجيا الشعر اليابانى الحديث ) یەوە بەوەرگێڕانی ( محمد عظيمه و کاورو— یاماموتو) بۆ عەرەبی کەلەلایەن دەزگای ( التكوين ) لەدیمەشق ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە، کراون بەکوردی.



# دەنکە زیخەکان

**تەیب قادر**

تا، بەردەکانی تەمەن پیر نەبوونە
گەرموگوڕی پەشیمان نەبۆتەوە
پێڵاوەکان بەتاڵ نەبوونە
دەرگا نەچۆتە پەنجەی درەنگ بوون
هەوا لەنێو باڵی قەتێیەکدا نەخنکاوە
تکایە ئاگات لە نەهاتنت بێ.

دونیات لەپێش دادەنێم
خامۆشییت بۆ دەکەمە ختووکە
ڕەشت بۆ دەکەمە پەمەیی
شەوت بۆ دەکەمە پەرداخ
گەردوونت بۆ دەکەمە کتێب
پیاسەت بۆ دەکەمە کراس
خەونت بۆ دەکەمە تاوس.

هەتاو ناتوانێ پەلکە سێبەرەکان بناسێتەوە
گریان ناتوانێ خۆش بڕوا

گێلاس ناتوانێ نەرمی بخافڵێنێ
تەنیایی ناتوانێ  ئەستێرە بەسەر درەختەکان دابەش بکا
کوکوختی ناتوانێ مۆسیقا بگرێ
کۆتر نازانێماڵی گەنم لە کوێیە
کاتێ ترێ بێ ئیمان دەبێ
دەزانم، تۆ دەزانی ترێی بێ ئیمان
یانی کۆتایی فرمێسکی مرۆڤ.

ژیان وەک کراسە کۆنەکەم تەنک تەنکە
واز لە ژماردنی دەنکە زیخەکان بێنە
پیاڵەی دڵت، بۆ سینگی ساردم
 پڕ پڕ لە ئاگری شین شین بکە.

هێشتا، چاوەڕوانی هەر لە نێو پارچەیەک با  دانیشتووە
یار هەواری هەناری نەدۆزیوەتەوە
کات ماوە بۆ ئاوازی لە پێ کردنی تاکێک گۆرەوی
گێزەر نامەیەکی ماوە بۆ گەورەبوون بینێرێ
شەو بازاڕی نەکردوە و
مشکەکانیش لە نان خواردن نەگەڕاونەوتەوە
کەواتە
هێشتا دەستمان پێنەکردووە.

کاتێ ڕەنگی سپی مۆر مۆر دەبێ
ئاسمان بانگ دەدات و
درەخت و ئاو دەچن بۆ نوێژ کردن
سڵاوی باخ یەخەی ژن دەگرێ و
شەقام گاسی قەڵەباڵەخی دەکا
ڕووناکی دەچێتە نێو سێوێک و
دڵی لەتێک دڵخۆشی دەخروشێنێ
تۆ لەو کاتەدا وەرە.

# زوڕناژەن

**نەوزاد ڕەفعەت**

پاشا شکاش
زوڕناژەن.. هەر پێیدا هەڵدا
هەڵی دایە دوندی چیا
هەڵی دایە تاقی ئاسمان
پاشای دۆڕاوی گەنجینە و ژیان بەتاڵ
تاژی و تووتی
کەنیزەک و هەسپ و تەختی
خولام و شیر و شتی دیی
هەرزان.. هەڕاج.. بەتاڵان دان
زوڕناژەن هەر فیق فیق دەیژەند
بەڵام کاتێک زوڕناکەی خۆشی فرۆشرا
ئەوسا جاڕی دا پڕ بە شار
پێی گوت: کەڵەشێری مردار

(شا) بە دەستی پڕ نوقڵ و
گوڵ و
میهرەوە
لە دەرگایەکی نەدابوو
بۆیە کە زریان تێی ئاڵا!!
کە لێی باری بەردی بەڵا
یەک تاقە ماڵ
بۆی نەبووە باوەشی قەڵا!!
٢٠١٢



# تفەنگی بیست لوولە

ڕێبین ئەحمەد خدر

سپێدە دەکۆکێ، ئەوانەی لە خەونەکانیان دا یەکێک بەدوایانەوەیە
یەکێک بە جلێکی سوورەوە، قژێکی شین و ترسناک
ئەوا بە ئاگادێنەوە — کات بۆ پاسەوانانی تاریکییش هیچ نییە
باڵ لەیەکدەدا و دوور دەڕوا، دوور، هیچ ئاسمانێک نایگەیەنێ
بە گوندە دڵخوازەکەی خۆی — بە چەترێکی دڵنشین

سپێدە دەکۆکێ و لە زەوییەکی تەختدا، تەنانەت پێم باشە
بڵێم لە دۆڵێکی قوڵدا بەخەبەردێمەوە، چاوەکانم خوێناو دەردەدەن و
تفەنگێکی بیست لوولە لە دەستی چەپم، لە دەستی ڕاستیشمدا کەللەسەرێکی گەورە —
کەللەسەری ژنێک، قاقا بە ددانە ڕەشداگەڕاوەکانیشی پێدەکەنێ
خۆم لە ئاوی گەرماوەکە هەڵدەکێشم و
دەست بە تفەنگێکی سەمەرە و کەللەسەرێکی سامناک
دەردەکەوم

ئەوەتا هەر من نیم! پۆل پۆل خەڵک دەبینم شتی ناو خەونەکانیان
بەسەر سەر و دەست و قاچیانەوە — ئاسوودە و دڵشادیش
پیرەپیاوی ڕۆژنامەفرۆش کچێکی ڕووت و قووت بەسەر شانییەوە
قاچێکیشی خستۆتە ناو تۆپەڵێک موو، کچەی ڕووت پێکەنینی وروژێنەر دەردەدا و
بانگ دەکا : ڕۆژنامەی ئەمڕۆ، ئەمڕۆ — سووتانی دارستان
لەدایکبوونی منداڵی ئەکتەر و هونەرمەندان — کوشتنی سەرۆکەکان
ئەمڕۆ، ئەمڕۆ

نانەوا، لەناو سەتڵێکی گەورەی خوێن دانیشتووە و
نان دابەش دەکا — نانەکان دەبنە تابلۆی سوور

ڕێگا دەبڕم و لە نزیک چێشتخانەیەک — پیاوێکی باڵابەرز
تەقەم لێدەکات، بیست لوولە دەخەمە کار و
چێشتخانەکە دەهاڕم ، ئینجا بێ هەواڵ ڕادەکەم — ڕادەکەم

دار سنەوبەرێک دەبینم، باڵدارێکی فیلەتەن بەسەر سەرییەوە
هیچ مانایەکم بۆ خەونی دارو درەخت پێ نییە و — پێ نییە
ژنێک لە ژێر پردێکدا لە باوەشی دێوێکی ڕەشدا
دەستەکانیشی لە دواوە — چەکوچێکی ئاگرین نیشان دەدەن

سپێدە دەکۆکێ و دەکۆکێ — بە بیست لوولەیەک و کەللەسەری ژنێکی ناشیرینەوە
بەناو شەقامەکاندا کە جۆباری خەون و ترسن تێدەپەڕم
بیرم نییە، بەڵێ بیرم نییە خەڵکی کوێ و باوک و دایکم
ناویان چی بوو
دەشزانم ماڵەکەمان پێ نازانمەوە — بیرم نییە لە بنەڕەتدا کێ بووم
هەر خول دەخۆم و خول دەخۆم
شوێنیش بۆ ئەوانەی ناگەن بە هیچ کوێ — دەرزییەکە دەچەقێتە گوێچکەوە


شۆفێری تاکسییەک خۆی بەچەندان پەڵەهەور داپۆشیوە
لە دەمیشیدا ڕوناکییەکی شین — هەر دەڵێی
ئەستێرەیەکی بچکۆلەیە، پێ دەبێ و دەکوژێتەوە

شار درێژە بەخۆی دەدا و هەرچی شت هەیە لە خەونەکان ڕزگاری بووە و
هاتۆتە دەر
لە باخچەکاندا دێوەزمە و بوونەوەری ترسناک بەتەنیشت یەکەوە لەگەڵ خاوەنەکانیان پیاسە
دەکەن — ئاوی ڕەنگین و گۆچانی ئەفسووناویی
خواردنی بەتامی بەهەشت و
مەنجەڵە داغبووەکانی دۆزەخ

سپێدە دەکۆکێ و من هەر بەڕێگاوەم
لە نزیک چایخانەیەکەکدا — کە داپۆشراوە بە خەڵکێکی بارکراو بە خەون
ژنێکی بێ سەر! وای! ژنێکی بێ سەر دەبینم و
تفەنگێکی بیست لوولەش لە دەستی چەپیدا
لە دەستی ڕاستیشیدا کەللەسەری من — کە ددانەکانم بێ هۆ دەجولێن و — قاقا بەرزدەبێتەوە
( کەواتە بێ سەرم!)

دنیا تاریک دادێ و سپێدە دەکوژێتەوە
لەگەڵ ژنەکەدا بەرەو ڕووی یەکتر — قاقای هەردووکمان ، هەروەها تەقەی بەردەوامی بیست لوولەی هەردووکمان
کەچی هێشتاش بەیەکتر دەگەین  و باوەش لەیەک دەدەین
کەللەسەرەکانیشمان دڵخۆش — بەیەکەوە لە پێشمانەوە دەڕۆن
ئێستاش بیرم نییە خەڵکی کوێم و دایک و باوکم
ناویان چی بوو

هەموو شتێکی پێشوو بەسەرچووە — شار پڕبووە لە شتی ناو خەونەکان
منیش ئەوەتا لەگەڵ ژنەکەمدا بەختەوەر، هەموو ڕۆژێک بە تفەنگی بیست لوولەوە
( کەللەسەرەکانیشمان لەناو کۆشدا، وێنەی منداڵی ژیکەڵە)
تەقە لە ڕابردوو دەکەین!






# لانەواز لە گەردوگوڵی بەیانیدا

شیعری فەیاد جامیس
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی

دوای ئەم شەوە درێژە، ئەم بەیانییە ڕەنگ سیسە لە پاریس،
لەسەر هەردوو شانم دادێ و ئازیزمە ئەم شنەبایە.
خەزانە و گەڵاکەوتووەکان لەسەر شەقامەکان دەخشێن،
لەسەر شۆستەکان، لەدەوری سەری سواڵکەرەکان کۆدەبنەوە.
ئەوان هێشتا نووستوون،
ژنێک هەستایەوە و چوو کڵاوێکی هەڵگرتەوە،
کە لەبەرپێی یەکێک لە نووستووەکاندا کەوتبوو و
ڕووخساری ئەوەی پێ داپۆشی.
ئەوینی ژنەی بن ئەم پەڕۆ ڕەشە شیتاڵ شیتاڵانە
لە گوڵی بێڕەنگی ئەمڕۆ دەچێ، لە کۆتر دەچێ،
کە لەسەر دووکەڵ، کریستاڵ و زیوی ‹› سێن››دا،
باڵ لێک دەدا و هەڵدەفڕێ.

کازیوەی ئێرە وایە، ئێستا کە ئەمەت پێ دەڵێم پاییزە،
وایە خۆرهەڵاتنەکە، شار مردووە و مرۆڤ دەتوانێ،
جومگەکانی بجولێنێ و کەس هیچ نەڵێ،
پۆلیسەکان تەپەدۆر لە گوێ نووستوون.
قانوونەکان نووستوون، هەژارییش خەواڵووە،
منیش هەر دەسوڕێمەوە،
من یەکەم مرۆڤم لەم ڕۆژە نوێیەدا،
وەک ئەوەی شار ژنی من بێ،
بینیشم بە ڕووتی بنوێ و
ئاسمان لە پشتی ئەو لە دایک بێ.

وەهایە پاریس، پێت دەڵێم هەندێجار خەون دەبینم کە بۆ وڵاتێکی مردوو هاتووم
پاش دوا بۆمبا، ئەوسا هیوایش مرد.
زۆر تێناگەم، لێ هەست دەکەم لەم شارە ترسناکە جوانە گەورەیەدا،
کە ناوی ‹‹پاریس››ـە، وەک ‹‹ڕۆبینسۆن کرۆس››م.
لە هەموو لایەکەوە پشیلە دەردەکەوێ، بەیانی باش،
بەرمیلەکانی زبڵ پڕن لە بووکەشووشەی شکاو،
جلوبەرگ، میوەی بۆگەن و کاغەزی دڕاو،
کاغەز کە تێیدا فەرامۆشیی قەتماخەی ڕەشی لەسەردا بە جێ هێشتووە.
جیهان، شارستانی، هەموویان مردوون،
تەنێ من و پشیلەکان ماوین.
بۆ خۆم لە نزیک یەکێک لەم پردانەدا، خانووێک هەڵدەبژێرم،
ڕەنگە ئەم پەنجەرە پەردە سوورە،
یان ئەوەی کە خۆی لار کردووە و وەک ئەوەی بیەوێ بەیانی باشم لێ بکا.
بەڵام نا، ئەمە ڕاست نییە، لەو دیوی دیوارەکاندا مرۆڤ هەیە
کە هەناسە دەدا، پرخەی دێت و خەون دەبینێ،
مرۆڤ، کە ڕەنگە هاوارێکی ونبووی ناو دۆڵێکی ئاڵی سەردەمێکی هاتبێتەوە بیر،
مرۆڤ، کە ڕەنگە بیر لە مۆدێلی نوێی ئۆتومبیل،
لە کاری خۆی، لە خۆشەویستی،
ڕەنگە بیر لە مردن بکاتەوە.

ئەم پەڵەیەی ناوەڕاستی ڕووبار کارتۆنێکە،
من وامزانی کیسەڵە، وامزانی خنکاوێکە،
تەنیا کارتۆنێکی سێ گەڵا لەتەنیشت سەرئاورۆیە،
وەک سێ دڵی هەنگوینیی زەرد،
وەک سێ تیپی پاییزییە.
چۆن دووکەڵ لە جگەرە بەرز دەبێتەوە
ئەوهایش درەخت لە رووبارەکەوە سەر دەردێنێ.
ئێستایش کۆترێک وەک سێبەرێکی سپیی سەر ئەم ئاوە خۆڵەمێشییە، باڵ لێک دەدا.
ئاودەسخانەکان وەک هەندێ کڵێسای ‹‹کاستیلین›› هەمان جوانیی بەڕازیان هەیە،
دەچمە ناویانەوە و هاودەم خەیاڵ دەمباتەوە،
هاودەم لە دەوری خۆشەویستەکەم، لای خۆشەویستترین شتم لە جیهاندا،
لای ئەم گەڵایانە دێم و دەچم.
چرای هاتووچوون ڕێگە بە پشیلەکان و با دەدن، لە شەقامدا بپەڕنەوە.
لەسەر نێوچەوانی بێڕەنگی ئەمڕۆدا، ئەستێرەی ڕەنگ بەردەپیرۆزەیی دەدرەوشێتەوە.

دوێنێ ئێوارە باسی جەنگمان کرد، هەر باسی جەنگ،
جەستەی کەفکەری مردوو، جەستەی مردوو،
لێ، هەموو کەس نازانێ، بۆ نموونە لەم کاتەی ڕۆژدا،
ئەو کاتەی عەرەبانەی سپیی شیردابەشکەر لەپشت ئەسپی چوارپەل شەکەتە،
ئازادی چەند خۆشە.
کچیکی ئیسرائیلی باسی هەرزەکاریی وڵاتی خۆییم بۆ دەکا،
ئەو ئایینی نییە، ئەو ‹‹پاریس››ی خۆش دەوێ. ئەو جیهانی خۆش دەوێ،
سبەینێ هەموومان ڕووخسارمان گەنمڕەنگی دەبێ و
بە یەک زمان قسە دەکەین،
ئێوە ئەی ژەنەڕاڵەکان، ئەی  بازرگانەکان،
ئێوەیش کە چاویلکەکانتان لە تێل و خۆڵەمێش دروست کراوە،
ئەگەر حەزیش نەکەن، ئەوا ئەم ژیانە نوێیە،
ئەم مرۆڤە نوێیە، لەسەر جومگەکانتان
لەسەر جومگەکانی من و لەسەر زیخی دوای ‹‹نوترێ دام››دا
شارەکانیان دروست دەکەن.

له یەکەم سەموونخانەی کە دەکرێتەوە، سەموونێکی گەورە دەکڕم،
وەک کە لە وڵاتی خۆیشمدا وام دەکرد،
لێ ئێستا، هیچ هاوڕێیەکم لەگەڵدا نییە و
ئیدی بیست ساڵیش نیم.
ئەوسا سێبەرەکان جوداتر خۆیان دەنواند،
دەبوو فیکەم بکێشایە و
نەمدەتوانی کچێکی پرچ زەرد لە خەیاڵم وەدەرنێم.
بەڵام، هەموو ئەوانەم لەدوای خۆم بە جێ هێشتن،
ئێستا ئەوە گرنگترە کار بکەم، بۆئەوەی بژیم.
چەند پاسارییەک دەجریوێنن، گەڵا سیسەکان دەوەرن.
لە کەشتی و پردە سپییەکانی ڕووبارەکە دوور دەکەومەوە،
لەوە دەچێ باڵەخانەکانی بەسەر سەرمدا بڕووخێن.
دوای سەدان ساڵ ئەم خانووانە وێران دەبن و بەرز و نزم دەنوێنن.
خەیاڵم بۆ ناخۆشترین بەسەرهات دەبا Rue du Chat-qui-Pêche .
لێ، وا باشترە بەردەوام ببم و بڕۆم، ئەمە کازیوەیە، کازیوە،
دەست لە گیرفانەکانی شەڕواڵم، بەردەوام بم، بەردەوام.
دوو قەساب بە تەور کەوتوونەتە سەر گۆلکێک.
ئەمە دیمەنێکی خۆش نییە، لێ هەر حەز دەکەم بوەستم و تەماشای بکەم،
ساڵی ١٩٥٦ ـە و هێشتا لە گیانمدا ڕۆحێکی قەسابیم هەر هەیە.
ڕەنگە سبەینێ وا نەبێ،
ڕەنگە ئیدی قەساب و جەللادەکان نەمێنن،
ئەم دڵەی من لە یەک کاتدا، خۆی جەللادە و قوربانیشە،
دڵی تۆ، دڵی تۆ بۆ گوڵەبەڕۆژەی نوێ،
دەبێتە بەنداو، دەبێتە ئاو، دەبێتە با.
هەر تۆوێک هەنگێکی خەواڵووە.

ئەم ڕۆژە سیسە سپی بوو، ئێستا زەرد دەنوێنێ.
دووکەڵکێشی هەندێ سۆبە دووکەڵیان لێ بەرز دەبێتەوە،
لەوەدەچێ تازە ئاگردانییان خۆش کرابێ.
کە خۆر بەقەد گوڵەگەنم لە ئەژنۆبەرزدایە،
سەربازێک بە هەگبەیەکی گرانی سەفەرییەوە،
بەرەو ‹‹گارێ دی لیون››، بەرەو میسر، بەرەو مەرگ ڕەتدەبێ.
ژنێک بۆ سەرکار پاسکیل لێدەخوڕێ و ڕەدەبێ
ئەم ژنە هەموو رۆژێ، هەموو ژیانی
بۆ سەرکار پاسکیل لێدەخوڕێ.
لۆرییەک شەراب و هەراوهۆریا و تیشکی کازیوە بارکردوو ڕەتدەبێ.

وا گەیشتوومەتە بولیڤاردی ‹‹ساینت گێرماین››، لووتم بە پەنجەرەی کتێبخانەیەکەوە نووساند.
ڕۆژێک فەرهەنگێکی باش، کۆبەرهەمی رامبۆ، زۆر کتێب دەکڕم،
وا باشترە باسی ئەوە نەکەم.
لە هەموو شوێنێکدا سواڵکەرەکان ڕاکشاون و خەوتوون،
ئەمەیان یەکێکە و لە منداڵ دەچێ.
لە نێوان سەری و چیمەنتۆی شۆستەکەدا، هەر ئاسنبەندێکی سڕ هەیە،
غەریبیی قاوەی بە شیر دەکەم، برسی و تێنووم،
ئەم کازیوە زەردە تامی لە دەمدا ناخۆشە.

‹‹پاریس›› خەریکە هەڵدەستێ و ئیتر من هیچ ‹‹رۆبینسۆن›› ێک نیم،
لەڕاستیدا نامۆییێکم، لە ڕاستیدا تارماییەکم،
لەڕاستیدا مرۆڤێکم کە نەخەوتووم،
لە کازیوەی پاییز گەڕۆکی ناو شارم ئەمن،
لە هەمان کاتدا ڕەنگە ئێستا خۆشەویستەکەم سەرنجی بەرزایی چیایەکانی ‹‹پێروو››،
یان ئاسمانی ساماڵی ‹‹چین›› بدا،
من ئەمە نازانم، پێیەکانم ماندووتر، شەکەتتر دەبن،
ئەمە هەموو شتێکە، ئەمە هەموو شتیکە.


**فەیاد جامیس ١٩٣٠ — ١٩٨٨**

شاعیر، ڕۆژنامەوان، سیاسی و هونەرمەندی شێوەکار بوو. لە دایکێکی مەسیکی و باوکێکی کوبایی بە ڕەچەڵەک لبنانی، لە مەکسیکۆ لە دایک بووە. منداڵ بووە، کە لەگەڵ دایک و باوکی هاتووەتە کوبا و تەمەنی منداڵی و گەنجی لەوێ ژیاوە. لە نێوان ساڵی ١٩٥٤ — ١٩٥٩ لەگەڵ ژن و کچەکەی لە پاریس ژیاوە و لەوێ بە هاوکاریی ‹‹ئەندرێ برێتۆن›› پیشانگەی کردووەتەوە. ١٠ دیوانی بڵاو کردەوە و ئەو شیعرانەی لە پاریس نووسیونی، بە شیعرە جوانەکانی ئەو دەزانرێن. ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە کوبا و لەوێ لە زانکۆ بووە بە مامۆستای هونەری شیوەکاریی. تابلۆ هونەرییەکانی ئەو لە مۆزەخانەی نەتەوەیی کوبا، هەڵواسراون. ساڵی ١٩٨٨ لە کوبا بە نەخۆشی مرد.

**سەرچاوە:**

KUBAS POETER drömmer inte mer
Urval och översättning av Lasse Söderberg
١٩٦٩ FIBs Lyrikklubb Stockholm

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (هارییت بیچەر ستۆ): « ئەو خاتونە بچکۆلەیەیی شەڕە گەورەکەی هەڵگیرساند»



شاهۆ قادر

**« بمبورە گەورەم ، خۆشی و کامەرانی من هەرگیز لەوەدا نییە لە ئێوە دوور کەومەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە ئیتر ئازاد و سەربەست دەبم، بەڵام ئەوەش بزانە کە ژیانت لێرە زۆر بێ گیرمە و کێشەترە لە ژیانی ئازادیت»!** (١)

### کۆیلایەتی:

کۆیلایەتی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە . میژوویەکە پڕە لە ناشرینی، پڕە لە بێ بەهاکردنی مرۆڤ . مرۆڤ لە ناوکۆمەڵگای کۆیلایەتی هەمو شتێکە ، تەنها خۆی نییە .مێژوو پڕە لە نمونەی کڕین و فرۆشتن مرۆڤ و بە کۆیلە کردنی .هەربۆیە کۆیلایەتی لە هەمو سەردەمەکاندا بە دی دەکرێت بەڵام لە شێوازی جیاواز. ڕەش پێستەکان نمونەیەکی بەرچاون لە مێژووی کۆیلایەتیدا کە هەمیشە داگیرکەرەکان ،بە شێوەیەکی ئاشکرا و بەربڵاو بازرگانیان پێوە کردوون . «پورتوگالییەکان یەکەمین نەتەوە بوون لە ئەوروپا ساڵی١٤٤٤ دەستیان کرد بە کۆیلە کردنی ڕەش پێستەکان ، لە دوورگەکانی رۆژئاوا و ناوەڕاستی کیشوەری ئەفریقا. هەروەک ئاژە ل ساڵانە ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ کۆیلەیان دەگواستەوە . وڵاتی فەرەنسا یەکەمین وڵات بوو کە لە چواری شوباتی ١٧٩٤ کۆیلەی موستەعمەرەکانی خۆی ئازاد کرد .»کۆیلایەتی لە ولاتی ئەمریکا هەر بەردەوام بوو تا پاش شەڕی ناوخۆیی ، کە خوێناویترین شەڕە لە مێژووی ئەمریکا کە زیاتر لە ٦٢٠٠٠٠ سەریاز و خەڵکی مەدەنی بوونە قوربانی، پاش چەند ساڵێک

له شەڕی ناوخۆی ئەمریکا ، له بەهاری ساڵی ١٨٦٥ یاسایەک دەرکراو کۆتایی بە کۆیلایەتی هات لە ئەمریکا» (٢)

## هارییت بیچەر ستۆ:

یەکێک لەو دەنگانەی کە دژ بە کۆیلایەتی بوو لە ماوەی شەڕی ناوخۆی ئەمریکا (١٨٥٦_١٨٦١) . خانمە نووسەر (هارییت بیچەر ستۆ) بووە . کە لە ڕێگای رۆمانی (کوخەکەی مام تۆم) ەوە کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر کۆی کۆمەڵگای ئەمریکی . ناوەڕۆکی ئەم رۆمانە قسەکردنە لە سەر ئەو ئەو دونیا ناشرینەی کە لە سایەی رژێمە ستە مکارییە کان کە مرۆڤ تێیدا دەیگوزەرێنبێت . کە مرۆڤ دەبێتە ئالەتێک بە دەست بارزگانەکانەوە بە کەیفی خۆیان کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت . مرۆڤ لە ناو ئەم رژێمانەدا دەبێتە هەموو شت تەنها نابێت بە خۆی. لەو کاتانەی مرۆڤەکانی ئەمریکا لە ناو ئەم رژێمە دڕندەیە ژیانیان دەگوزەراند جیاوازییەکی گەورەی رەگەزی و چینایەتی هەبووکە خراپترین جۆری ڕەگەزپەرستی بوو . کە لە بەرامبەر ڕەشپێستەکان ئەنجامدەدرا بە تایبەت لە باشووری ئەمریکا , ڕەش پێستەکان تەنها کاریان کۆیلایەتی بوو، کە بە دڕندەترین شێواز دەچەوسێندرانەوە . جگە لەوەش لەو سەردەمەدا یاساییەک هەبوو بێ سڵەمینەوە سزای ئەو کەسانەشی دەدا کە یارمەتی یان سۆزێک یان بەزەییەکی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر بە کۆیلەیەکی راکردووی لە خاوەنەکەی . هارییت بیچەر ستۆ لە م چیرۆکەی زۆر بە سادەیی باسی ئەو کارەساتەمان بۆ دەکات .کە لەو قۆناغە مێژووییەدا مرۆڤی رەش پێست چۆن وەکو ئاژەڵ دەکڕدرێن و دەفرۆشرێن و لە ژێر قامچی زۆردارەکاندا لەشیان دادەڕزا و گیانیان دەردەکێشا لە لایەن خاوەنەکانیانەوە . هەمیشە ئەوەش کارێکی ڕەوا بوو بۆ ئەوان ، وەک ئەوەی بە (مام تۆم)یان کرد .ئەم چیرۆکە لەوکاتەدا بڵێسەی تەقینەوەی شۆڕشێک بوو . بە سەر ئەو زوڵم و زۆرداریيەی دەکرا بە تایبەت لە باشووری ئەمریکا .هارییت بیچەر ستۆ یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی ئەمریکایە. کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ڕزگارکردنی ئەمریکا لە کۆیلایەتی ،ئەم خانمە لە بەرواری ١٤ حزەیرانی ١٨١١ لە ویلایەتی کونکیتکتی ئەمریکا لە دایک بووە ، ، منداڵی حەوتەمی قەشەیەکی پرۆستانتی بووە، لیمان بیچەری باوکی سەرۆکی پەیمانگای لینی لاهوتی بوو. هارییت منداڵێکی هێمن و لە سەر خۆ بوو . لە گەنجێتیش ماوەیەک پیشەی مامۆستایی دەکرد تا تەمەنی گەیشتە بیست و پێنج ساڵێک .هارییت زۆر خەریکی خوێندنەوە و لیکۆڵینەوە بوو لە سەر ئاین و کۆمەڵ . ئاین وەک دەستوورێک بۆ چاککردنی ژیانی کۆمەڵگا تەماشا دەکرد دژ بە چەوسانەوە و نائومێدی ، کە ئەمەش لە باوباپیرانی بۆی مابۆوە . (هنری وارد بیچەر) کە برا گەورەی بوو . پیاوچاکێکی کۆمەڵایەتی بە ناوبانگ بوو .کە یەکێک لە سەرکردەکانی جوڵانەوەی بەرەنگاری__ ئۆپۆزسیۆن بوو ، بۆ خەبات و بنەبڕکردنی رژێمی کۆیلایەتی .یەکەمین کتێبی هارییت ستۆ کتێبێک بوو لە سەر جوگرافیا بۆ منداڵان ، لە گەڵ چەند چیرۆکێک کە کاڵ و کرچ بوون .

ستۆ لە نیوان سالانی ١٩٣٢تا١٨٥٠ لە سنسناتی ئۆهایو ژیا .لە سالی ١٨٣٥ ژیانی خیزانی لە گەل پرۆفیسۆر (کالڤن ستۆ) پێکدەهێنێت .کالڤن لە سالی ١٨٩٦ کۆچی دوایی دەکات ، کە قوتابی پەیمانگاکەی باوکی بوو، پاش شووکردنی بۆ ماوەی یانزە ساڵێک تەنها خەریکی کاروباری ماڵ و خێزان بووە ، لەو ماوەیەدا حەوت منداڵی بووە . کاتێک تەمەنی گەیشتە چل ساڵ . دەستی کرد بە نوسین و بڵاوکردنەوە تا لەو ڕێگایەوە منداڵەکانی پێ بژێنێت .

## قەشە جۆزیا هنسۆن نمونەی کۆیلەیەک بۆ دروستکردنی کارەکتەری مام تۆم:

هارییت پیچەر ستۆ ،بیست ساڵ بەر لەوەی دەست بکات بە نووسینی ئەم ڕۆمانە (کوخەکەی مام تۆم) ، بە بیری داهاتبوو .کە شتێکی لەو جۆرە بنووسێت . بەڵام ناوئاخنی چیرۆکەکەی کاتێک کە لە مێشکی بە تەواوی چەسپا گەشتەکەی بوو بۆ هەرێمی (کەنتاکی) و نالەباری و ئەو بارە ناڕەوا و ستەم و کوێرەوەریی و جەرگبڕەی کۆیلەکانی خوارووی وڵاتەکەی بە چاوی خۆی بینی. بۆیە دەستی کرد بە گەڕان و کۆکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی لە ئاکامی چەوساندنەوە و دەستدرێژی سپی پێستەکان بە ئەنجام دەهات و هەردەم گوێی هەڵدەخست کە دەنگ و باسی ڕەشپێستەکان و ڕووداوی کۆیلە ڕاکردووەکان ببیستێت کە لە دەست خاوەنە سپییە بێ ویژدانەکانیان بەرەو وڵاتی (کەنەدا) هەڵدەهاتن .چونکە کەنەدا بەهەشتی ڕەشپێستەکان بوو ، لەوێ کۆیلە نەبوو بەڵکو بە سەربەستی دەژیان وەکو هەمو مرۆڤێکی ئەو وڵاتە . قەشە (جۆزیا هنسۆن) نمونەیەک بوو کە هارییت ستۆ لە سەر کارەکتەری مام تۆم دایڕشت . جۆزیا هنسۆن لە یەکێک کێڵگەکانی دوورگەی (ماریلاند) لە ژێر تاریکی و چەوساندنەوە لە دایک و باوکێکی کۆیلە هاتە دونیاوە . هنسۆن وەکو لەم چیرۆکە بە مام تۆم ناودبرێت ، شوێنی متمانە و باوەڕێکی زۆری خاوەنەکەی بووە . لە لایەن خاوەنەکەیەوە . هنسۆن تووشی لێدانێکی زۆر دەبوو بە ڵام ئەو هەر میهرەبان بوو و سوور بوو لە سەر بێدەنگی و دان بە خۆداگرتن .جۆزیا هنسۆن لە کێڵگەیەک کاری دەکرد خاوەنەکەی زۆر دڕندە بوو ناوی (ئیزاک رایلی) بوو . ئەم چەوسێنەرە هنسۆنی کردە چاودێری کێڵگەکەی ، هنسۆنیش بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکانی ڕادەپەڕاند. رایلی کابرایەکی قومارچی بوو، زۆربەی کاتەکانی سەرخۆش بوو . رایلی کەوتە ژێرباری قەرزێکی قورسەوە بۆیە دەبوو کێڵگە کەی بفرۆشێت . بۆ ئەم مەبەستە کۆیلەکانی هەموو نارد بۆلای (ئاموس رایلی) برای لە (کەنتاکی) و ئەرکی چاودێری کردنی کۆیلەکانیشی بە هنسۆن سپارد، لەو ماوانەدا هنسۆن دەیتوانی هەمو کویلەکان رزگار بکات بەڵام لە بەر وەفا و راستگۆیەکەی ئەمەی نەکرد لە بەرامبەر خاوەنە بێ بەزەیی و چەوسێنەرەکەی .لە کێڵگەکەی (ئاموس)، جۆزیا هنسۆن کەوتە ناسینی ئاینی مەسیحی و ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد. تاوای لێ هات لە کڵێسایەکی نیزامی لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا وەک ڕێپیشاندەرێک دانی پیاندرا .قەرزارییەکەی رایلی بە جۆرێک پەرەی سەند ، ناچار بوو وەڵامی بۆ ئاموسی برای

نارد که هەموو کۆیلەکان بفرۆشێت تەنها (جۆزیا هنسۆن ) نەبێت . چونکە دەیزانی هنسۆن کۆیلەیەکی گوێرایەڵ و دەست پاک و دڵسۆزە . کاتێک جۆزیا هنسۆن چاوی بەو دیمەنە کەوت کە چۆن منداڵ لە دایک و باوک و ژن لە مێردەکەی جیا دەکەنەوە و دەیانفرۆشن ، بێ ئەوەی گوێ بە پەیوەندیی خێزانی و هەستی مرۆڤایەتی بدرێت. ئیتر پەشیمانی دایگرت لەوەی کە چۆن لە پێشتر دەیتوانی کۆیلەکان ڕزگار بکات و ئەو کارەی نەکردووە .ڕۆژ بە ڕۆژ تووشی چەرمەسەری زیاتر و ئەشکەنجەی بەردەوام دەبۆوە بۆیە ئارامی لە بەر هەڵگیرا و لەوە زیاتر وزەی گوێڕایەڵی بۆ خاوەنەکەی نەما و بۆیە لە ئیوارەیەکی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٨٣٠ ، دوو منداڵە بچوکەکەی کردە ناو تورەگەیەک و لە گەڵ ژنەکەی ڕێگای هەڵهاتنیان گرتە بەر، بەڕۆژ لە دارستانە چڕەکان خۆیان حەشار دەدا و لە شەویش ڕێگایان دەبڕی .لە ڕووباری ئۆهایۆ پەڕینەوە هەرێمی ئەندیانا و پاشان گۆمی ئیریشیان بڕی بە کەشتییەک کە کەشتیوانەکان بێ پارە سواریانیان کرد بەرەو وڵاتی ئازادی ، بەرەو وڵاتی کەنەدا بەڕێکەوتن .
ئا ئەم نمونەیە بوو کە هارییت بیچەر ستۆ کارەکتەر و ڕەوشتی ڕۆمانی (کوخەکەی مام تۆم) ی لە سەر بنیاتنا . هەر لەو کاتەی (ستۆ) چاوی بە (جۆزیا هنسۆن) کەوت و ڕووداوی ژیانی خۆی بۆ ستۆ باس کرد ، هەمو ڕووداوەکان بوونە هەوێنی لە دایکبوونی ئەم چیرۆکە .لە ساڵی ١٨٥٠ یاساییەک دەرچوو بە پێی ئەو یاسایە ڕێگای لە هەمو دانیشتوانی هەرێمەکانی باکوور گرتبوو ، ئەگەر هەرکەسێک یارمەتی کۆیلەیەکی ڕاکردوو بدات ئەوا تووشی سزایەکی گەورە دەبێتەوە .بۆیە خاتوو (هارییت ستۆ) بەم یاسایە زۆر ناڕەحەت ببوو. لەم کاتانەدا بوو براژنەکەی نامەیەکی بۆ دەنێرێت و دەنووسێت.

## «(ئەگەر من ئەو دەست و پێنووسەی تۆم دەبوو ئازار و ئەشکەنجەی کۆیلایەتی و ئەو زوڵم و زووخاوەی دەیکەن بە قوڕگیانا ، بۆ سەرتاپای گەلەکەم ڕوون دەکردەوە و بە شاراوەیی نەم دەهێشتەوە )» (٣)

ئەم نامەیە کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر دەروونی (ستۆ) ڕۆژێک لە مانگی شوباتی ساڵی ١٨٥١ لە سووچێکی کڵێسای شارەکەیدا دانیشتبوو و کەوتبۆیە دەریای بیرکردنەوە و خۆی تەواو لە بیرچوبۆیەوە ، بە ئەندێشەی دیمەنێکی دروست کرد ، بینی کابرایەکی سپی پێستی خاوەن کێڵگەیەک هێرشی بردۆتە سەر کۆیلەیەک و بە قامچی لێی دەدات و لەشی داغان کردووە ، کۆیلەی بێ تاوانیش بیدەنگە و ورتە لە دەمی نایەتە دەر ، ئەوەندەی پێ نەچوو کۆیلەی ڕەش پیچست گیانی لە دەستدا . دوا وتەی سەرزمانی ئەمە بوو (لە یەزدان دەپاڕایەوە لە خوێنڕێژەکەی ببورێ!) . ستۆ سوچەکەی بە جێهێشت و گەڕایەوە ماڵ و دەستی دایە پێنووسەکەی و هەمو ئەو وێنە و ڕووداوانەی کێشاو خستیە ناو نووسینەوە .ئەم چیرۆکە

سەرەتا کورت بوو، بەڵام ستۆ بۆی دەرکەوت کە مەسەلەکە زۆر لەوە زیاتر و گرنگترە بۆیە کەوتە زیاتر نووسینی ڕووداوەکان ، تا چیرۆکێکی تەواو دروست بکات . لە سەرەتادا تەنها سێ زنجیرە لە ڕۆژنامەی (The National Erra) بڵاوی کردەوەبەڵام پاش حەوت مانگ گەیاندییە چل زنجیرە کە هێشتا سێ یەکی چیرۆکەکە بوو . هەروەک ستۆ خۆی وتوویەتی : کاتێک ئەم چیرۆکەم دەنووسی هێزی پەنجە و دەروونی خۆم نەبوو ، بەڵکو هەر یەزدان و تەوژمی سروشت بوو ، پێنووس و پەنجە و دەروونی منی دەخستە کار و وەکو باران ئیلهامی بۆ دەناردم .

## کورتەیەک لە ناوەڕۆکی ڕۆمانی (کوخەکەی مام تۆم):

مام تۆم خزمەتکارێکی کۆیلە بوو، لای بازرگانێک کە ناوی (شلبی) بوو ،مام تۆم سەرپەرشتیاری کێڵگەکەی دەکرد و بە دڵسۆزی هەمو کارەکانی ڕادەپەڕاند . ئەم بازرگانە تووشی قەرزارییەکی زۆر دەبێت ناچاردەبێت، ئەگەر بە پارەیەکی کەمیش بێت، کۆیلەکانی بفرۆشێت بە بازرگانێکی تر کە ناوی (هالی) . هالی ڕازی دەبێت بەوەی کە مام تۆم بکڕێت بەو مەرجەی (جیم) منداڵی ئەلیزاش ببات و بیکڕێت. کاتێک ئەم گفتوگۆیانە ڕوودەدەن لە نێوان هالی و شلبی ، ئەلیزا گوێی لەم گفتوگۆیانە دەبێت .سەبارەت بە فرۆشتنی تۆم و منداڵەکەی بۆیە بڕیار دەدات ڕابکات . بە مام تۆمیش دەڵێت، ڕابکات چونکە پێشتر هەردوو کوڕەکەی و مێردەکەی لە دەست دابوو ، دەیزانی فرۆشتن واتە جیابوونەوەیەکی ئەبەدی و لێکترازانێکی ناکام . بەڵام تۆم وەکو ڕێزێک بۆ خاوەنەکەی ڕاینەکرد .بۆیە لیزا و منداڵەکەی رۆیشتن و گەیشتن بە وڵاتی ئازادی کویلەکان . وڵاتی کەنەدا. پاشان مام تۆم فروشرا بە خێزانێکی دەوڵەمەند کە خێزانی (سانت کلیر) ، کلیر منداڵێکی هەبوو ناوی (ئیڤا) بوو ، ئیڤا منداڵێکی زۆر جوانکیلە بوو ، کاتێک لە ناو کەشتییەکە تۆم و کۆیلەکانی تر دەگوازنەوە . ئیڤا دەکەوێتە ناو ئاوەکەوە ، مام تۆم بە پەلە خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوە کە و ڕزگاری دەکات ، ئیتر پەیوەندییە توندوتۆڵ لە نێوان ئیڤا و مام تۆم دروست دەبێت و هەمیشە بە یەکەوە گاڵتە و گەپ و یاری دەکەن چونکە مام تۆم ئیڤای جوانکیلەی زۆر خۆشدەویست . ئیڤا تووشی نەخۆشییەکی کوشندە دەبێت و دەمرێت. هەمو خەونێکی ئیڤا بریتی بوو لە ئازادکردنی ئەو کۆیلانە .هەر بۆیە پێش مەرگی وەسێتێک بۆ باوکی دەنوسێت و داوا دەکات (مام تۆم) ڕزگار بکات ، بەڵام باوکی دوای دوو ڕۆژ بە سەر مەرگی ئیڤا ئەویش دەمرێت . (کلوی) دایکیشی ڕزگارکردنی مام تۆم ڕەت دەکاتەوە .لەو ماوانە ، جۆرجی کوڕی شلبی، هەمو هەوڵێکی دەدا بۆ کڕینەوەی مام تۆم. چونکە زۆر خۆشی دەویست و دەیزانی کە مام تۆم مرۆڤێکی چەند خۆشەویست و دلسۆز و ڕاستگۆیە .دواجار تۆم دەفرۆشرێت بە (لیگری) کە خوی خراپی هەیە و هەمیشە لە تۆم دەدات و ئازاری دەدات و بە خراپترین جۆر مامەڵەی لە گەڵ دەکات و ماوەیەکی زۆر لە بە ئازارەوە دەتلێتەوە . جۆرج کە بیستبووی تۆم فرۆشراوە بە لیگری بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە

لای مام تۆم .بەڵام کاتێک دەیبینێت مام تۆم لە دواهەناسەدانێتی و دەمرێت . جۆرج لە سەر گۆڕەکەی مام تۆم سوێند دەخوات کە ئیتر قەت کۆیلەی تر نەگرێت و بە هەموو کۆیلەکانی وت : (بڕۆن ئازاد بن) ، بەڵام بیرتان بێت کە هەمووتان قەرزار ئەم پیاوە باشەن ، بیر لە ئازادی خۆتان بکەنەوە و هەر کاتێک کۆخەکەی (مام تۆم)تان بینی ، بیکەن بە ڕەمزێک بۆ ڕزگار بوون ، هەمووتان لە سەر ڕێگەی ئەو بڕۆن و باوەڕدار و بەوەفا بن وەک مام تۆم .
کاتێک هارییت لە ٢٠ی مانگی ئازاری ١٨٥٢ دەستی کرد بە نووسینی رۆمانە کە (کوخەکەی مام تۆم) ، هەرگیز بە بیریا نەهاتبوو ، کە رۆمانە کە ی رۆژێک دێت ئاوا کاریگەریەکی ئەدەبی و ئاکامێکی پرش لەویژدانی و جوڵێنەری هەستی مرۆڤایەتی دەبەخشێ و بایەخێکی وا مەزنی ڕامیاری وا دەدات بە دەستەوە .ئەم چیرۆکە وەک پەڕاوێک لە مارتی ساڵی ١٨٥٢ لە دوو بەرگ چاپکرا ، سێ هەفتە بە سەر چاپەکەیدا نەرۆیشت هەتا دەوروبەری بیست هەزار دانەی لێ بڵاو کرایەوە و جارێکی تر چاپکرایەوە و هیچ دانەی لە بازاڕ نەما .رۆژنامەکانی باشووری ئەمریکا کەوتنە دژوەستان بەرامبەر بەم چیرۆکە و رووداوەکانیان بە درۆ دەدایە قەڵەم و ستۆیان تۆمەتبار دەکرد و ئەم کتێبەیان قەدەغە کرد لە کتێبخانەکانی باشوور . چونکە باشوور مەڵبەندی کۆیلایەتی و چەوساندنەوە بوو دژ بە ڕەشپێستەکان .تەنها یەک ساڵی تێپەڕ نەکرد ژمارەی چاپکراوەکەی گەیشتە دوو ملیۆن و نیو!
هەر لەو کاتانەدا،

## زیاتر لە پێنج سەد هەزار ئافرەتی ئینگلتەرا بەیاننامەیەکیان واژۆ کرد ، سەبارەت بە قەڵاچۆکردنی کۆیلایەتی و دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی ئافرەتانی ئەمریکا و چیرۆکە مەزنەکەی خاتوو (هارییت بیچەر ستۆ)

، هەرچەندە هارییت پێش و پاش ئەم چیرۆکە چەند چیرۆکێک و رۆمانی نووسیوە بەڵام وەکو ئەم چیرۆکەی نەیتوانی بە نەمری بمینێنەوە و ببێتە سیمبولی ئازادی .ئەگەر هەرهێزێکی رامیاری گەورە بیویستایە هێرشێکی پڕۆپاگەندە بکاتە سەر رژێمی ئەوکاتەی ئەمریکا ، هەرگیز ئاکامی ئەو چیرۆک سەرکەوتووەی (کوخەکەی مام تۆم)ی خاتوو (هارییت بیچەرستۆ) بە تەوژمتر و بە ئەنجامتر نەبوو .ئەم ئافرەتە نەمرە ، هەرچەندە لە هونەری دبلۆماسیەت و پروپاگەندە و ڕاگەیاندندا توانای نەبوو ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدادا توانی سە بارەت بە کویلە و مەسەلەی پێشت ڕەشەکانی ئەمریکا گەورەترین هەڵپەی پڕۆپاگەندە بکات و بانگەوازێکی

وابكات كه مەزنترين گۆڕانكارى پێ بە ئەنجا بێنێت كە هەرگيز لە ميچژووى پڕوپاگەندەچێتى جيهاندا هەڵپەى وا رووى نەدابێت . «(كۆخەكەى مام تۆم) بە يەكێك لە پرفرۆشترين بەرهەمى سەدەى ١٩ دادەندرێت ،لە دواى كتێبى پيرۆز كە كاريگەريەكى سەرسامكەرى لە ويژدانى ئەمريكاييەكان دروست كرد هەر بۆيە كاتێك ئيبرام لينكۆڵن سەرۆكى شانزەهەمينى ئەمريكا بانگهێشتى خانم ستۆ بۆ كۆشكى سپى دەكات و دەيبينێت و دەڵێت : (ئا .. ئەم خاتونە بچكۆلەيە . ئەو شەڕە گەورەيەى هەڵگيرساند !)

چيرۆكى (كوخەكەى مام تۆم) راچەڵەكينێكى گەورەى لە دڵى خەڵكى دروست كرد و كاريگەرييەكى راستەوخۆى لە سەر دەروونى مرۆڤايەتى دروست كرد لەو قۆناغە ،»كە بۆ زياتر لە ٣٧ زمان وەرگيردراوە .وە لە ماوەى يەک سەدەدا زياتر لە ٥٠ مليۆن چاپى ئەو كتێبە فرۆشراوە «، (٤) . ئەم خانمە (هارييت پيچەرستۆ) ٥٨ ساڵ ژيا واتە ساڵى ١٨٦٩ كۆچى دوايى كرد و زۆرينەى تەمەنى ژيانى لە پێناو ئازادى مرۆڤايەتى و نەهێشتنى كۆيلايەتى تەرخان كرد .

## سەرچاوەكان:

(١) كوخەكەى مام تۆم ، هارييت بيچەر ستۆ ، وەرگێڕان بۆ كوردى . دكتۆر فازڵ محەمەد عەزيز قەفتان لە بڵاوكراوەكانى چاپخانەى ئۆفيسى سەركەوتن . سلێمانى سالى ١٩٨٨ ،لا٦٦

(٢) ويكيبيديا . تاريخ العبوديە .

(٣) لا١٤ هەمان سەرچاوەى پێشوو (كوخەكەى مام تۆم ).

(٤) موسوعە عربيە / ستو (هارييت بيتشر) ، نبيلە شمسدين .



## ترسی نوسین

بەڵی: دەبێ لە نوسین بترسین، گەر لە بەیانی تا ئێوارە کارێکی تاقەت پڕوکێن بکەم، هێشتا ئاسانترە لە نوسین . بیرم نییە کێ گوتویەتی، بەڵام لە نوسەرێکم خوێندۆتەوە کە ( نوسەری باش بەوە ناناسرێتەوە چەندی بڵاوکردۆتەوە، بەڵکو بەوە دەناسرێتەوە چەندی دڕاندووە)، سروشتی نوسین خۆی بریتییە لە چڕبوونەوەی زمان ، ئەوەی تا ئێستا بە گشتی لە نێوەندی نوسەرانی ئێمە، بە تایبەتیش شاعیرانمان گوزەراوە پێچەوانەکەیەتی، شیعر بریتیی بووە لە پەرتبوونی زمان.

**تەڵعەت تاهیر**



# بەفر وەک لایەنێکی ئیستێتیکی لە چیرۆکی (ڕۆژانی تلمسان)ی حەسەن جافدا

سەباح شێخانی

پێوەندییەکی دیالەکتێکی لە نێوان ڕەخنە و دەقی ئەدەبی هەیە، ڕەخنە، ئاخاوتنێکە لە بارەی بەرهەمی ئەدەبیی و هونەری. قۆناغێکە دوای قۆناغی چێژ وەرگرتن لە دەقە ئەدەبییەکە دەست پێدەکات. ڕەخنە، یان کریتیسیزم (criticism) وەک زاراوە، سەرەتا لە سەدەی حەڤدەم سەرهەڵدا. لە زمانی ئەڵمانی وشەی ڕەخنە (kritik) بە واتای پێداچوونەوە بە ئەدەبی نوێ و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبیەکان دێت. لە ڕووی مێژووییەوە دەکرێ کتێبەکەی ئەحمەدی خانی بە سەرەتای دەرکەوتنی یەکەمین هەوڵی ڕەخنەیی لەنێو کورد بژمێرین. ڕەخنە، نووسینە و دوانە لەسەر دەقێک بۆ ئەوەی بنج و بنەوانی دەقەکە ڕوون بکرێتەوە، ڕەخنەگر هەموو ئامرازێک بەکاردێنێت بۆ ئەوەی لە (لایەنێک، چەند لایەنێک، لە هەموو گۆشەیەوە) تیشک بخاتە سەر بابەتەکە. ڕەخنەگری ڕاستەقینە، دەقی ئەدەبی وەک کیمیاگەرێک شی دەکاتەوە، بێ پیاهەڵدان و ستایشکردن، یان ناووناتۆرە، ئەرکەکەی تەنیا شیکردنەوەیەکی پوختە. محەممەد وەسمان، نووسەری کتێبی ڕەخنە و دەقی ئەدەبی، دەنووسێت: « گەر نووسەرێک کتێبێکی دانا بۆ خوێندنەوە نەبوو، ئەوا ئەم کتێبە، یەکەم تایبەتمەندی کتێب لە دەست دەدات.» ئەگەر نووسەر و کتێبەکەی، شاعیر و شیعرەکەی، ڕۆماننووس و ڕۆمانەکەی

نەبوونایە، ئەوا خوێنەر لە ئارادا نەدەبوو. ئەوە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیە ڕۆح بە بەر ئەدەبدا دەکات، کەچی بە شێوەیەکی گشتی لە ئەدەبی کوردیدا چەمکی ڕەخنە وا لە هزر و بیری کورد دا جێگیر بووە کە بە تەنیا دەستنیشانی لایەنە کەمو کوڕییەکان دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا گەر بمانەوێت پێناسەیەکی ڕەخنە بکەین دەتوانین لە سادەترین پێناسەدا بێژین: ڕەخنە بڕیاردان، شیکردنەوە، خوێندنەوە و قسەکردنە لە سەر دەقێک بە هەر دوو لایەنی چاکە، خراپە، جوان و ناشیرینییەوە. ڕەخنەگر لە قۆناغی یەکەمدا، وەک هەر خوێنەرێکی دیکە دەقە دەخوێنێتەوە، لەم خوێندنەوەیەدا یا ئەوەتا پەسندی دەکات، یاخود لێی ڕازی نابێت. سەرەتا پێویستە سێ ئاستی ڕەخنەگرتن لە یەکتر جیا بکەینەوە کە ئەمانەن:
یەکەم: ئاستی نووسەری تێبینی ئەدەبی لە بارەی کتێب، وەک ئەو تێبینانەی لە ڕۆژنامەکاندا دەنووسرێن. دووەم: ئاستی ڕەخنەگرتن. سێیەم: ئاستی ڕوانگەی فەلسەفە و ئێستێتیکی. بە بۆچوونی زۆربەی ڕۆشنبیران،حەفتا و هەشتاکانی سەدەی بیستەم، بە سەردەمی زێرینی ڕەخنەی کوردی دادەنرێت لە باشووری کوردستان، وەک زۆر جار باس دەکەن، کاتێک لەو قۆناغەدا، کتێبێک بڵاودەکرایەوە، چەندان نووسین و گفتوگۆی جدی لە بارەوە دەکرا و دەنووسرا، کەچی ئێستا وەک دەبینین و دەبیستین، کە بەڕاستی جێگەی تێبینی و داخە، ڕۆژانە چەندان کتێب، چاپ و بڵاودەکرێنەوە، بە دەگمەن نەبێت کەس بە نووسینێک یان ئاماژەپێدانێک بەسەریان ناکاتەوە!!.

## « ئەمڕۆ لە غیابی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا بۆشایی و کەلێنی گەورە بە جەستەی ئەدەبی کوردییەوە دیارە، مخابن پسپۆرانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە نووس، لای خۆمان لەپەنجاکانی دەستێک تێناپەڕن، کە ئەوانیش هەندێ جار مەیدانەکە بەجێ دێڵن و ڕوو لە بابەتی تر دەکەن»

هەر لە بەر نەبوونی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەشە، کایەکە سستی پێوە دیارە و چەندین چیرۆک، شیعر، شانۆنامە، ڕۆمانی نایاب و دەقی زیندوو دەنووسرێن، ئینجاش بێدەنگی و لەسەر نەنووسین زیندە بە چاڵیان دەکا و لە بیر دەکرێن.» (١) لە نێوەندی ئەدەبیی بۆچوونی جیاواز دەربارەی دەق و ڕەخنە هەیە، ئایا دەق، ڕەخنە دروست دەکات یاخود بە پێچەوانەوە ڕەخنە دەق دروست دەکات. هەر دەقێکی ئەدەبی کە دەنووسرێت بێ کەمو کوڕی نابێت، بەڵام بەهۆی ڕەخنەوە نووسەر دەتوانێت چاو بەو کەمو کوڕیانەدابخشێنێتەوە کە بەرەو ڕووی

بووەتەوە، بەمانایەکی دیکە ڕەخنە بە واتای دانانی شتە ڕاست و دروستەکانە لە شوێنی خۆی. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم ئێستێتیک لەسەر چیرۆکی (ڕۆژانی تلمسان) ی حەسەن جاف بکەم (٢)، بە بۆچوونی من ئەم چیرۆکە، دەتوانرێت لە زۆر پەنجەرەوە ببینرێت، چونکە لە دەرگای زۆر بابەتی داوە، بەڵام ئێمە لێرە نیازمان نییە لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ هەموو لایەنەکانی ئەم بەرهەمە بکەین و هەموو کۆدە شاراوەکانی پشتی ئەم چیرۆکە باس بکەین، تەنیا لەسەر (بەفر وەک لایەنێکی ئیستێتیکی) لەم دەقەدا ڕادەمێنین و کەمێک لێی قووڵ دەبینەوە، کە ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەری ئەم چیرۆکەیە، گەر بڵێین ئەم دەقەی لە سەر بنیاتنراوە ڕەنگە زیادەڕۆیم نەکردبێت. کاتێک خوێندنەوە بۆ چیرۆکێک دەکەین، زەحمەتە کورتی بکەیتەوە بۆ چەند دێڕێک و بڵێیت ئەم چیرۆکە باسی ئەوە دەکات، یان دەیەوێت ئەوە بخاتە روو. کارێکی سانا نییە، نهێنی زمانی سەدان دێڕ کورت بکەیتەوە. حەسەن جاف چیرۆکەکەی بەم جۆرە دەست پێ دەکات « کلۆ بەفرەکانی ئەم بەیانییە گۆمە لە بیرکراوەکەی یادەکانت دەوروژێنن..لە بەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستاوی تەماشای دەرەوە دەکەیت.. بەفر وەک قۆزاخە لۆکە دێتە خوارەوە، پەڵە پەڵە گەورە و بچووک دەکەونە سەر جادەکە و دەتوێنەوە، بەڵام لە سەر شۆستە و لق و چڵی دارەکاندا دەمینێننەوە......تاد « گەلێک لە گەورە نووسەرانی دنیا لە بەرهەمەکانی خۆیاندا ئەوەندە گرنگی بە هونەری ئیستێتیکا دەدەن، ئەوەندە گرنگی بە ناوەرۆک نادەن، ئەمەش گەلێک جار دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، یاخود خوێنەر خۆی لە بیر دەچێتەوە کە دەقێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە بەڵکو وا هەست دەکات لە گەشتێکی سروشتدایە، لە ئەدەبی کوردیدا گەر گەشتی هەورەمانی (گۆران)ی شاعیر بە نموونە بهێنیەوە تەواو ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە (گۆران) ی شاعیر زۆر هونەرمەندانە کامیرای بەدەستەوە گرتووە، بە جۆرێک یەک یەک دیمەنە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی هەورەمانمان پیشان دەدات، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات ئەوەندە بەلای ناوەرۆکی شیعرەکەوە نەچێت ئەوەندەی جوانی و هونەری گەشتەکەی دەکەوێتە پێش چاو. حەسەن جاف، یەکێکە لە ناوە دیارەکانی دنیای ئەدەبی کوردی، ساڵانێکی زۆرە بە بەرهەمەکانی چیرۆکی کوردی دەوڵەمەند کردووە. « لە هەموو ژیانتدا دوو شتت زۆر خۆشویستووە و پێیان مەست دەبیت، دیمەنی باران و ئەو بۆنەی لە دوای یەکەم باران لە خاک و خۆڵەوە پەیدا دەبێت و بڵاودەبێتەوە و سییەکانت وەک خۆشترین بۆن هەڵی دەمژن و پێی مەست دەبن، دووەم شت دەنگی شەپۆلی دەریایە..» چیرۆک لە ناو هەموو میللەتانی جیهان، لە هەموو قۆناغێکی مێژوویی، لەناو هەموو کولتوورێکدا هەیە. لە هەر شوێن و کاتێک ، ژیان هەبوو بێت، چیرۆکیش هەبووە. ستیڤن کۆهین و ليندا شايرس لە كتێبە هاوبەشەكەياندا، (گێڕانەوەی چیرۆک: شیکردنەوەیەکی تیۆری چیرۆکی هەڵبەستراو) دەڵێن: «خەسڵەتی تایبەتی چیرۆک لەوەدایە کە ڕووداوەکانی بە ڕێکوپێکییەوە ڕێکخراون.» چیرۆکنووس لەو چیرۆکەدا بە شێوەیەکی جوان گەمەی لە نێو زمان کردووە.

« جاروبار كە گەشتێكی وڵاتێكی سەر دەریات دەكرد، دەچوویتە كەنار دەریا و بە سەعات بە دیارییەوە دادەنیشتی و گوێت بۆ هاژەی شەپۆڵە شێتەكان شڵ دەكرد، كاتێ خۆیان دەكێشا بە كەناراو، ئەو دەنگە تۆی دەخستە دنیایەكی دیكەوە، جارێكیان تا سەعات سێی بەرەبەیان بە دیار شەپۆڵەكانی دەریای ناوەندەوە لە ئەسكەندەریە دانیشتی و ئاگات لە خۆت و دەوروبەر بڕا بوو...» پێویستە ئاماژە بەوەش بكەم كە نووسەر زمانێكی پاك و بێ گرێ و گۆلی لەم چیرۆكانە بەكارهێناوە، زمانێكی ئەوەندە جوان، هەر كەسێك بیخوێنێتەوە چێژی لێ وەردەگرێت. سیحری زمان بەشێكی گرینگە لە پێكهاتەی چیرۆكدا، جوانی چیرۆك بەشێكی بۆ زمانی چیرۆكەكە، چۆنیەتی داڕشتنی ڕستە و پەرەگرافەكان دەگەڕێتەوە. زمان، ڕەگەزێكی بنچینەییە لە دروستكردن و هێنانە دنیای چیرۆكدا، ئەو چیرۆكنووسەی دەسەڵاتی بەسەر زمانی پاڵەوانەكانیدا بشكێت و بزانێ چۆن قسە دەكەن و بە دەبڕینی جوان گوزارشت لە خۆیان دەكەن، بە شێوەیەك لە شێوەكان چیرۆكنووسێكی سەركەوتووە. سەرەكیترین ئامرازی ئەدەب بە هەموو ژانرەكانییەوە زمانە، بە بێ ئەو ئامرازە هیچ بەرهەم ناهێنێت. هەر بیركردنەوەیەكی فەلسەفی چەند جوان و باشیش بێت، تا لە نێو زماندا ڕەنگ نەداتەوە، ناتواندرێت بە كردار بكرێت. لە ئەمڕۆدا زمانی شیعری و سیحری زمان، بوونەتە بەشێكی زیندووی ژانرە ئەدەبییەكان. پەرینەوەی زمانی شیعری لە شیعرەوە بۆ ناو چیرۆك و ڕۆمان، جا لەسەر ئاستی زماندا بێت یان لەسەر ئاستی بیرۆكە و بابەتدا، پەرینەوەیەكی گرینگ و بایەخدارە و جوانییەكی گەورە بە تێكستەكان دەبەخشێت. یەكێك لەو تایبەتمەندییانەی كە پێویستە لە نێو تێكستە ئەدەبییەكاندا بوونی هەبێت، بریتییە لە بوونی زمانێكی شیعری. بوونی زمانی سیحر ئامێز لە ناو هەر تێكستێكی چیرۆكدا بۆ خۆی گۆڕانێكی بنیادییە و جیا ناكرێتەوە لە كۆی بنیادەكانی دیكەی چیرۆك. لەگەڵ ئەوەشدا بوونی زمانێكی شیعری بە تەنیا بەس نییە بۆ سەركەوتنی چیرۆكێك، بگرە لە پاڵ ئەو زمانەدا، سەرجەم ڕەگەزەكانی دیكەی چیرۆك پێویستن و ناكرێت هیچ ڕەگەزێك لەسەر حیسابی ڕەگەزەكانی دیكە فەرامۆش كرا بێت. بە پێی تیۆری وەرگرتنی هانز ڕۆبەرت یاوس ( دەقی ئەدەبی، دەقێكی واڵایە و خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، خوێنەر یان وەرگر توانای سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی تێكستی هەیە، لەمیانەی تێگەیشتن و دەرككردنەوە دەتوانێت فرە مانایی لە نێو بنیادی دەقدا بخوڵقێنێت ) دەتوانین ئەو تیۆری وەرگرتنە لەسەر چیرۆكی (ڕۆژانی تلمسان) جێبەجێ بكەین و خوێنەر فرە مانایی پێ ببەخشێت.

« بەفر دنیایەکی  سەیر دروست دەکات. هەمووی بە جارێ پاکژ دەکاتەوە و گوناهەکانی سروشت دەشواتەوە و بەرگی سپی پێ دەپوشێ..»

## چیرۆک سەرەرای ڕێسا و مەرجە تایبەتییەکاتی، هونەرێکە و نووسینی سانا نییە، بە ڕوانینی (جاک دریدا) ئەوە خوێنەرە مانا بە دەق دەبەخشێت، ئەگەرنا دەق بەبێ بوونی خوێنەر، نە مانای هەیە، نە بوون.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەی (فرۆید) ەوە لە ( ڕۆژانی تلمسان) ی حەسەن جاف بڕوانین کە دەڵێت: « ئەدەب دەربڕینێکی شاراوەیە بۆ ئەو ئارەزووە کپکراوانەی لەوەپێش بواری دەربڕین و تێرکردنیان بۆ هەڵنەکەوتووە« دەکرێ خوێنەر هێدی هێدی ڕوو لە دنیای نا ئاگایی زۆربەی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکی ڕۆژانی تلمسان بکات و لەو دنیا کپ، چەپێنراو، داپۆشراو و شاراوانە بکۆڵێتەوە.» دیمەنی بەفر لە کەرکووکەوە دەتباتەوە شارە خنجیلانەکەی جەزایر، تلمسان، لە کەرکووک زۆر بە دەکمەن بەفر دەبارێ، بۆیە ئەم بەفرە هەموو یادگارییەکانت دەوروژێنێ... هەر دەڵێی ئەم بەفرەی ئەمساڵ مەبەستیەتی یادگارە شیرینەکانت بهێنێتەوە پێش چاو، بۆیە دیمەنی  بەفرەکە دەتباتەوە شارە خنجیلانەکەی تلمسان لە جەزایر....»
ئەو ئیقاع و سیحر و ختوکەی زمان لە شیعردا ونی کردووە دەبێ لە چیرۆکدا بیدۆزیتەوە، ئەوە زمانەی دەلالەتێکی نوێ بە وشەکان نەدا چیرۆکی پێ نانووسرێتەوە.چیرۆک لەو جوغزە دەرچووە کە تەنیا نووسینەوەی، یان چووکەڵە کردنەوە و گەورەکردنی حاڵەتێک بێت و بەس. ئەوڕۆ چیرۆک وەک بروسکەی نیوەشەوە  ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت دنیا ڕۆشن دەکاتەوە.» ڕەنگە دیمەنی شاخەکان و کلۆ بەفرەکان، وڵاتە بێکەس و بێ نازەکەی خۆتیان بیر دەخستیتەوە«
 بەپێی  قوتابخانەی (کۆنستانس) ی ئەڵمانی، خوێنەران لە کاتی شیکردنەوەی دەقەکاندا هەرگیز یەکسان نابن، بۆیە خوێنەران دەکات بە سێ بەشەوە: یەکەم- خوێنەری ئاسایی: هیچ زیادەیەک ناخاتە سەر دەقەکە. دووەم- خوێنەری شارەزا: ئەمەیان بە پێی ئەو زانیاریانەی هەیەتی دووبارە دەقەکە بەرهەم دێنێتەوە. سێیەم- خوێنەری ڕەخنەگر: ئەمەیان سەر لە نوێ دەقەکە دادەڕێژێتەوە بە شێوەیەک کە خوێنەرێکی دیکەش بتوانێت شتێکی جیاوازتر لەمەی ئەو ئەنجام بدات. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بیرکردنەوەیە لە ئەدەب، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە کە لە ناو هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەیە.» تلمسان وەک شارەکانی لای خۆتان کوێستان بوو.. پایز و زستان بەفر دەباری و بەهار و هەندێ ڕۆژانی هاوینیش باران دەباری...»

هەر دەقێک هەڵگری چەندان پرسیار و لایەنی شاراوەیە، ئەوە ئەرکی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەی ئەدەبییە کە لایەنی شاراوە، جوان و ناشیرینەکانیی هەر دەقێک دەربخات. کاکە مەم بۆتانی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی گوتەنی: « خوێنەری کورتە چیرۆک زۆر بووە ، من وای بۆ دەچم کە چیرۆک و کورتە چیرۆک دەبووژێتەوە و دنیای ئەدەب گڕ دەداتەوە .» کە تەواوی چیرۆکەکە دەخوێنیەوە، وا هەست دەکەیت، لە بەردەم کەسێکدای کە بەشێک لە ژیانی خۆی دەنووسێتەوە، یاخود بە لایەنی کەمەوە ئەو سەفەرەی کە ئەنجامی داوە بە سوود وەرگرتن لە فلاشباک دەیخاتە ڕوو، کۆلریدج دەڵێت: « ژیانی هەر مرۆڤێک چەندە هیچیش بێت گەر بە ڕاستگۆیی بگێڕدرێتەوە خۆشە .»
ئەوە تێڕوانینی ئێمەیە جوانییەکان دەدۆزێتەوە وەک (ئۆمبێرتۆ ئیکۆ) لە (مێژووی ئیستێتیکا) دا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە جوانی لەناو تێڕوانین و خەیاڵی کەسەکاندایە، نەوەک شتەکان .»

## سەرچاوە:


١- سەباح ئیسماعیل، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٧.
٢- نووسەری نوێ (گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر دەریدەکات) ژمارە (٦١) ، ئابی ٢٠١٢، ل (١٠٢-١٠٣).

چیرۆک



# ماڵئاواییکردن لەجەنگ

حەسەن مستەفا

دەمەو ئێوارەیەکی پاییزبوو، گوللەیەکی ویڵ هات و بەرسینگم کەوت. سەرەتا هەستم بەگەرمییێکی زۆرکرد. بێویستیخۆم دەستی راستەم بۆسەرجێی برینەکە درێژکرد...پاش تاوێکی کەم هەستم بەبێ تین و تاویی و سەرماکرد...دیمەنەکانی بەردەمم سەرەوژێربوونەوە و چاوم رەشکوپێشکەی کرد، دڵۆپەئارەقەی سارد وەک ئاونگەکانی بنمیچی گەرماو بەسەر تەوێلمەوە دەرکەوتن. هاوسەنگەرەکەم کوڕێکی گەڕەکەکەمانبوو و لەزووەوە هاوڕێتیمان هەبوو، ئەویش وەک خۆم کوڕی بێوەژنێکی بەدبەختبوو. بێئەوەی بشڵەژێ و هاواربکات، توند رایتەکاندم. مرخەیەک لەدەمم هاتەدەر و سەرم بەلایەکداکەوت...چەندجارێک بانگی کردم، هاوڕێ ...هاوڕێ، نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە. گوێم لەقسەکانی دەبوو..گوێم لەچپەی پێ و چرپەچرپی باران دەبوو، کەبەر نایلۆنەکەی سەرسەرمان دەکەوت. ئەو هاوڕێیەم نەیهێشت دەماودەم یان بەلایەکا بکەومە ناو سەنگەرەکە، کە لەهەندێک جێدا گۆمیچکەی ئاوی تێدا وەستابوون، پشتی بەتارمەکەوەدام و رۆیشت تا بانگی هاوڕێکانی دیکەم بکات و ئەم هەواڵەیان پێبدات و لەوێ بمگوازنەوە!!... چەند هەنگاوێک لێم دوورکەوتەوە، دەنگە کپ و ترسناکەکانی سەنگەر هەموو دەنگەکانی ئەم ناوەیان قووتدا.. هیچی وای نەبرد ویزەی چەند گوللەیەکی دیکە هات، کە یەکێکیان بەژوور سەرم کەوت و تۆپەڵە قوڕێکی بەسەرسەرمدا بەردایەوەو بەسەر سینگ و بەرباخەڵم شۆڕبووەوەو لەگەڵ خوێنەکەم ئاوێتەبوو. کە هاتنەوەسەرم، فەرماندەکەمان

فەرمانیدا، لەبەتانییێک بمپێچن و بمگوازنەوە دواوە... دەنگی فڵقەفڵقی پێڵاوەکانیان کە لە قوڕەکە دەچەقین یان خزەیەکی نەرمی ناوبەناوی پێڵاوەکان کە لەقوڕەکە رادەزەلین*، لەگەڵ ئەو دەنگە بێنازکەوتووەی رادیۆی قیسارە، کە لەولا بێخاوەن کەوتبوو، تێکەڵاوبوون.

بەرەی دواوەمان لەلای دێیەکی نزیک سەنگەرەکانمانەوەبوو. ئەو هاوڕێ چاو بەفرمێسکەم بەهەموو ئەرکەکانی هەڵسا...لەوێ دووریانخستمەوەو هەڵیاندامە پشتی ماشێنێک، ئەو هاوڕێیەم لەژوور سەرم دانیشت و گوێی بەتانیی لای سەری هەڵدامەوەو بەشەکەتی لەسیمای زەردی ڕوانیم و بەسەرسەرمەوە گریا و فرمێسکەکانی بەر ڕوومەتم کەوتن، ئەوەی باشبوو زۆرنەشڵەژابوو، بەڵام دەمزانی لەناخەوە چەند ماندووە و چەند لەخەمی مندایەو رقێکی چەند ئەستوری بەرامبەر نەیارەکانمان لەدڵدایە،!!. هەموو تیپەکەمان بەزیرەکی و ئازایی ئەو هاوڕێیەم سەرسامبوون، بۆیە باش دەزانم هیچی وای بەسەر ناچێ هەوڵی تۆڵەسەندنەوەم دەدا...هەرچەندە ناشزانین کێ بوو ئەو گوللەیەی تێگرتم، چونکە ڕووبەڕووی یەکترنەبووین... گوللەیەک لەقووڵاییێکی تاریکەوە، ناتوانم بڵێم ئەوەندە کیلۆمەترە لەدوورەوە هات، بەڵام دەزانم لای پێشەوە هات و لاچەپی سینگی هەڵتەکاندم...ئەو لایەی دولبەرێک بەکرێ، وەک کۆترێکی تەرەبوو بەردەوام لەنێویدا دەیگماند!! ئەورۆژە لەهەموو رۆژەکانی ئەم هەفتەیە تەنگتربوو، چونکە هەورێکی سەراپاگیرو زۆر نەوی سەرسەنگەرەکانی داگرتبووین. هەربە تەواوی ئەم ناوەی تاریککرد، کە پێشتریش لەبەرچاومان سوور و لێڵ دەینواند. پێش ئەو دەمەی کە گوللە وێڵەکە بێت...لەگەڵ هاوڕێکەم دەئاخڤیم و پێم گوت؛ دەبێ ئەم شەڕە کەی کۆتایی بێ؟ خەریک بوو زیاتر بڵێم، کەچی ئەو بەرسڤی دامەوە؛ گەر بە ساغی لێیدەرچین، رۆژێک هەردێ کۆتایی بێت، بەتیزێکیشەوە گوتی؛ بەڵام دەترسم بە کەمئەندامیی لێیدەرچین و خۆشەیستەکانیشمان لێهەڵگەڕێنەوە و ئەوەی دەمانەوێ پێینەگەین. چونکە رۆژ نەبوو گەنجێکی خێرلەخۆنەدیوو لێرەوە نەسپێرنەوە بە باوەشی گۆڕستانێک!!

***

ماشێنەکە بەهۆی ئەو رێگا خراپەی پێیدا دەڕوات، هەڵبەز و دابەزدەکات. چەندجار هاوڕێکەم لەجامی دواوە دەدات و پڕ بەدەنگی هاواردەکات تا شوفێرەکە گوێی لێبێ، کاکە تۆزێک هێواش بە، بەڵام پێدەچێ ئەویش پەلەی ئەوەی بێ لەسەنگەرەکانی پێشەوە دوورکەوێتەوەو خێرا بگاتە بەرەی دواوەو کرێی خۆی وەرگرێت.

لەژێر هەنسک و گریانی هاوڕێکەم، خەیاڵم بۆ خوشکە تاقانەکەم دەچوو، کە هەموو خەمی من بۆ ئەو تەواوکردنی خوێندنەکەی بوو...تازە چۆن پێی دەخوێندرێ؟!. لەنێو گەرمەی ئەو خەیاڵانەدابووم، گوێم لێبوو یەکێک هاواری کرد پیکابەکە گەڕایەوە، پێدەچێ شەهیدی دیکەمان هەبێت... لەگەڵ بیستنی ئەم رستەیە، موچڕکەیەک بەلەشمداهات. وەک خوێن بەگیانما گەڕابێتەوە وابوو...ئەو رۆژانەی بیرخستمەوە، کە پۆستەری شەهیدەکان لەقاپی داربییە گەورەکانی سەرکانی مزگەوت دەدران و هەمووومان بەسەرسامیی لەدیارییانەوە دەوەستاین،

بەڵام ئەوەی من جیاوازبوو...تێکەڵەیەک بوو لەگەڵ یادگاری بەجێماو...ئەو یادگارییانەی خوێنێکی گەرمیان بەدەمارەکاندا دەجولاندم. لەنێو هەموو پۆرترێتەکاندا ئەو پۆرترێتە جوانەی باوکم قەت بیرناچێ کە لەوێنەکەیدا بزەیەکی قووڵ بەسەر لێوانییەوەبوو، بەلامەوە زۆر لەوبزەیە جوانتربوو کە دافینشی ناوبانگی پێ پەیداکرد... بەچوارکەس منیان دابەزاند، هاوڕێکەم فرمێسکەکانی سڕین و لەلایەکەوە بەدیار تەرمەکەم راوەستا. فەرماندەی باڵا هاتەسەرسەرمان و ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و بەنیگەرانییەوە رستەیەکی لەدەم بەربووەوەو بەرئەوگوێیەمکەوت کە لەوەوە نزیکتربوو...ئەمڕۆ چوار شەهیدمانداوە.!!!! قۆڵی هاوڕێکەمی گرت و لەئێمەی دوورخستەوە.

ئەوان لەوێ بەچپە دەدوان، ئەگەر کەسێکی زیرەک لەم ناوە هەبا و شارەزایی هەبایە لەزمانی جەستە باش لێیان تێدەگەیشت.. هەردووکیان بەخێرایی بۆ ئەمسەرەو ئەوسەر دەچوون و دەهاتنەوە، پێدەچوو قسەو گفتوگۆکانیشیان وەک هەنگاوەکانیان خێراو بێپسانەوەبێت. دەمزانی سێبەشی باسەکەیان لەسەر ئێمەبوو، لەسەر ئەو قەنناسەیەی بەرامبەرمانبوو،کە رۆژانە چەندانی لێدەپێکاین!!.

تازە من لەوە تێگەیشتم، دەبێ بڕۆم...خزم و خوێشەکانم جێبهێڵم...رەنگە خۆڵاوییەکانی سەنگەر...ئەو رەنگانەی تەنانەت سیمای هاوڕێکانیشی داپۆشیبوو، جێبهێڵم. لەهەنسک و گریان و رق و توڕەیی دوورکەومەوە...لەماندووبوونە ئازاراوییەکانی دایکم، لەخەندە تەڵخەکانی



خوشکم، لەبێباکی هاوسەنگەرەکانم دوورکەومەوە... ئەو رەنگانە جێبهێڵم کە ساڵانە دووپاتدەبنەوە...لەزرمەو ویزەی هاوەن و گوللە دوورکەومەوە...لەفەرمانی ئەو فەرماندارە نەفامانە دوورکەومەوە کە خودا تەنها بۆ فەرمانکردنێک دروستیکردوون، کە رێنوێنیمانکەن بۆ کوشتن!!.

دڵنیام ئیدی ئەو هاوڕێیەم چیدی خەندەیەک لەسەر لێوەکانی نازێ. بەڵام دەبمە رۆحی شانازییێک لەدڵیدا دەچەقم، لەکۆڕی قسەکردندا ناوم دەهێنێ و جاروباریش بەسەری من سوێند دەخوات... ئەوشەوانە زیاتر لێم نزیک دەبێتەوە، کە دەیەوێ خۆی مەستکات، لەوێ جارێکی دیکە بە بەڵێنە وەفادارانەکەیدا دەچێتەوە. لەوە دەترسم یەجگار مەستبێ و تەشقەڵە بەو کوڕە شاگردە بکات، کە لەیانەی شارۆچکەکەماندا کاردەکات، بەڵام ئەویش وەک ئێمە باوک شەهیدە، ئەمە خاڵی هاوبەشمانەو دواجار بەوەدەزانێ و لەدڵەوە خۆشی دەوێ... دەزانم هەر کە ئەو بەتەنیادەبینێ، پرسیارێک لەمێشکی ئەو کوڕە شاگردەدا دەسوڕێتەوەو دەیەوێ بەهاوڕێکەمی بڵێت، کەچی دەترسێ تووڕەی کات، بۆیە چەندجارێک کە دەچێتەسەر مێزە لاپەڕگەکەی و دەیەوێ هەواڵی منی لێبپرسێ و پێی بڵێ؛ ئەی کوا هاوڕێکەت؟!، بەڵام خۆی دەگرێ تا ئەم ناوە چۆڵ دەبێ و هاوڕێکەم بەتەنیا لەو گۆشەیەدا دەمێنێتەوە، کە هەمووجار لەم گۆشەیەدا وێنەی دولبەرەکەی لەباخەڵی دەردەهێناو نیشانی دەدام و لەدڵەوە پێی دەگوتم ؛ تۆبڵێی من و ئەوە بەیەک بگەین؟!کە وەڵامەکەم درەنگ دەکەوت، ترسێک دەچەقییە دڵی و بێخۆگرتن دەیگوت؛ بەخوا تۆشتێک شک دەبەیت و پێم ناڵێیت.

سەرم لەو هەموو بێدەنگییەی ئەم پیاوە سوڕدەما، کەچی کە دەیخواردەوە کەس لەو ئاوەدانترنەبوو. ئەوە بۆمن خەڵاتێکی گەورەبوو، بۆیە زۆر ئارەزووم دەکرد بەیەکەوە دەرچین تا لەو نهێنییە قوڵە تێبگەم و بزانم ئەو هەموو پەیڤانە چۆن لەپشتی ئەو زمانە لاڵە دەردەچن!!.»ئەو» ئەودەمانە لەو گۆرانیبێژە لاڵەپەتانە دەچوو کە لەقسەکردنا گرفتاری دەربڕینن، کەچی لەگۆرانیی گوتنا هیچ کێشەیەکیان نیە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، خۆی بانگی بکات و ئەو پرسیارە قوڕمیشکراوەی سەرزمانی شاگردەکە بەتاڵکاتەوە بە درکاندنی راستییێک..ئەو راستییەی لەو مێخە دەچێ، کە بێ بەنج لەگۆشتی دەردەهێنن، بەڵام چارەی نیە دەبێ ئەمشەوە هەر بیدرکێنێ و تۆزێک ئارامبێتەوە، بەدرکاندنی راستیی شەهیدبوونی من شاگردەکە تێدەگات و لەپڕ دەستەکانی توند لەیەکتر دەدات و ئاخ هەڵدەکێشێ، لەدڵەوە چەند رستەیەکی جیدی دەڵێ، کە ئەمانە وەک بەڵێنێک دەردەکەون، لەنێوان ئەو و هاوڕێکەمدا.

چەند رۆژێکی کەمی ماون هاوڕێکەم بگەڕێتەوە بەرەکانی جەنگ. جاران هەر کە، سەری پۆستەمان دادەهات بەگورج و گۆڵی دەهات و لەدەرگاکەمانی دەداو نەدەهاتەژووری، تا من بەخۆم دەکەوتم لەدەرێ رادەوەستاو نەرمە گۆرانی دەگوتن و ناوبەناویش هاوارێکی دەکرد؛

دەی زووبە خۆ ناچینە سەرشایی ئاوا خۆت کەشخە دەکەیت، هەر دوو کاتژمێری دیکەیە لەناو قوڕو چڵپاو دەتبینمەوە... بەڵێ بەر لەدووسەعات لەنێو قوڕو چڵپاوی سەنگەرەکەدابووین، بەخۆزگەکانماندا دەچووینەوە، ئەوەندە خۆزگەمان دەردەبڕی، کە هێندێکیان ئارەقەی مەحاڵ لەنێوچاوانیان دەچۆڕا، خۆزگەکانمان لەگەڵ ئەو بارودۆخە نەدەگونجا، کە وڵاتی تێکەوتبوو. ئێمە لەنێو ویزەویزی گوللە دەمانەویست باس لە پیاسەی پارکێکی جوان و رازاوە بەگوڵ بکەین و دەستی ئەو کچانە بگرین کە خۆشماندەویستن...باسمان لەڕەوینەوەی تەمی شەڕدەکرد، بێئاگا لەوەی ئەمە چەند قسەیەکی بێماناو پڕوپوچە، کە لەگەڵ پرانسیپەکانی قازانج...قازانج بۆ باخەڵ و ویژدانی بازرگانانی شەڕ یەک نەدەهاتەوە. بیرمە بەرلەوەی ئەم گوللە وێڵە بەردڵم بکەوێ، باسم لە کۆتایی هاتنی شەڕ دەکردو وەک پرسیارێک ئاراستەی هاوڕێکەم کرد.ئێستاش وا لەتەک سێ شەهیدی دیکە لەپەنای یەکتر ریزکراوین، پێدەچێ لەسەر ئەوە وەستابن تا ئاڵای وڵاتمان بۆ دێنن و بەسەر لاشەمانیدادەدەن، تا هیچ نەبێ ئەگەر خەڵکانێکیش بمانبینێ بەزەیی پێماندابێتەوەو هەستی نیشتمانیان بجوڵێ و ببینە مەراقێک لەدەروونیان...یان هیچ نەبێ ئاوێک بەدڵی سووتاوی دایکەکانماندا بکات، کە بانگهێشتکراون بۆسەر قەبران تا لەمەراسیمەکە بەشداربن.

تا دەمگەیەننە سەرقەبران، بیرم هەر لای دایکمە...دەزانم بەرگەی ئەم کۆستە ناگرێ، هەر کە کەژاوەکە دەبینێ لەباوەشی ژنە بەجەرگەکانی گەڕەک دەبوورێتەوە. خوشکەکەشم کە ناهێڵن بێتە سەرقەبران، بەهەزاران فڕوفێڵ دووری دەخەنەوە، تا ئەویش...ئەوی تازە پێگەیشتوو بەم کۆستە نەزانێ و نەزانێ برا ئازیزەکەی لەنێو ئەو ریزە شەهیدەیە کە ئاڵای وڵات باڵاپۆشیکردوون. من حەزناکەم کەوا رێگری لێدەکەن، پێمخۆشە بهێت و گوێم لەگریانی بێت.. گوێم لەقسەکانی کۆتایی ئەوبێت و لەمانای دڵتەنگییەکەی تێبگەم...حەزدەکەم هەڵسمەوەو ئەوەی بەگوێدابدەم، کە تازە من شەهیدم!. تازە رووبەڕوو یەکتر نابینینەوە، دەمەوێ دڵنیای کەمەوە بەسەر سەریەوە دەبم، تا گەورە دەبێت ..تا بەئاواتەکانی دەگات، دەمەوێ پێی بڵێم قەینا خوشکەکەم قەینا لەخەونەکانت دێمەژوورێ، لەوێ رێنوێنیت دەکەم...خەم مەخۆ خوشکە تاقانەکەم خەم مەخۆ، منیش دەساڵ لەمەوبەر وەک تۆبووم کە باوکمان شەهیدبوو، چۆن لێنەگەڕان تۆ بێیت و بۆدواجار بمبینی، منیشیان ئاوا هەڵخەڵەتاند، نەیانهێشت باوکم بۆدواجار ببینم...دەمەوێ ئازایەتی وەبەرنێم و سڵ لە مەینەتییەکانی داهاتوو نەکاتەوە.. دواجار دەمەوێ ئەوەشی پێبڵێم؛ خۆمن هەر تەنها ئێوەم جێنەهێشت، ئەو کچەشم جێهێشت کە بەنیازبووین لەدوای ئەو جەولەیەی شەڕ داخوازیکەم. بەنیازبووم بۆ مانگی هەنگوینی سەدان کیلۆمەتر لێرەی دوورخەمەوەو لەشوێنێکی ئارام ئەو رۆژانە بەسەربەرین. ئاگادارم ئێستا دڵی ئەو لەهی هەمووتان بەکوڵترە...دەزانم ئیدی بێئەوەی شەرم لەدایکی یان لەباوکی یان لەبراکانی بکات فرمێسک دەبارێنێ، خواردن لەخۆی حەرامدەکات... ژیان لەبەرچاوی تاڵدەبێ، دەیەوێ بمرێ، چەندجار هەوڵی خۆکوشتن دەدا، بەڵام رزگاری دەکەن... تا رۆژبەڕۆژ

ئەویش ئارامدەبێتەوەو خۆی دەسپێرێتەوە بەو ژیانە ئاساییە...هەرچەندە دڵی لای من دەبێ، بەڵام بەدوورکەوتنەوەی رۆژگار لەم رووداوە، ئەویش لەیادەوەرییەکانی دووردەکەوێتەوە. ئینجا هەوڵدەدات کوڕێک بدۆزێتەوە لەخۆم بچێت...بەردەوام دەبێ تا ژیان دەرفەتێکی دیکەی پێدەبەخشێتەوەو هەناسەکانی بەڕووداوەکاتەوەو رۆژەکانی ئاڵدەکات. ئەو فەرامۆشی بەوەدێت کە نۆبەرەکەی بەناوی منەوە ناوبنێ، کەئەگەر لەسەر ئەم ناوە لەگەڵ هاوسەرکەی لێیان نەبێ بەکێشە.

-٤

ئێمە ئێستا لەشوێنێکی تەختی سەرگۆڕستان ریزکراوین، فەرماندەی باڵای ناوچەکەو بەرپرسە حزبییەکان و بەهەزاران هاووڵاتی رژاونەتە ئەم ناوە تا مەراسیمێکی شکۆدارانە بەڕێوەببەن. فەرماندە، دەستەیەک هەڵدەبژێرێ لە چەکدارەکان بۆئەوەی چەند گوللەیەک بتەقێنن، بەرلەوەی بەخاکمان بسپێرن. کە پێشتر لەو حاڵەتەم نەپرسیوە، ئەم تەقەیە بۆچییە؟ بەڵام تازە تێگەیشتم ئەمە نیشانەیە بۆ بەردەوامبوونی جەنگ!!...ئەمە ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ ئەوانەی لەڕێوڕەسمەکە بەشدارن، کە شەڕ بەردەوامەو بەردەوامی دەبێ تا تۆڵەی ئەم شەهیدانە دەکرێتەوە. دوای ئەوە بەرپرسی یەکەمی حزب لەم ناوە بەوتارێکی ئامادەکراو کە لەباخەڵی دەریدێنێ و دەستدەکات بەپیاهەڵدانمان...ژیاننامەمان ئاوێتەی ریزێک درۆ دەکات، ئەوەندەمان پیاهەڵدەدات تەریقمان دەکاتەوەو ناچارماندەکات سوێمان لەخۆمان نەبێتەوە، کە بەجوانی شەهیدبووین و ناچارماندەکات بڕوا بەوە بێنین کە ئەو رێگایەی هەڵمانبژارد و لەپێناوی شەهیدبووین، راست و دروستبوو نەوەک ناچاری.

هەموویان دەڕۆنەوە، دایکم پرکێشی زۆردەکات بمێنێتەوە، بەڵام چوارمەشقی هەڵیدەگرن و دووری دەخەنەوە، دواکەس کە دەمێنێتەوە هاوڕێکەمە...کە دەیەوێ قسەی کۆتایی خۆی بکات. بەو بەڵێنە دەستپێدەکات کە یەکەمجار بەیەکتریماندابوو ( هەر یەکێکمان پێشتر کوژراین، ئەوا ئەوەی دیکە بەوەفاداری بمێنێتەوەو تابشتوانێ تۆڵە بکاتەوە) ، بەڵام ئەو تۆڵە لەکێ بکاتەوە؟ خۆ بکوژەکەی من دیارنیە، ئەو کێ بکوژێ؟ مەگەر کۆمەڵکوژی بکات تا ئەو کەسە بەردەکەوێت کە منی کوشتووە، ئەمەش کارێکی مەحاڵە. خۆزگە گوێی لێم دەبوو تا پێمبگوتبا؛ برۆ هاوڕێ جێمبێڵەو ئەوە لەبیری خۆت دەرکە، کە ناوی تۆڵەیە، برۆ نەفرەت لەشەڕبکەو چیدی بەوشەی پاڵەوان یان کوڕەئازاکە هەڵمەخەڵەتێ، ئەمانە گەمەی زمانن بۆ لەخشتەبردنی دەیانی وەکو ئێمە، برۆ خوازبێنییەکەت تەواوبکەو دەستی دەزگیرانەکەت بگرەو لێرە دوورکەوە، چونکە پێدەچێ کەس لەم کورەیە رزگاری نەبێت، تازە من رۆیشتم، بەڵام با یەکێک بمێنێتەوە یادگارییەکانمان بگێڕێتەوە.

* رادەزەلین : هەڵدەخلیسکان

٢١/ ٩/ ٢٠١٢ هەولێر



# پەناگەی دووەم سەربازی هەڵاتوو

ئەسکەندەر جەلال

ژوورەکە چی تێدابێ باشە..؟ بەعەقڵ چۆنی لێ دەفکری، ژوورێ بێ چەند دە ساڵێک بێ جێ هێڵدرابێ و هیچ رێبوارێ رێی تێ نەکەوتبێ، پەنجەرەی بە دیوارەکەوە رووچووبێ و بووبێتە بەشێک لە دیوارە پیرەکەی...ژوورێ چەند دەیەیەک بێ کەس پەنجەرەکەی نەترازاندبێ و دەرگاکەشی بە نیمچەکراوەییەوە جێهێڵدرابێ هەروەک ئەوەی کەسێ بە ئەسپاییەوە لێیەوە هاتبێتەدەرەوە بۆ ئەوەی لە دەنگە غەریبەکەی دەرەوە بگات و بچێتەوە ژوورەوە، ئینجا دەرگەکەی کەمێک بەکراوەیی جێهێشتبێ و دوایش هەرچوونی هەبووبێ و گەڕانەوەی نەبووبێ....

ژوورەکە چی تێدابێ باشە، عەقڵ چۆنی لێ دەفکرێ..؟

من خۆم پێموایە ئەو ژوورە ئەگەر قەرەوێڵەیەکی یەک نەفەری کۆنی چل پەنجاساڵ لەمەوبەری تێدابێ حەکایەتی تەنیایی یەک تاکەکەسی ژیاو لەو ژوورە بکات.. ئەگەریەک تاکە پیاڵەی لەقوتوو دروستکراوو یەک قۆری بچووک و یەک باڵتۆی گەورەی سەربازی ئەستووری بەقەد دیوار هەڵواسراوی تێدابێ، کەواتە ئەم ژوورە هەر هی پیاوێک بووە و بەتەنیا لەم ژوورە ژیاوە ، کاتێکیش بەووردی و چوختییانەتر سەرنج لەو ژوورە بدرێت و لەژێر قەرەوێڵە یەک نەفەریەکەی چاوێکی زیت بگێریت، ئەوا ئەو چەکە ئینگلیزییەش دەدۆزیتەوە کەلە پیاوێکی تەنیا ژیاوی ژوورەکە بەجێماوە...زیاتریش بگەڕێیت چاوت بەو پارچە کاغەزە زەردە کۆنە بەئاستەم ماوانەش دەکەوێت کە ئەم پیاوە نووسیوونی، خۆ ئەگەر ئەو لاپەڕە کۆن و زەردهەڵگەڕاوە

خۆڵ لێ نیشتوانەش ئاودیوکەیت و بەهێواشی لێیان بڕوانی ئەوکات بۆت دەردەکەوێ ئەم پیاوە هەڵاتوویەکی شەڕبووە و خۆی لەم ژوورە لاتەریکە مەلاس داوە...

ژوورەکە شتی زۆری تێدا نییە، جگە لەو پیاڵە لە قووتوو دروستکراوەو قۆرییە بچووکە، جگە لە قەرەوێڵەیەکی یەک تاکەکەسی ئەنتیک و تفەنگە ئینگلیزییەکە و پاڵتۆسەربازییە کۆنە هەڵواسراوەکە هیچیتر نابینرێت ، ئەوەنەبێت سەعاتێکی لەدار درووستکراویش لەقەد دیوارەکە هەیە سەعاتێکە لەو سەعاتانەی سەندوقێکی پێیەوەیە لە شێوەی کوخێکی بچووک کە بوولبوولێکی دارینی تێدایە و سەرەسەعاتان بوولبوولەکە دێتە دەرەوەو دەچێتەوە ژوورەوەو چەندجارێک دەخوێنێت وەکو ئاگادارکردنەوەیەک بۆ سەرەسەعاتان، راستییەکەی سەعاتەکە وەکو هەر سەعاتێکیتری نێو موخازەکان لەسەر سەعات ١٠:١٥ خولەک وەستاوە، کەچی بوولبوولەکە هاتۆتە دەرەوەو وەک ئەوەی ئەوکات زیندووبووبێ و لەدەرەوە رەق هەڵاتبێ و ملی خواربووبێتەوە..

ئەم ژوورە کە ئەم شتانەی تێدایەو دەرگاکەی بە نیمچەکراوەیی بەجێماوە ، تیایدا رەنگی هەموو شتێ گۆڕاوە، نەتفەنگی رەنگی خۆی ماوە نەکاغەزی...

ئەم ژوورە کە پێدەچێ رێبواری نیشتەجێی ناوی چووبێتە دەرەوەو ویستبێتی لە ئارامی شوێنەکەی دڵنیابێ و هەر ئەوچوونی هەبووبێ و نەهاتبێتەوە بۆ ژوورەوە، سەعاتەکەی لەسەر ١٠:١٥ خولەک وەستاوە، بوولبوولی نێو سەعاتەکەی هاتۆتەدەرەوەو رەق هەڵاتووەو ملی خواربۆتەوە...

ئەوەتا دوای ئەو هەموو دەساڵە، رێبوارێ هاتووە و هەڵاتووی جەنگە و لە ژوورەوە خۆی شاردۆتەوە، ئەو رێبوارە لەخەمی ئەوەدایە چۆن هەواڵێ بگەیەنێتە دەزگیرانەکەی و بڵێت لە تەواوبوونی جەنگ دڵنیانییە کەچی کاغەزەکۆنەکان دەبینێ و دەست بە خوێندنەوەیان دەکات..

لەکاغەزەکۆنەکەدا رێبوارەکەی کەچۆتەدەرەوەونەهاتۆتەوە ژوورەوە بۆ ژنەکەی نووسیوە :

خانم کەس گەرەنتی نەمانی شەڕی پێ نییە، کەس نازانێ میقاتی وەستانی شەڕ کەیە، کەس ئیتر بە گرژینەوەکانی عەقید دڵی خۆش نابێ وابزانێ جەنگ وەستان نزیک بۆتەوە...

خانم ئێمە لەوڵاتێکین زمانی خەڵکەکەی نازانین، زۆرمان لەبابەت دڕندەیی خەڵکەکەی بیستووە، بەڵام ئەمانە مەرج نییە هەمووی راست بن..ئەگەر هەواڵی وەستانی جەنگ دەپرسیت، وەڵامی ئەمە لای کەس نییە عەقید خۆشی هیچی لەبارەوە نازانێ، ئەویش دهناورێتەوە دەڵی من قەت بریارە دەستپێکردن و وەستانی جەنگم بەدەست نەبووە...

ئەو دەڵی دوژمن لەرەشەبا دەچێ هەرکات هەڵکات هەڵدەکات، لەهەر کام لاوەبێت دێت، ئەو دەڵی من سەربازم پێویستە تا ئەو دەمەی رەشەبا بەیەکجاری نامێنێ..

خانم دڵتەنگ مەبە من لێرەم لە شوێنێ خۆم شاردۆتەوە مرۆڤی ناگاتێ..

کابرای دووەم ئەم کاغەزانەی دەخوێندەوەو دەفتەرەکەی خۆی دەرهێنا، لەبەر نامەکانی ئەو

نامەیەکی دیکەی نووسیەوەو لە ژێرەوە نوسی ئەوکاغەزانە نازانم بەدەستت دەگات یان نا، عاقڵەکان دەڵێن جەنگ لێرە نابڕێتەوە، لەم ژوورەی منی لێم سەربازێک لەجەنگێکی گەورەی خوێناوییەوە رایکردووەو خۆی لێرە حەشارداوە، لەم ژوورە ئۆقرەی گرتووە ، ئەو نامانەی بۆ خێزانەکەی نووسیوون هەروا لێرەن، من نازانم ئەو کێ بووەو بۆ کوێ چووە، ئەویش شاهێدی داوە ئێرە جێگەیەکی ئەمینە، کەهاتم هەندێک ئێسکم دۆزییەوە هی مرۆڤ بوون لەگەڵ چرایەکی شووشە لەدەرەوەی ئەم ژوورە کەوتبوون...




**لەبەردەم جوانیدا**

کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبییە و نووسەر و شاعیر( حەمە عەباس ) وەریگێڕاوە و ئامادەی کردووە و مەڵبەندی گشتی یەکییەتی نووسەرانی کورد چاپی کردووە.



# دەروازەیەکی تیۆریی بۆ پەیوەندیی نێوان کولتوور وکۆمەڵگا

نیهاد جامی

ناتوانین کولتور وکۆمەڵگا وەک دوو بابەتی سەربەخۆ بخوێنینەوە، بەهۆی ئەوەی هەریەک لەویتر بەشدارە لەبەرهەم هێنانەوە، بۆیە کاتێ لەیەکێکیان دەدوێین، دەمانەوێ ڕووخساری ئەویتر دەربخەین، چونکە کولتور بەرەنجامی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانمانە، کۆمەڵگاش لەڕێگەی بزاوت وپەیوەندیەکانی خولقێنەری کولتورە، دیارە مرۆڤ چەقی ئەو پەیوەندیە پێک دێنێت، بۆیە بۆ کۆمەڵگا دەبێتە کائینێکی کۆمەڵایەتی، وەک چۆن بۆ کولتور دەبێ بەخولقێنەر، چونکە ئەو کائینە کۆمەڵایەتیەی ناو کۆمەڵگایە دەبێتە هۆی خولقاندنی کولتور، کۆمەڵناسان لەئەمڕۆدا کاتێ باس لەچەمکی کولتور دەکەن زیاد لە ١٥٠ پێناسە بۆ کولتور دەخەنە ڕوو، ناسراوترین ودیارترینیان، ئەو پێناسەیییە کە دەڵێت «کولتور ئەو بەشەیە لەژینگە کە مرۆڤ درووستی کردووە« (١)

هەرچەندە پێناسەکەی تایلۆر زۆرتر کۆمەڵناسان لەسەری کۆکن کە دەڵێت «کولتور بریتیە لەگشتێکی ئاڵۆز لەزانست وزانیاری وهونەرو، هزر وبیروباوەڕ ویاسا دسپلین وداب ونەریت و، ترادسیۆنەکان، بەکورتی گشت ئەو فێربوون وعادەتانەی کە مرۆڤێک وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگا

وەری دەگرێت» (٢) ئەوەش بەرەنجامی سەپاندنیەتی لەلایان ئەندامەکانی کۆمەڵگاوە، بەپێی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکانیش کولتور گەشە دەکات وبەرەو پێش دەچێت، هەر ئەویش توانای ئەوەی هەیە سنووری زیندەگی لەناو کۆمەڵگادا دەست نیشان بکات، بەواتای کولتور لەبنەڕەتدا ئاکاری مرۆڤ دەست نیشان دەکات، ئەو دەست نیشان کردنە لەسەرەنجامدا دەبێتە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی.

کولتور دەست نیشانی پەیوەندیی خێزانی ورێگەدان وحەرامکردنی پەیوەندی سێکسی دەرەوەی ژیانی هاوسەری وجیاکردنەوەی ڕەفتاری نێرو مێیەکان لەناو کۆمەڵگادا وتەنانەت بەخێوکردنی منداڵ هەر لەشیر پێدانی تا دەگاتە وەڵام بە پرسیارەکانی وپێویستە لەکۆڵان وماڵ و قوتابخانە چۆن ڕەفتار بکات.

لەناو کولتورەکان خاڵی هاوبەش ئامادەبوونی هەیە لەجۆری «پەروەردەکردنی منداڵ، هاوسەرگرتن، ناشتنی مردوو» ئەگەرچی هەندێ لە کواتورەکان بۆ ئەوەش خاسیەتی تایبەتمەندیان هەیە.

## هەر کۆمەڵگایەک ئاستی هۆشیاری وبیرکردنەوەی بەرەو پێش چوو، ئەوە کۆمەڵگایەکە کولتورەکەی کرانەوەی بەسەر خۆی قبووڵ دەکات و توانای وەرگرتن وپێشڤەچوونی کولتوری هەیە، دژی چەمکی فرە کولتوریی نیە.

ئەو ساتە دەبێ لەسەر کولتورەکە خۆی بووەستین کە کولتورێکی دەوڵەمەندە، کولتور بەرەنجامی میراتگریی نیە، بەڵکو کولتور لەڕێگەی زانستەوە پێمان دەگاتەوە، ئەوەش خەسڵەتی ئاینی کۆمەڵگایە، چونکە ئەوە جێگای گومان کردن نیە کە هیچ کولتورێک بەبێ کۆمەڵگا بوونی نیە، وەک چۆن کۆمەڵگایەک لەسەر زەوی نادۆزینەوە بەبێ کولتور، کاتێ تێبینی ئەوەمان کرد کە کولتور لەناو کۆمەڵگاکان بەبێ جیاوازی بوونی هەیە، ئەو کاتە دەبێ ئەوەش بزانین کە «ووردە کولتور، دژە کولتور، دواکەوتنی کولتور» لەناو کۆمەڵگادا بدۆزینەوە، هەموو ئەمانەش لقی جیاواز وسەربەخۆن و لە کولتور هاتوونەتە دەرەوە.

ووردە کولتور بریتیە لە «کولتورێکی بچووکتر لەناو کولتورێکی گەورەتردا» (٣) جۆرەکانیشی پۆلین دەکرێتە سەر «ناوچەیی، لادێی یا شاری، چینی کۆمەڵایەتی، ووردە کولتوریە ڕەگەزیەکان، نەتەوەیی، ئاینی، پیشەیی، گروپەکان، لادەرەکان» ئەو کولتورانەی لە کۆمەڵگایەکدا بە ووردە کولتور ناو دەبرێت لەکۆمەڵگایەکی تردا بە کولتوری سەرەکی سەیر دەکرێت، لەکۆمەڵگای کوردیدا کولتوری تورک ووردە کولتورە، کەچی لەکۆمەڵگای تورکی کولتوری سەرەکی پێک

دێنێت، ئەوە کولتوری کوردیە دەبێتە وورده کولتور.
دژه کولتور چەمکێکیتره ئەوەیان دەسەپێته سەر ئەو گروپه کۆمەڵایەتیانەی که به لادەری کۆمەڵایەتی ناسراون، لەکۆمەڵگای کوردیدا گروپی شێخ زانا ئەو ڕەفتارانەی پێی هەڵدەستان به نموونەی دژه کولتوری ئەو گروپه ناسرا، هەمیشه دژه کولتور وێنەیەکی لادەرو نەشیاو دەبەخشێته کولتور، بەهۆی ئەوەی لادانه له ئەخلاقی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانن دیاره سستی دەوڵەت لەبەرامبەر شەپۆل و گۆڕانکاریه تەکنەلۆژیەکان چەمکێکیتر دێنێته پێشەوه ئەویش (دواکەوتنی کولتوریه).
لەکۆمەڵگای عیراقیداو له ئەزمونی حوکمڕانی بەعس تەکنەلۆژیا ترسناکترین چەکی بەرهەم دەهێنا، کەچی ئەو تەکنەلۆژیایه نەهاته ناو کۆمەڵگاوه، بەواتای تەنیا دەوڵەت بوو بۆ جەنگەکانی سوودمەند بوو لێی، ئەوەش زەمینەیەکی پتەوی خوڵقاند بۆ دواکەوتنی کولتوری، دواکەوتنی کولتوری «سەبارەت بەلایەنی ماتریال و ئابوری لایەنێکی مەعنەوی وەستاوه بۆ کۆمەڵگا، کاتێ لایەنه مەعنەویەکه بەخێراییەکی زۆر تێدەپەڕێ، تێبینی ئەوه دەکەین لادانێک لەنێوان لایەنه ماتریالی و ئایدیاکه درووست دەبێت» (٤)
ئێمه پێشتر ئەوەمان دەرخست که کولتور لەڕێگەی میراتەوه ناگوێزرێتەوه، بەڵکو زانست دەیگوازێتەوه، بەواتای له نەوەکانەوه دەپەڕێتەوه بۆ یەکتری، بەڵام کەناڵی ئەو پەڕینەوەیه گرنگیەکی تایبەتی هەیه که زمانه، زمان وادەکات کولتور لەگەڵماندا بەردەوام بێت ولێمان دانەبڕێت، ئەوەش تەنیا پەیوەندی به گەیاندنی زەمەنەکان نیه، بەڵکو ئەگەر (باوک وماموستا) لەماڵ وقوتابخانه مناڵ وخوێندکار به کولتور ئاشنا بکەن، ئەو ئاشناکردنه لەڕێگەی زمانەوەیه، گەشەکردنی زمان وسیستمه دەلالیەکانی گەشەکردن وفراوان بوونی کولتوره، کاتێ زمان بەرەو تۆکمەیی دەچێت ودیدی فراوان بەخۆوه دەگرێت، ئەوه کولتوره لەناو ڕاڤەی دەست نیشان کراو خۆی قەتیس ناکات، هەر بۆیه ئەوانەی لەناو کولتور ئامادەبوونی فراوانیان هەیه، لەزماندا خاوەنی وێنەی مەجازین، که لەڕاستیدا ئەوه ڕەهەنده کولتوریەکەی مەجازه، بەفر بۆ ئەسکیمۆ و ووشتر بۆ عەرەب وبەرد بۆ فەلەستینی و پێشمەرگه بۆ کورد و عەفلەق بۆ بەعس و ئەتاتورک بۆ تورک، هەریەک لەوانه تەنیا مانای مەجازی نیه بۆ وێنەی دەنگی، بەڵکو هەڵگری ڕەهەندی کولتوریه، کولتوری کۆمەڵگاکان وای کردووه زمان ئەو وێنەیه له ناوێکەوه بگوازێتەوه بۆ مەجاز، ئەوه کولتوره لەناو زماندا ماناکانی فراوان دەبن.
ئەو زمانەی بەرهەمی توندوتیژیه وموفرەدەکانی هەڵگری ئەشکەنجەو سزایه، دیسان زمانێکه بەرهەمی کولتورەکەیەتی چ لەسەر ئاستی دەقه پیرۆزه ئاسمانیەکان، یا دەقه ئەدەبی و شاکاره فەلسەفی وهونەریەکان، تا دەگاته ئاستی زارەکی قسەکردن، زمان پەیوەندی خۆی وابەسته ناکات بۆ ئاستی هۆشیاری قسەکەر، بەڵکو زمان پەیوەندی خۆی لەگەڵ تەمەنی مناڵی دەست پێدەکات.
زمان هۆیەکه بۆ جیاکردنەوەی کولتورەکان لەیەکتری، بەواتای ڕۆڵی خەسڵەتی جیاواز دەست

نیشان دەکات، جگە لەوەی توانای بەخشینی وێنەی مەجازی هەیە لە نەستماندا، ئەمڕۆ لەسەردەمی میدیاکاندا زمان ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە بەتایبەت زمانی بینین و زمانی وێنەو تەنانەت ئەمڕۆ کەڕولاڵەکان وەک ئێمە لەڕێگەی زمانی ئاماژە دەتوانن لەناوەڕۆکی وێنەکانی تەلەفزیۆن تێبگەن.

شێوازارەکان لەزماندا ڕۆلی کولتورو ووردە کولتور دەبینن، ئەمڕۆ لەکۆمەڵگای کوردیدا تاکە زمانێک هەیە، بەڵام شێوەزاری جیاوازمان هەیە، هەمووشیان لەناو زمانی کوردی کۆدەبنەوە، بەڵام شێوەزار توانای ئەوەی هەیە دەست نیشانی شوێنمان بۆ بکات، بەواتای لەڕێگەی شێوەزاری زمانەکەوە دەتوانین هەولێریەک لە سلێمانیەک و کەرکوکیەک لە دهۆکیەک جیا بکەینەوە، بۆیە زمان خەسڵەتی جیاکەرەوەی کولتوری هەیە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە ئەوە فەرامۆش نەکەین، کە ڕەگەزە تەواوکەرەکانی کولتور بەتەنیا لەوانەی ئاماژەمان بۆ کرد کۆتایی نایەت، ڕاستە ئەوانە چەمکە سەرەکیەکانی ئیشکردنە لە کولتوردا، بەڵام بۆ ئەوەی لەتەواوی پێکهاتەکانی بگەین، دەبێ ڕەگەزە تەواوکەرەکانی فەرامۆش نەکەین، کە بریتین لەو چوار ڕەگەزە «باوەڕەکان، بەها، ئەفسانە، ڕەمزو سرووت» باوەڕەکان لەئەزموونی مرۆڤەکان بۆ چوار دیدگا پۆلین دەکرێت.

(سرووشتی جیهان) پرسیاری تاکەکانی کۆمەڵگەیە لەبارەی خولّقاندنی سرووشت وچۆنیەتی پێکهاتنی، کاتێ پرسیارەکانی لەناو کۆمەڵگادا ئاراستە دەکات، بیروباوەڕە کولتوریەکان دەست نیشانی ئاین ووەڵامەکانی دەکەن، ئەوسا خالّێکیتر دێتە پێشەوە (شوێنی تاک لە کۆمەڵگادا) ئەوەش پرسیارکردنی تاکە لەشوێنگەی خۆی لەناو کۆمەڵ، قوربانی بەخشین بە کۆمەڵگاو داواکردنەکانی کۆمەڵ لەتاک ئەو خاڵە پێک دێنێت، هەروەها (شوێنی مرۆڤ لەجیهاندا) ئەوەش بوونی تاکە لەڕووی چارەنووس وخەون وئومێدەکانی.

**(سرووشتی مرۆیی وڕەفتارەکانی) کە دوا خاڵی (بیروباوەڕەکان) ە، بریتیە لە دەرکەوتنی چاکەو خراپەی مرۆڤ، ئەوانەی لەتوانایدایە پێی هەڵبستێت، (بەها) ڕەگەزێکیتری تەواوکەری کولتورە، هەندێک لەو بەهایانە چاکەخوازن هەندێکیتر خراپن، چاکەخوازەکانیش کە بووە بە کولتور قبووڵ کراوە.**

دیاری بردن بۆ ئاهەنگی بووک گواستنەوە، بردنی گوڵ بۆ لای نەخۆش بەهای قبووڵ کراون، بەڵام پێدانی گوڵ بە کچە دراوسێیەک بەهایەکی قبووڵ نەکراوو خراپە، ئەگەرچی گوڵ بۆخۆی لەهەندێ کولتور وەک بەهایەکی چاکەخواز سەیر دەکرێت، لەهەندێکیتردا مانای خراپی هەیە، لەکۆمەڵگای کوردیدا ئێمە لە بۆنەکاندا گوڵی نایلۆن لەگەڵ یەک دەگۆڕینەوە، بەڵام ئەو دیاریە لەکۆمەڵگای سویدی وەک جنێوێک سەیر دەکرێت، چونکە پێیان وایە گوڵی سرووشتی بۆ رێزلێنان ودیاریەو گوڵی نایلۆنیش بۆ سووکایەتی پێکردنە.

(ئەفسانە) بەهاو بیروباوەڕەکانی لەسەر درووست دەکرێت «کۆمەڵناسان وا سەیری ئەفسانە ناکەن وەک ووتەیەکی بەتاڵ لەمانا یا ڕووتکراوە لە واقیع» (٥) چونکە هەر کۆمەڵگایەک لەڕێگەی ئەفسانەوە گوزارشت لەوێنە هزریەکانی کولتورەکەی خۆی دەکات «ئەفسانەی کۆمەڵایەتی هەیە لەئاستی ڕێژەیی فراوانە، هەندێک ئەفسانەی تریش هەیە ڕێژەیەکی کەمی هەیە وبەو شێوەیە، بۆیە بۆ هەر شارێکو بۆ هەر ماوەیەکی مێژوویی، کە لەناو خۆیدا نهێنی تەواوبوونی کۆمەڵایەتی و بەردەوامێتیە لە زەمەن» (٦) بۆیە بۆ کۆمەڵگای کوردی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر بەهای کۆمەڵایەتی وبیروباوەڕی نەتەوەیی پێک دێنێت.

دوا ڕەگەز (ڕەمزو سرووت)ە، ڕەمز لەکایە ئەدەبی وهونە ریەکاندا هەڵگری ماناکانی بوونە، بۆیە ئەو ڕەمزە کولتوریانە بەکار دێتەوە، سرووتیش داکۆکی کردن ودرێژ بوونەوەی کولتورە لەناو ئەمرۆماندا، چەکوشەکەی کاوەی ئاسنگەر ڕەمزێکە لە کولتوری ئێمەدا بەردەوامی هەیەو نەوەکان داکۆکی لێدەکەن، وەک چۆن ئاگر کردنەوەی ئێوارەی نەورۆز ورۆژی دواتر چوون بۆ سەیران سرووتێکی کۆمەڵایەتیەو کۆمەڵگای ئێمە لەم ڕێگەیەوە گوزارشت لەو ڕەگەزە سەرەکی وتەواوکەرەی کولتور دەکات، ئەگەرچی ئاگر بەتەنیا سرووتێکی نەتەوەیی نیە، بەڵکو وێنەیەکی کولتوری نێو نەستی ئەو کۆمەڵگاییە کاتێ وەک ڕەمزی ئاینی زەردەشتی دەرکەوتووە وئەمرۆش سەرباری مووسڵمانبوونی کۆمەڵگای کوردی، بەڵام ئاگر هەر بە بەشێک لە کولتورەکەی ماوەتەوە، بۆ ئەوەش پێویستمان بەقسەکردنە لەسەر پەیوەندی کولتوروشوناس.

## کولتور و شوناس

پەیوەندیی نێوان کولتور و شوناس باسێکە پێویستی بە تێڕوانینی تیۆریی هەیە، بەتایبەت ئەو کاتانەی سەیر دەکەین کولتور لەدەرەوەی ماناکانی خۆیەوە سەیر کراوە، لەلایەکی تریش ئەو پەیوەندیەی دەکەوێتە نێوانیان پەیوەستە بەقسەکردنی ئێمە لەبارەی پیاچونەوە بەپرسیاری کوردبوونمان، بەڵام ئەو پرسیارە لە چەمکی کولتور زیاتر شێوێنراوە، هۆیەکەشی سەیرکردنی ئەو پرسیارەیە لەناو دەلالەتی سیاسیەوە و کوردبوون وەک تێڕوانینێکی کولتوری نەخوێنراوەتەوە، بۆیە ئەو پرسیارە لەناو وروژاندنی هەستی سایکۆلۆژی و کورت کردنەوەی کوردی لەناو دەلالەتی ڕابردوو خوازی بوەتە هۆی ئەوەی نەتوانین هەر پێشڤەچونێکی کولتوری ببینین، بۆئەوەی تێڕوانینێکی کولتوری بۆ ئەو پرسیارە بدۆزینەوە هەوڵ دەدەین لەو

خەوشە بێینە داون کە لەناو بەشێک لەنووسینی کوردیدا کولتور چۆن سەیر دەکرێت، دواتریش هەوڵ دەدەین بێینە سەر پرسیاری کوردبوونەوە.
ئەوکاتانەی چەمکێک فرێدە دەینە نێو نووسین و ناگەڕێینەوە سەری، لەبڕی ئەوەی مەعریفەی نوێ بەخوێنەر ببەخشین، بەپێچەوانەوە خوێنەر دەسخەڕۆ دەدەین، بەوەی چەندین چەمک لەناو تاکە دەلالەتێک کۆبکاتەوە، ئەو سەرگەردانیە بوەتە هۆی ئەوەی زۆر چەمک و زاراوە لە ڕۆشنبیری کوردیدا لەناو گومانی مانا ڕاستەقینەکەی خۆی بمێنێتەوە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی لەبڕی مەعریفە بەخشین خوێنەر بخاتە ناو گومانی مەعریفی، ئەو گومانە یەقینێک بەخۆی دەدات کە دواتر ئەو یەقینە جگە لە هەڵە تێگەیشتن خۆی نوقمی نێو پانتاییەک کردووە کە بەرپرسە لە دۆخێک کەهەر تەنها گوزارشت لەنەخوێندەواری خۆی ناکات هێندەی نەخوێندەواری ڕۆشنبیریەکە کاتێ لەهەڵەکان نایەتە دەنگ، وون بوونی ڕۆحی بەرپرسیاریەتی هۆکارێکی تری ئەو دۆخەیە، یەکێک لەو چەمکانە کولتورە.
کولتور یەکێکە لەو چەمکە سەرەکیانەی بەدەلالەتی جیاواز بەکاردەهێنرێت، هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو چەمکە لەنێوان دوو پرۆسەی ناونانەوە سەیرکراوە، یەکەمیان بەواتای کەلەپور تەماشای دەکات، ئەویتریش کە لەڕۆشنبیریی عەرەبی خواستویەتی بە(ڕۆشنبیری) ناوی دەبات.
دەمانەوێ لەڕێگەی پرسیارکردنەوە گومان لەو مەعریفەیە بکەین کە ئەو چەمکە بەو شێوەیە ڕاڤە دەکات، بۆیە دەپرسین: ئایا کولتور بە مانای کەلەپور یان مانای ڕۆشنبیریی دەگەیەنێت؟ ئاخۆ دەکرێ لەدەرەوەی ئەو دوو ناونانە کولتور مانایەکی تری هەبێت؟ گەر وابێ ئاخۆ کەلەپور و ڕۆشنبیریی دەبنەوە بەشێک لەکولتور یا دەکرێنە دەرەوە؟ گومان کردن لەو مەعریفەیەی بەو شێوەیەی ئاماژەمان بۆ کرد سەیری کولتور دەکات تێگەیشتنێکی ناتەواوە نەک لەبەر ئەوەی کولتور خاوەنی تاکە پێناسێک نیە، بەڵکو ئەو تێگەیشتنەی بە (کەلەپور) یا (ڕۆشنبیری) سەیری دەکات، دەکرێ کولتور بەشێک بێت لەوانە، بەڵام ناکرێ لەناو ئەو ناونانە کورت بکرێتەوە.

ئەوکاتەی کولتور کورت بکەینەوە لەناو نەریتدا مانای وەستاندنیەتی لەناو بەشێک و ڕێگەنەدان بۆ بەشداریکردنی لەهەر گەشەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، چونکە کولتور خاڵی نیە لە زانست و هونەر و فەرهەنگ و یاساکانی کۆمەڵگاو لەناویشیاندا نەریت وەک ئەوان بەشێکی تری کولتور پێک دێنێت، ئەوەش دەمانگەیەنێ بەو پێناسەیەی بڵێین کولتور»بریتیە لەکۆمەڵێک ڕەفتار و شێوازی کۆمەڵایەتی کە لەناو کۆمەڵگادا دێنە کایەوە و دەگوازرێنەوە، هەروەها ڕەگەزەکانی وەک زمان و ڕێو ڕەسم و ترادسیۆن و جلوبەرگ و خانوو، پیشە و هونەر و زانستەکان، بنەماکانی کولتور پێک دێنن» (٧)
دیارە ناکرێ وامەزەند بکەین کە دەکرێ کولتور سەر بە هەمان پێناسی کەلەپورە، چونکە گەر

کەلەپور لەڕێگەی نەریتەکانی ڕابردووخۆی بنیات بنێت، ئەوا کولتور لەناو منداڵدانی کۆمەڵگا و گەشە سەندنەکانیەوە دێتە بوون، بەمانای ئەوەی کولتور بەرهەمی گەشەی کۆمەڵگایە و ئەو بەرهەمەش دواجار دەبێت بە ئاکاری مرۆیی کە بەشێک لەو ئاکارەش خاڵی هاوبەشی کولتورەکانە، بۆنمونە مناڵ لەهەموو کولتورێک پێویستی بە پەروەردە و فێرکردن هەیە و دواتر چاودێریکردنی ڕەفتارەکانی، چاودێریکردن سیستمێکە کۆمەڵگا ڕەچاوی دەکات بۆ ئەوەی داکۆکی لەو ئاکارە بکەن کە ئەو کۆمەڵگایە پیادەی دەکات و دەبێتە بەشێکی سەرەکی لەکولتوری کۆمەڵگا، ئەوەش دەبێ بە شوناسی کۆمەڵگا و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی.

کولتور مرۆڤەکان دەکاتە کائینی کۆمەڵایەتی، بۆیە «کولتور لە ئەقڵ و هزری بوونەوەری مرۆیی دایە و بەشێکی گەورەی لەپەیوەندیدا بە وابەستەیی بە پێشینان یان خەڵکانی تر درووست بووە و (بەردەوام) بۆ نەوەکانی دواتر دەگوازرێتەوە« (٨)

ئەو گواستنەوەیە وەستانی کولتور نیە لەشوێنی خۆیدا، بەڵکو گۆڕانەکانی بەسەر کولتوردا دێت خێرانین، هێندەی گۆڕانی سستن، ئەوە زۆر جار بەشێوەیەک سەیر دەکرێ کە کولتورێکی نەگۆڕە، کە لەبنەڕەتدا هیچ کولتورێک نیە لەشوێنی خۆی بوەستێت و نەکەوێتە ناو دۆخی گۆڕان، بەڵام ئێمە لە (فیسک) ەوە دڵنیایی ئەوە پەیدا دەکەین کە کولتور سەرکەوتنێکی جێگیرە بۆ چالاکی کۆمەڵایەتی، ئەوەش مانای وایە کولتور لەناو گەشەسەندنێکی چالاکی کۆمەڵایەتیدایە، کە بەرزبونەوەی ناو کولتورە، کە کولتور چەندە لەشوێنی خۆیدا بێت کەچی لەبنەڕەتدا گۆڕان دەیگەیەنێت بە پرۆسەی بەرزبوونەوە و سەرکەوتن، ئەو پرۆسەیەش مۆرکێکی مەعریفی بەخۆوە دەگرێت، کەلەناو کولتور پەیوەندیەکان ڕێک دەخرێنەوە.

ئەوکاتانەی کولتور ڕۆڵی ڕێکخەر دەبینێ مانای وایە کۆمەڵگا خاوەنی هێزێکی پتەوە کە توانای بەگژداچونەوەی بە کولتورە جیاوازەکان هەیە، کە بەلای (جێلنێر)ەوە هەر ئەو ڕێکخستنەیە توانای ئەوەی هەیە کۆمەڵگای ئیسلامی بەرەنگاری علمانیەت بێتەوە (٩) چونکە واسەیری مەسەلەکە دەکات کە کولتور لەدەوڵەت بەهێزترە، لەکولتوری کوردیشدا ئەو تێگەیشتنەی (جێلنێر) زیاتر ڕەوایەتی وەردەگرێت کاتێ لەڕووداوی جیاوازی ئەنفال چ لەسەر دەستی خێڵە بەدوەکان و چ لەسەردەمی ئەنفالی بەعسدا دەبینین ئەوەی دەسەپێت زەبر و زەنگە نەوەک سڕینەوەی سیما کولتوریەکان، زمان و فەرهەنگی کوردیی لەناو ڕووداوە تراژیدیەکان ناسردرێنەوە، بۆیە مێژوی شەڕی کوردی مێژوی ململانێی ئایدیۆلۆژی نەبوو هێندەی شەڕی کولتوری بووە، کەدواجار هەر هێز و دەسەڵاتێکی سیاسی لەدەست درا بێت کولتور بەقۆناغی ئەستەم تێپەڕ بووە، بەڵام دواجار ئەوە کولتورە زیندویەتی خۆی ڕاگەیاندۆتەوە، ئەو زیندویەتیە گوزارشت لە ڕۆحی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات، ئەوەش دەمانگەیەنێتە سەر بابەتی نێوان دنیای کوردی و کولتور، ئەویش پرسیارکردنەوەیە لەچەمکی کوردبوونەوە، بەوەی کوردی کێیە؟ ئەو پرسیارە لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە دەشێ هەڵگری دەرەنجامی جیاواز

بێت لەوەی لەڕووی کولتوریەوە چۆن سەیری ئەو پرسیارە دەکەین، ئەو باسە دەمانگەڕێنێتەوە سەر ئەو هێرشە کولتوریەی هەروەها ئەو کولتورە هاوبەشەی کە ئەمڕۆ لە نێوان کوردیی وەک نەتەوەیەک لەتەک عەرەبدا هەیەتی بەوەی ئیسلام ئاینی هاوبەشی هەردووکیانە، بەڵام ئاخۆ ئاین توانای وەدەست کەوتنی ئەو شوناسەی هەیە، گومانکردن لەو شوناسە بەشێکە لەو گومانە مەعریفیەی لەسەرەتای ئەو تەوەرەیەدا ئاماژەمان بۆ کرد.

گەڕانەوە بۆ ڕەچەڵەک هەوڵێک نیە بۆ پیرۆزکردنی ڕابردوو هێندەی دەروازەی کرانەوەیە بەسەر قسەکردن لەسیما کولتوریەکانمان بەوەی گەر گوتاری سیاسی پێی وابێ کوردبوون لەناو دەلالەتی ئایدیۆلۆژیەوە ڕق لێبونەوە بەپێی پەیمانە سیاسیەکان سنورەکەی بگۆڕێت، ئاخۆ کوردبوون لەڕووی کولتوریەوە چ دەلالەتێکی هەیە و سنورەکەی توانای گۆڕانی هەمیشەیی هەیە؟ ئایا دەرگاکان بەڕووی خۆی دادەخات؟ یاخود لەناو گەشەی زانستی درێژە بەبونی خۆی دەدات؟
ئەگەر هەر قۆناغەو هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندێتی بێت، ئەوا ڕەخنەگرتن لە قۆناغەکان دەروازەیەکە بۆ کردنەوەی بەسەر پاشەڕۆژێکی ڕۆشن، بەوەی بتوانین زەمەنی غەیبیانی لەناو بیرکردنەوە بکەینە دەرەوە، بەدرێژایی زەمەنی ژیانی ئێمە (کوردایەتی) ووشە گەلێک بووە کەچالاکترین چەمکی ناو ژیانە کەتوانراوە بکرێتە کەناڵی قوربانی بەخشین لەپێناو پاراستنی سیما کولتوریەکانی نەتەوە، شۆڕشی چەکداری و سیاسی ئێمە لەژێر ئەو ناوەدا توێژە جیاوازەکانی خسۆتە ناو شۆڕش و دواجار کورەی ئاگرەکەی پێخۆشکردوە.
کوردایەتی ئەم چەمکە لە ئەمڕۆدا گۆڕان بەسەر مانا و دەلالەتەکانیدا دێت، ئەگەر لە ڕابردوودا چەمکێک بوو لەناوکەلەپورەوە بەپێی نەریتە خێڵەکیەکان سەیر دەکراو لەگوتارێکی ناسیۆنالیستیانە بەرەو ئایدیۆلۆژیا دەبردرا، ئەوا دەبێت لە ئەمڕۆدا ئەو گوتارە بە ئاقاری تردا بڕوات، بەوەی کوردایەتی شەڕکردن نیە لەسەر مانەوە بەکوردی هێندەی پێویستە ئەو گوتارە بگۆڕێتە سەر کایە جیاوازەکان، کوردایەتی ئەوە نیە نەریتەکانی ڕابردوو لە ئێستادا دوبارە بکەینەوە، بەڵکو چۆن ئەو گوتارە لە ئێستادا دەگۆڕینە ناو ژیانێکی نوێ زەمەنی غەیبیانی ڕابردوو دەگۆڕین بە زەمەنی ڕەخنەگرتن لەپرۆسەی عەقڵانیەت، چونکە ئەگەر ڕابردوو پێکهاتێک بێت لەعەقلانیەتی کوردی دەبێ بپرسین: ئایابیرکردنەوە پێویستە؟ ئەوکاتانەی بیرکردنەوە خۆی وابەستە دەکات بە کوردبونەوە، کوردبونیش پرۆژەی خۆکوشتنی هەبێت لە پێناو ڕزگار بونی نەتەوە.

# لەنێوان کوردی و کوردبوندا دەبێ ئەوەمان بیر نەچێت کەتەنها مەبەستمان لەکارەکتەرێکی ئەو دونیایە نیە کە بەزمانێکی تایبەت داکۆکی لەبونی خۆی دەکات، ئەگەرچی ئەو زمانە ڕەهەندێکی شوناس و بونی کولتوری پێک دێنێت، بەڵام کوردبون لەناو زماندا پێویستی بەتەقاندنەوەی بونیادە شاراوەکانیەتی

دەشێ هیچ کاتێ وەک ئێستا قسەکردن لەو باسە هێندە هەستیار نەبوو بێت، کوردی چیتر نەتەوەیەک نیە شەڕ کردنی وابەستە بێت بەگوتاری مانەوە، بەڵکو ئەو دەبێت ئەمڕۆ لەناو گوتارێکی ئەنتۆلۆژی دەربکەوێتەوە، بونی ئەو گوتارە وابەستەیە بەدەست نیشان کردنی جیاوازی کوردی لەتەک هەر نەتەوەیەکی تر و کاڵکردنەوەی هەموو ئەو سەپاندنی هێزەی بۆتە هۆی ئەوەی خاڵی هاوبەش بدۆزێتەوە، نەک بەوەی کوردی وەک ئەو بێت، بەڵکو بۆئەوەی لەو هاوبەش بوونە بیکاتە پەراوێزی خۆی، بۆیە ئەگەر ئیسلامبونی کورد خاڵی هاوبەش بونی کورد بێت لەتەک نەتەوەکانی وەک عەرەب و فارس و تورک، ئەوە دەبێ ئەو هاوبەش بونەوە کاڵ بکرێتەوە، بەوەی ئەوە پەیوەندیەکانی هێزە (دەسەڵات) بوەتە بەزۆر سەپاندنی هاوبەشی نەوەکو بەرەنجامی بەیەکداچونی کولتور.

جیاوازی ئاینی یەکێکە لەخەسڵەتە نەژادیەکانی کوردیی بەوەی سیما کولتوریەکانی جیا بکاتەوە، ئەو جیاکردنەوەیە گەڕانەوەی ئێمە نیە بۆ ئاینی زەردەشتی هێندەی ڕزگارکردنی گوتاری کوردبونە لەناو پەراوێزی گوتاری باڵای عەرەبی و فارسی و تورکیدا، چونکە هەریەک لەو سێ نەتەوە جیاوازە لە ڕێگەی ئاینەوە بەو بیانوە توانیویانە کوردبون بخەنە پەراوێزی کولتوری خۆیان، دواتر هەر گەشەیەکی کوردی تونراوەتەوە لەناو فەرهەنگی ئەواندا، لەئێستەشدا قسەکردن لەوەی»هەمومان عیراقین،عیراق نیشتمانی هەمومانە« گوتارێکە لەودیو ئیسلام و عەرەبەوە داکۆکی لەبونی خۆی دەکات، داکۆکی بوون لە عیراقی بوون بەبێ دەست نیشان کردنی کولتور و کاڵبونەوەی جیاوازی نەتەوەیی و تۆخ کردنەوەی هەستی عەربێتی ناو عیراقە، گرفتەکە لەوەدا نیە کە ئاینی ئیسلام لە ئەمڕۆدا ئاینی خەڵکی کوردستانە، هێندەی گرفتەکە قبوڵ کردنی ئەو ئاینەیە کاتێک وەک یاسایەک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیمان قەبوڵی بکەین، ئاین دەبێ کێشەی فەردی بێت و ناکرێت تێکەڵی ناو دەستوری دەوڵەت بکرێتەوە، بۆیە ئەو هەوڵ و دەنگانەی بیانەوێ داکۆکی لە زەردەشتی بوون بکەن باشتر وایە بیر لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان ئاین و دەوڵەت لەلایەک و لەلایەکی تر ئاین و کۆمەڵگا بکەنەوە، بونی کوردی وابەستە نیە بە زەردەشتیەتەوە، بەڵکو ئەوبوونە دەبێ لەناو یاسای مەدەنی بۆ ژیان چاو بکاتەوە، ئەگەر سەروەری عەرەبی بگەڕێندرێتەوە بۆ شارستانیەتی ئیسلامی ئەوە سەروەری ئێمە لەدەرەوەی ئەو شارستانیەتەوەیە، چونکە ئەو کاتە سەروەری ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئاینێکی جیاواز، بەڵام نەک بۆئەوەی ئەو ئاینە بهێنرێتەوە ناو هەنوکە و بەهەمان تان و پۆی

ڕابردوو زیندوو بکرێتەوە، بەڵکو تەنهاوەک شارستانیەت و ڕابردوویەک سەیری دەکەینەوە (١٠) بۆیە ئەوە کولتورە دەست نیشانی ماناکانی پرسیارە کە دەکات، هەڵەیەکی گەورەشە پێمان وابێت بەجێهێشتنی شوێن و ئاشنا بوون بە کولتورێکی تر دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەسبەرداری کولتوری خۆی بێت و ببێت بە ڕۆڵەی شەرعی کولتورە نامۆیەکە، چونکە کولتور لەناو ڕۆحی مرۆڤەکان جێگیرە، بۆیە کۆمەڵناسان پێیان وایە« هیچ کەسێک ناتوانێ لەو کولتورەی کەپەیوەستە پێیەوە ڕابکات، کەسێک کە بڕیاردەدات لەکولتورێکی تردا بژییێت یاخود زاهیدێک کەپەنا بۆ ئەشکەوت دەبات ئەویش لەگەڵ کولتوری خۆیدا دەژییێت» (١١)

بەمانای توانای دەسبەرداربوون لە شوناسی کولتوریمان جگە لەخۆخەڵەتاندنێک شتێکی تر نیە چ ئەو پەناهەندە کوردانەی لەخۆر ئاوا دەژین و لەدەرەوەی کولتوری کوردیدا ژیان بەسەر دەبەن و ناسنامەکانیان گواستۆتەوە سەر وڵاتێکی ئەوروپی چ ئەوانەش کە دەیانەوێ بە دەستەواژەی نامۆ بوونی توند و تیژی بە کولتوری کوردی شوناسێکی کولتورێکی میانرەو بە ڕۆحی کوردی بدەن کەهەموو ئەوانە شوناسی کۆمەڵگایەکی فریو دراومان پێدەدات، بۆیە کاتێ قسە لەپەیوەندی نێوان شوناس و کولتور بکەین پێویستە بەدوای ئەو تێگەیشتنە بوێری ئەوەمان هەبێت خۆمان نە بەنامۆ بەرامبەر بەو کولتورە بزانین و نە ئەو کولتورەش لەبەرامبەر هەر توندوتیژیەک بێلایەن سەیر بکەین، بەڵکو چۆن لەدیدی ڕەخنەییەوە قسە لە شوناس وکولتورمان دەکەین ئەوەیان بابەتی گرنگە بۆ قسەکردن، ئەوکاتەی واشمان کرد بە دڵنیاییەوە دەزانین ئاراستەکانی دوانمان لەچ شوێنێکە و بەرەو کوێش دەمانەوێت هەنگاو بنێین، بەڵام تاوەکو پێناسەکان پاک نەکەینەوە لە تێڕوانینی ئایدیۆلۆژی و سەرلەنوێ مانای کولتوریان پێنەبەخشینەوە قورسە بتوانین کارێکی لەو چەشنە ئەنجام بدەین، و پێشڤەچونی کولتورمان دەست نیشان بکەین، هەرکاتێک کارێکی لەو چەشنەمان نەکرد کوردبوون هەر لەناو ماناکانی ڕابردوو بۆ کەلەپور گوتارێکی نۆستالۆژی سەیر دەکرێتەوە ڕزگارکردنی کوردیی لەناو ئەو گوتارە پێویستی بە خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژیانەو ئەنترۆپۆلۆژیانە هەیەیە نەک هەر لەڕووی کولتور و شوناس، بەڵکو کولتور لەهەمو ئاستەکانەوە دەبێت بخوێنرێتەوە، بەتایبەت لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی.

## ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری

ئایا دەتوانین کولتور لەناو کۆمەڵناسیەوە بگوازینەوە بۆ ئەنترۆپۆلۆژیا؟ کولتور سەر بەکام زانستە لەو دووانە؟ کولتور بابەتێکە لەناو ئەو دوو زانستە شوێنگەی تایبەتی هەیە، ناتوانین زانستێک ئەو دوانەی لێ بێبەش بکەین، بەڵام توێژینەوە کولتوریەکانی ئەم دوو زانستە جیاوازن، ئەو جیاوازیە دەبێتە هۆی ئەوەی سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، سەرباری ئەوەی ئارەزووەکانیان ئاوێتەی یەکتر بوونە، بۆیە لەڕێگەی تیۆری زانستیەوە دەتوانین ئەو پرۆسەی ئاوێتە بوونە لەیەکتری جیا بکەینەوە، ئەوەشیان ڕوانگەیەکی ڕووکەشانەی ئێمە نیە، بەڵکو

دیارترین کۆمەڵناسی ئەم ڕۆژگارەمان (گیدنز) ئاوا باس لەو پەیوەندیە دەکات «من بەجدی پێ لەسەر پەیوەندی نێوان کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیا دادەگرم کەمەیلەکانیان بەشێوەیەکی بەربلاو تێکەڵ بەیەک بوون» (١٢) لەوەدا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن لەناو کۆمەڵناسیدا لەبارەیەوە دەدوێین، بەهەمان شێوەش لەناو ئەنترۆپۆلۆژیادا دەتوانین لێیەوە بکۆڵینەوە بە دانپیانانی کۆمەڵناسان خۆیان، بەڵام با جارێ بزانین ئەنترۆپۆلۆژیا چیە؟ ئەوسا دێینە سەر پەیوەندی ئەنترۆپۆلۆژیا وکولتور.

لە ڕووی زاراوەییەوە ئەنترۆپۆلۆژیا مانای زانستی مرۆڤ دەگرێتەوە، واتە زانستێکە بۆ ناسینی مرۆڤ، لەڕووی فەرهەنگیشەوە دەتوانین بڵێین زانستێکە توێژینەوە لەبارەی مرۆڤ دەکات لەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژێیت «هەوڵ دەدات پێشبینی بۆ داهاتووی مرۆڤ بخاتە ڕوو بە متمانە کردن لەڕێگەی مێژووی درێژی مرۆڤایەتی، بۆیە ئەنترۆپۆلۆژیا بەزانستێکی پێشکەوتوو دادەنرێت، توێژینەوەی مرۆڤ ورەفتارو کارەکانی دەکات» (١٣) ئەوە بەو ناوە نیە کە ئەنترۆپۆلۆژیا مرۆڤ دابڕێت لەکۆمەڵگا، بەڵکو «توێژینەوەی لەسەر دەکات کە بە مۆرکی خۆی (مەبەست مرۆڤە) کائینێکی کۆمەڵایەتیە، لەکۆمەڵگایەکی دەست نیشان کراو دەژێیت کە لەشوێن وکاتێکی دەست نیشان کراودا تایبەتمەندیەکانی جیای دەکاتەوە« (١٤) ئەنترۆپۆلۆژیا لەم ڕێگەیەدا دوو جۆر مۆرڤ دەخوێنێتەوە: (مرۆڤی کۆمەڵگای سەرەتایی) و (مرۆڤی کۆمەڵگای ژیاریی) بەواتای زانستێکە تایبەت نیە بەقۆناغ وکۆمەڵگایەک، بەڵکو ئەو دوو قۆناغە جیاوازە بۆ خوێندنەوە وەک بابەتی سەرەکی سەیر دەکات.

کەواتە گەر لەکۆمەڵناسیدا کولتور لەبەرەنجامی خوێندنەوەی گرووپە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەیرەنجامەیە دەکرێت، ئەوا لە ئەنترۆپۆلۆژیادا کولتور پەیوەندی بەشوێنگەی مرۆڤ لەکۆمەڵگا، بۆیە ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری «ئەو زانستەیە کە بایەخ بە توێژینەوەی کولتوری مرۆڤایەتی دەدات، بەواتای توێژینەوەی شێوازەکانی ژیانی مرۆڤ و ئەو ڕەفتارانەی کە لە کولتورەکەیدایە، لەوەشدا توێژینەوەی گەلە کۆن وهەروەها گەلە هاوچەرخەکان دەکات» (١٥) ئەوەش بۆ سێ جۆر پۆلین دەکات، ئەوانیش «ئەرکیۆلۆژیا، ئیتنۆلۆژیا، زانستی زمانەکان» ئەرکیۆلۆژیا واتە زانستی شوێنەوار «ئامانج لەو لقەی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری توێژینەوەی کولتورە کۆنەکانە، یا بە واتایەکی ووردتر پرۆسەی گەشە سەندنی کولتورە بۆ کولتورە هاوچەرخەکان» (١٦) ئەوەش گەیشتنە ئەو دەرەنجامەیە کە مرۆڤ چۆن گەیشتۆتە ئەو ئاستە لە کولتور، بە مانای پەڕینەوە وگەشە سەندنی کولتورەکەیەتی لەڕێگەی زەمەنەوە، ئەو پرۆسە ئەرکیۆلۆژیە خوێندنەوەی زەمەنی مرۆڤە، ئەوەش گوزارشت لە ئامادەبوونی ئەو مرۆڤە دەکات لەسەر ئەو شوێنەوارەی کە جێی هێشتووە، بە مانای ئەرکیۆلۆژیا لەو ماوەیەی کۆمەڵگا دەدوێت کە هێشتا نووسین لەدایک نەبووەو مێژوو تیۆریزە نەکراوە، هەر بۆیە

پاشماوەکانی مرۆڤ لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و وێنە کێشانی ئاهەنگەکانیان جێگەی بایەخی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوریە.

جۆری دووەم ئیتنۆلۆژیا، بەواتای زانستی بەراووردکاری کولتورەکان، ئەوەش توێژینەوەیە لەبارەی گەلان لەڕووی تایبەتمەندیە زمانەوانی و کولتوریی و ئابوریەکانیان، هەروەها نەریت و باوەڕەکانیان وجۆری خواردن وجل وبەرگ، ئەو ووتانەی باون لەناو گەلاندا، لەو ڕێگەیەوەش کاتێ توێژینەوەی مەیدانی دەست پێدەکەن، کۆمەڵێک پرسیاری تایبەت لەبارەی ئەو مرۆڤانە دەخەنە ڕوو، بۆ نموونە کاتێ بمانەوێ دۆمەکانی کوردستان بناسین، دەبێ پرسیارەکان بەم شێوەیە بن: دۆمەکان لەکوێوە هاتوون؟ چۆن بەناو شارەکان بڵاو بوونەتەوە؟ یەکەم ڕەگەزەکانیان لە کوێوە دەرکەوت؟ جیاکەرەوەی ئاخاوتنی زمان و سیما کولتوریەکانیان چین؟ چۆن بەر کولتوری شارەکان کەوتوون؟

لەو کۆمەڵە پرسیارەدا زیاتر سیمای ئەو جۆرە دەردەکەوێت، بەتایبەت کاتێ زۆربەی ئەنترۆپۆلۆژیستەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە توێژینەوەکان کۆ دەبنەوە لەسەر وەسف و بەراووردکاری، وەسف دەست نیشانی ئەو کولتورەیە لە کۆمەڵگادا، بەراوورد کردنیش بەراوورد کردنی مرۆڤەکانی دوو کۆمەڵگای جیاوازە، بۆیە «ئەتنۆلۆژیا لەم بەراوورد کاریە ئامانجی گەیشتنە بە یاسا گشتیەکان بۆ نەرتە مرۆییەکان، بۆ دیاردەی گۆڕانکاری کولتوریی، شوێنەواری پەیوەندی لەنێوان کولتورە جیاوازەکان، هەروەک ئەتنۆلۆژیا ئامانجی ئەوەیە پۆلینی کولتورەکان بکات لەژێر سایەی گروپ یا فۆڕمەکان، لەسەر بنەمای پێوانەیی دەست نیشان کراو» (١٧)

جۆری سێیەم لە ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری، زانستی زمانەکانە، ئەم جۆرەیان بایەخ بە زمان دەدات، بەهۆی ئەوەی فکری مرۆڤ لەڕێگەی زمانەوە دەگەیەنرێت، بۆیە ئەو جۆرەیان بایەخێکی تایبەتی هەیە لە ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوریی.

زانستی زمانەکان بایەخ دەدات بە «شیکردنەوەی زمانەکان لە زەمەنێکی دەست نیشان کراو، توێژینەوەی سیستمی دەنگی و ڕێساکانی زمان وموفرەدەکانی دەکات، جیهانی زمان لە توێژینەوەدا متمانە دەکاتە سەر زمانی ئاخاوتن، بۆ ئەوەش گوێبیستی هاوڵاتیان دەبێت، بەتایبەت زۆرترین توێژینەوەکان وابەستەیە بە زمانی ئاخاوتن کە نەنووسراوەتەوە، ئەو زانستە هەڵدەستێ بە نووسینەوەی ئەو زمانانە لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕەمزە ناسراوەکانی نێو نەتەوەیی» (١٨)

هەرچەندە بایەخی سەرەکی بۆ زمانی ئاخاوتنە، بەڵام ئەوە مانای وانیە کە زمانی ئاماژەو ڕەمزو وێنەو هێلکاری فەرامۆش بکات، بەڵکو ئەو زمانانەش بایەخیان هەیە، بەڵام کۆمەڵگا زیاتر پشت بە ئاخاوتن دەبەستێ، بۆیە ئەو زانستەش بایەخی سەرەکی پێداوە، بۆ ئەوەش شتراوس بایەخێکی زۆر تایبەتی بە زمان داوە، لەو کۆمەڵگایانەشەوە دەستی پێکرد کە

لەدەرەوەی نووسیندا بوون، ئەوانەی لەڕێگەی زمانی ئاماژەو ڕەمزی سەر دیوارەکان «چونکە ئەو مرۆڤە توانای قسەکردنی نەبووە، بۆیە شتراوس بە گەڕانەوە بۆ ئەو زەمەنە دەیەوێ بەر لەوەی زمان لەبنەما سەرەتاییەکانی گۆڕانی بەسەردا بێت، لەگەشە کردنی ئەو زمانە توانای مرۆ بۆ لێک گەیشتن بدۆزێتەوە« (١٩)

بەر لە شتراوس بەنیو سەدە زمانزانی ئەمریکی (ئێدوارد سابیر ١٨٨٤-١٩٣٩) لە ١٩٢١ کتێبێکی نووسی بەناوی (زمان) ئەو کارەی ئەنجام دابوو، ئەگەرچی ستراتیژی کارەکەیان جیاواز بوو، چونکە ئێدوارد سابیر «لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژیەوە لەزمانی دەکۆڵیەوە ومێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای دەبەستەوە بە مێژووی زمان، بەوەش زمانی دەبردەوە ناو کولتور، تاوەکو بەهۆی زمانەوە مێژووی ژیار وەدەست بێنێت، وەک لەچەند لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی زمانی هندیەکانی ئەمریکا ئەنجامیدا، توانی بگات بە مێژووی ژیاری کۆمەڵگاکەیان» (٢٠)

کەواتە ئەو پەیوەندیەی ئەنترۆپۆلۆژیا لەتەک کولتور درووستی دەکات گەیشتنە خوێندنەوەی ڕووبەری کەشف نەکراون ئەو ڕووبەرە نیە کە کۆمەلناسی لەبارەیەوە دەدوێت، بەتایبەت لە قووڵ بوونەوە لەسەر هەرسێ جۆرەکەی، بۆیە لەوەڵامی پرسیارەکەی پێشوومان کە ئاخۆ کولتور لەنێوان کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیا سەر بەکام لەم دوو زانستەیە؟ دەڵێین کولتور لە ناو هەردوو زانستەکە بابەتی توێژنەوەیە لەیەکەمیاندا لەڕوانگەی کۆمەڵگاوە لێی دەکۆڵێتەوە، لەوەیتریشیان لەڕوانگەی مرۆڤەوە، بۆ ئەوەش پێویست دەکات لە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی تێبگەین، ئەو ئەنترۆپۆلۆژیایە چیە؟

## ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی

ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ڕەگەزێکی سەرەکی ناسینی مرۆڤە لەکۆمەڵگادا، بەتایبەت مرۆڤی کۆمەڵگا کۆنەکان، بۆیە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی توێژینەوەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەکات، توێژینەوە لەسەر پەیوەندی ڕێکخەرە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو خێزان و خزمایەتی و پەرستراوە ئاینیەکان وسیاسەت وئابوری دەکات، دەتوانین پێناسەکەی لەوەدا چڕبکەینەوە کە «توێژینەوەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەکات، کە لەنەریتی خۆیدا شێوەیەکی ڕێکخەری کۆمەڵایەتی وەرگرتووە لەجۆری خێزان و سەمتە نزیکایەتی وڕێکخستنی سیاسی و ڕێرەوی یاسایی وپەرستراوە ئاینیەکان، هەروەها توێژینەوەی ئەو پەیوەندیانە دەکات لەنێوان ئەو ڕێکخەرانە جا لەکۆمەڵگا هاوچەرخەکان بێت یا کۆمەڵگا مێژوویەکان» (٢١)

ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گوزارشتە لەڕەفتاری کولتوریی، چونکە کۆ ڕەفتاری مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا جا کۆمەڵگا دێرینەکان بێت یا کۆمەڵگا هاوچەرخەکان ڕەفتارگەلێکە دەبێتەوە کولتور، بۆیە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ڕەفتاری کولتوریە، بەهۆی ئەوەی مرۆڤەکان لەیەکتریەوە وەریدەگرنەوە ولەشوێنکاتی جیاوازدا بەکاری دێننەوە، بەڵام متمانە کردنی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو ڕەفتارانە لەسەر بنەمای کولتوری نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتیە، کە

لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی بوو، واتە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان وا دەکات دیاردە کولتوریەکان ئەو بایەخەیان نەمێنێت، ئەوەش مانای وایە تیۆر گرنگیەکی سەربەخۆی نابێت، هێندەی توێژینەوەی مەیدانی ڕەفتارو پەیوەندیەکانی توانای دەست نیشان کردنی توێژینەوەکەیان هەیە .

کەوابێ ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لەو نێوەندەدا «بایەخ بە توێژینەوەی کۆمەڵگا ساکارەکان دەدات، ئەوانەی لەڕووی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی هەژارن، ئەوانەش ئەو کۆمەڵگایانەن کە وابەستەی بونیادە کۆمەڵایەتیەکانن» (٢٢) کەواتە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی زیاتر جەخت دەکاتە سەر کۆمەڵگا بەراییەکان، بونیادی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی وڕێکخەرەکانی دەخوێنێتەوە لەجۆری (خێزان، بنەماڵە، خێڵ، گروپە کۆمەڵایەتیەکان، خورافە، ئاین، دەوڵەت، کۆمەڵگا) هەموو ئەمانەش وابەستەی پەیوەندیی نێوان کولتورو کۆمەڵگایە، لەڕێگەی ئەنترۆپۆلۆژیای خێزان.

## ئەنترۆپۆلۆژیای خێزان

پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زانست پەیوەندیەکە وابەستەیە بەکێشەی میتۆدیەوە , نەبوونی میتۆد بەمانای کەوتنە نێو کۆمەڵە گرفتێک و نەبوونی توانای فرە حەقیقەتییە , لەهەر کوێیەک تاکە حەقیقەتێکیشمان هەبوو مانای وایە لەناو نەبوونی جیاوازیدا دەژین , بۆیە لەنێوان زانست و مرۆڤدا دەکرێ ئیشکالیەتی ئەو پەیوەندیە لەڕێگەی میتۆدەوە چارەسەر بکرێت , کە لەدەرەوەی تێگەیشتنی لۆژیکیانە سەیری دیاردە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانمان نەکەین , لەونێوەندەشدا زانستی مرۆڤ ناسی یاخود ئەنترۆپۆلۆژی زیاد لەهەر زانستێک توانای چارەسەرکردنی ئەو ئیشکالیەتەی هەیە , چونکە ڕاستەوخۆ زانستێکە لەپەیوەندیەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە , بۆیە کاتێ لەڕوانگەی ئەو زانستەوە دەمانەوێ قسە لەخێزان بکەین دەبێ ئەو خاڵەمان لەبەر چاوبێت کەئێمە بەتەنیا لەسەر خێزانی کوردیی قسەناکەین , بەڵکو لەڕوانگەی تێگەیشتنە لە کولتوری مرۆڤایەتیەوە سەیری خێزان دەکەین , کەدیارە خێزان لەماڵی کوردیش بەشێکی شێرینەی لەو قوربانی نەریت و کولتورەی بەر دەکەوێت , کە ئەنترۆپۆلۆژیستەکان بەگرفتی مرۆڤ سەیری دەکەن , ئەگەر بمانەوێ لەخاڵێکی پەیوەندیە هاودژەکانی کۆمەڵگا پرسیار بکەین ئەوە دەبێ بگەڕێینەوە نێو مێژوو , لەوێوە بەمیکانیزمی ترەوە کار لەتەک بونیاد بکەین , چونکە کاتێ لەسەر کۆمەڵگا دەوەستین , واتە دەمانەوێ لەبنەماکانی دامەزراندنی خێزان بدوێین , دوان لەخێزانیش دوانە لە مێژوو , چونکە خێزان بە قۆناغە مێژووییەکان هاتووە کۆدێک بونیادەکانی ڕێک خستووەو لەناو سیستمی خێزاندا کۆی کردونەتەوە , چونکە لەکۆمۆنەی سەرەتاییدا پرۆسەی سێکسی کردەیەکی بایەلۆژیی ئازادبوو , کۆمەڵگەش لەو کارەدا شێوەیەکی مێگەلی وەرگرتبوو , کۆمەڵە پیاوێک پەیوەندیی سێکسیان بەکۆمەڵە ژنێکەوە هەبوو , لەبری ئەوەی دایک و باوک پەیوەندیەکان ڕێک بخەن ئەوا ئەو ژن

و پیاوانە بەرپرس دەبوون لەو کۆمەڵە منداڵەی دەبوونە بەرەنجامی ئەو پەیوەندیە ئازادەی ڕێگریی نەبوو , واتە بنەچەکەی ڕەگەز دیار نەبوو , ئەو پەیوەندیە دامرکانەوەی غەریزە بوو نەیدەتوانی کار بە بونیادەکان بکات , مەبەست لە بونیادەکانی خێزانە , چونکە لە ساتەوەختی ئامادە نەبوونی خێزان هیچ پەیوەندیەک نەیدەتوانی سنوری خۆی دەست نیشان بکات ئەوەش قۆناغێکی درێژ خایەنی کۆمەڵگای مرۆیی بوو , کە دواجاربە ڕێکخستنی بونیادەکان لەنێو سیستمی خێزان کۆتایی هات , بەوەی پەیوەندیەکان بوونە پەیوەندیەکی دوانەیی و لەوەشدا کەسی سێیەم کە منداڵە هاتە بوون , هاتنی منداڵ لەناو سیستمی خێزاندا دەسەڵاتێکی تازەی هێنایە بوون کە دەسەڵاتی باوک سالاری بوو , چونکە پێش ئەو ڕێکخستنە تەنها دایک بوو ئەو کەسەی خاوەن دەسەڵات بوو , بەڵام لە ڕێکخستنی پەیوەندیەکان و دابین کردنی ئابوریی خێزان لەلایان پیاوەوە باوکی کرد بە دەسەڵاتدار , بۆیە ئەگەر خێزان لە نێو گومانی ڕەگەزیی ڕزگاریی کردین , ئەوا تووشی مولکایەتی بوونی خێزان هاتین , چونکە خێزان هەرلە کۆنەوە ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیە بووە کە وەڵامی بە داخوازیەکانی تاک داوەتەوە وبەردەوامی داوە بە ژیان و ڕێرەوی کۆمەڵگای دەستنیشان کردووە , ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی وەک «برجس , لۆک , لۆی» خێزان بە پەیوەندیی کۆمەڵە کەسانێک ناودەبەن , کە پەیوەندیەکی سێکسیان هەیە وشارستانیەتێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.(٢٣)

ئەگەر بەپێی پێناسی «میردۆک» بمانەوێ خێزان بناسین , کە ناسینێکی ساکار و ڕاست و ڕەوانە بۆ تێگەیشتن لەو بنەمایەی کۆمەڵگای بە قۆناغێکی ترهانی , دەبێ بلێین خێزان بریتیە لەوەی کە گروپێکی کۆمەڵایەتی لەشوێنێک کە پەیوەندیەکی هاوبەش و هاریکاریەکی ئابوریی وەزیفەیەکی زۆرینەیی کۆیان دەکاتەوە , وەبەلای کەم لەلایان دوان لەئەندامەکانی پەیوەندیەکی سێکسی هەبێت کەکۆمەڵگا دانی پێبنێت.(٢٤)

دوای ئەوناسینە دەکرێ بگەڕێینەوە سەر موڵکایەتی , چونکە لەو کاتەدا ژن لە کائینێکی مرۆیی بوو بەدەسکەوتێک بۆ سەپاندنی پیاوەتی , بەتایبەت لە کاتی شەڕی هۆزەکاندا , کە هەموو ئەو ژنانەی دەسگیر دەکران لەلایان هۆزی سەرکەوتوو دەیان خستە نێو پرۆسەی ژن هێنانەوە , بەوەی ئەوانە دەسکەوتی شەڕن و دەبێ بیانخەنە ژێر ئارەزووەکانیان , بەوەش جگە لە پڕکردنەوەی لەزەت دەبوون بەکاڵاش , چونکە ڕقی ئەو هۆزانە بۆ پێکەوە نانی ژیان نەبوو لەگەڵ هۆزی بەرامبەر , هێندەی دەیانوویست سووکایەتی بە بەرامبەر بکەنەوە بەو ناوەی ئابڕوویان بردوون , هەر ئەو تێڕوانینەش بوو کە دوای چەند ساڵێک یان دەستیان لەو ژنانە هەڵدەگرت , یان وەک خزمەتکارێک سەیریان دەکردن و تەنها بۆ کاتی غەریزە بەکاریان دەهێنان , ئەوەش سەرباری ئەو خاڵەی ئاماژەمان پێدا خاڵێکی سەرەکی تر هەبوو , دەبوایە پیاوان لە هۆزەکانی خۆیان ژن بێنن , بەونیازەی کە دەسەڵاتی خۆیانی پێ پتەوتر بکەن , بۆیە ئەو ژنانەی وەک دەسکەوتی شەڕ دەستیان دەکەوت , دواجار دەبوونە کۆیلەی پیاوەکان , بەوەش سەدەیەکی تر دەستی پێدەکرد , کە سەدەی کۆیلەبوونی ژنان بوو.

ئەگەر خێزان لەپێناسەکەی (میردۆک) ەوە سەیر بکەین , کەواتە ئەو پەیوەندیە لە دوانەییەوە بۆ ئەندامەکانی تر درێژ دەبێتەوە , کە ژنهێنانی کوڕەکان وشووکردنی کچەکانە , کەواتە جارێ بابزانین ژنهێنانو شووکردن بنەماکانی چیین؟ لەکوێ لەناو خێزاندا یەکدەگرنەوە؟ نابێ ئەو پەیوەندیە دوانەییە لەگەڵ بنەماکانی خێزان تێکەڵ بکەین , چونکە ئەو پەیوەندیە دواتر دەچێتە نێو پرۆسەی دامەزراندن کە بونیادەکان یەکتر دەگرن , ئەوەش پەیوەندیەکە لەنێوان ژن و پیاوێک کەهەموو مافەکانیان لەڕووی «ئابووریی , سێکسی , کۆمەڵایەتی , ئاینی» بۆ دابین دەکرێت.

ئەو ڕێگا خۆشبوونەش بۆ درووست کردنی کۆمەڵگایەکی بچووکە , بنیاتنانی ئەو کۆمەڵگایەش لەڕێگەی زیادکردنی ئەندامەکانیەتی کە منداڵەو لەدرووست بوونی منداڵ لەو پەیوەندیە دەچنە ریزی خێزان , خێزانیش واتە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی , کە کۆمەڵە پەیوەندیەک دەست نیشان دەکات , بەدەوری بازنەیەکدا دەسووڕێتەوە , ئەوەش پەیوەندیەکانی دیار دەخات کەتەنها بۆ مرۆڤ نییە , بەڵکو بەشێک لەگیاندارانیش لەو جۆرە پەیوەندیەدا دەژین , بۆیە ئەگەر خێزان لەکردەیەکی ئاژەڵییەوە بۆ مرۆڤپەڕی بێتەوە , ئەوە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا بووە , چونکە ئەو پەیوەندیە دوورە لە «لەزەت» بەقەد ئەوەی کاریی بۆ بەردەوامی و زۆربوونە , هەر بۆیە منداڵ نەبوون بەئیرادەی باوان پەیوەندیی دووکەسەکە «ژنهێنان-شووکردن «هەڵدەوەشێتەوە , یاخود مێینەیەکیتر دەخەنە نێو پەیوەندیەکانی نێرینەوە , فرەژنی ئەو دیاردەیەی تائێستا کۆمەڵگای عەرەبی و کوردیی لێی ڕزگار نەبوونە , شەرعیەتدان بەفرەژنی بەپاساوی زۆربوونی ڕێژەی منداڵە , چونکە منداڵ زۆربوون لەناو کۆمەڵگە دواکەوتووەکان کەهەر پاشماوەی عەقڵی خێڵە بەپتەو کردنی دەسەڵات دادەنرێ , ئەوە سەربارێی ئەوەی دایک و باوک بەردەوام هەوڵ دەدەن لەخزمە نزیکەکانی خۆیانەوە پەیوەندیی خێزانی منداڵەکانیان درووست بکەن , بەمانای باوک کچی براکەی خۆی بۆ کوڕەکەی بەشایستە ترین کەس دەزانێ , یاخود کچەکەی خۆی بۆ کوڕی براکەی یا خوشکەکەی ئەگەر ئەوانیش نەبوون بەهۆی کارتێکردنی دایکەوە بۆمنداڵەکانیان لە کوڕو کچی «خوشک وبراکان»ی دایکەوە نزیکیان دەکەنەوە , ئەوەش بۆدوور نەکەوتنەوەی کەسەکانی خێزانە لەیەکتریی , تاوەکو بەدەوریی ئەڵقەیەکدا بسووڕێنەوە , بۆیە نایانەوێ کەسێکی دەرەوەی ئەو سنوورە بێتە ناویانەوە.

وەک چۆن لەکۆمەڵگەی ئیسلامدا کاتێ ژنێک بێوەژن دەکەوێت دەدرێتەوە بەبرای مێردە مردووەکەی , یاخود ئەو پیاوەی ژنەکەی دەمرێ خوشکی ژنە مردووەکەی پێ حەڵاڵ دەبێت , هەروەک چۆن لەهەندێک کۆمەڵگەدا پیاو مامۆژن یان خاڵۆژنی پێ حەڵاڵە , یا وەک کۆمەڵگەی «کاریبی» لەدەریای کاریبی کەکچی خوشکی خۆیان دێنا , یاخود «کۆمەڵی هایدا» کەدەکەونە خۆرئاوای کەنەدا هێنانی کچی برایان یاساغ نەکردووە , بەڵام لەبەرامبەر ئەوانەشدا هەندێک

لەهۆزەکان ئاستێکی ئاگایی بەرزیشیان نەبووە , بەڵام هەندێ پەیوەندیان حەرامکردووە و ڕێزیان لەبەها پیرۆزەکانی نزیکی خێزان گرتووە لەوانەش هۆزی «ئارۆنتا» و «ترۆبریاند» لەئەندۆنیسیا. (٢٥)

لەناو هەندێک عەشیرەتیش پەیوەندیەکانی خێزان هێندە بەپیرۆزیەوە سەیر دەکرێن , بەڕادەی ئەوەی ئامۆزا وەک خوشک تەماشا کراوە , بۆیە هەرگیز دڵیان بەلایدا نەچووە , بۆیە جاریی وا هەوڵیان داوە ژن لە عەشیرەتەکانی تر بێنن , چونکە ژنی عەشیرەتەکانی خۆیانیان بە حەرام زانیوە , کەچی لەهۆزی «تودا»ی هندی بەهۆی کەمی ژن کۆمەڵە برایەک بەهەموویان ژنێک دێنن , لەکاتی منداڵبوونی ژنەکەش بۆئەوەی یەکێک بکرێ بەباوکی منداڵەکە , بەپێی سرووتی هۆزەکە کارەکە بەجێ دەگەیەنن.

کەواتە حەرامکردنی پەیوەندیەکانی خێزان و شەرعیەتدان پێی بەپێی نەریتی هۆز دیاری دەکرێت , کەهۆز لە بەرامبەر ژنهێنانی کەسە نزیکەکان خاوەن تێڕوانینی خۆیەتی , چونکە بە هۆیەکی گرنگی دەسەڵات زیادکردنی دادەنێت , بەتایبەت کە ئەو دەیەوێت بەرەو دەرەبەگ بوون بچێت , ئەگەرچی ناشتوانێ , چونکە ئەو وەک دەرەبەگ نییەکە دەیەوێ ببێتە سەرمایەدار بەهۆی سەرمایەکەیەتی , بۆیە پەیوەندیی خێزان لای هۆز پەیوەندیەکە بەمەداریی بازنەیەکدا دەسوڕێتەوە , واتە ناپەڕێتەوە ناو هۆزەکانی تر , وەک ووتمان پەیوەستە بەدەسەڵاتی هۆزەوە , نەک بۆ دڵنیابوون لە منداڵەکانیان , چونکە منداڵەکانیشیان دەبێت هەڵگری هەمان توند ڕەوی بن , بۆیە پیاوان وەک سامانێک سەیریی ژنی هۆزەکانی خۆیان دەکەن ورێگا نادەن لەدەستیان دەربچن , چونکە ژنەکان پەیوەندیەکی تری «هێزی دەسەڵاتن» , لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگەی سەرەتایی دەسەڵات بەزەبروو زەنگو چوارشانەییان بووە , وەک لەکاتی هاتنی ئاینی ئیسلام هۆزی قورەیش بەهەمان فاکتەر لەگەڵ ئیسلامەکان ڕەفتاریان دەکرد , ئەوەش خاڵێکی جودا بوونی ئیسلام بوو لەئاینی مەسیحی. (٢٦) کە ئیسلام میانڕەو نابێت , چونکە میانڕەویی بەرامبەر بە هۆز بێ دەسەڵاتی دەگەیاند «ئەگەر موحەممەد وەک مەسیح فەرمانی بەلایەنگرانی خۆی بکردایە: ئەگەر یەکێک زللەیەکی لەڕوومەتی ڕاستتدا ئەوا ڕوومەتی چەپتی بۆ ڕابگرە , ئەوا خێڵە بەدووەکان گاڵتەیان پێیان دەکردوو لاوازیان دەکردنو هەربەخواردن دەیانخواردن , لاوازو زەبوون لەبیابانداناببێت بمێنێت , ئەمە لەزەمانی کۆنەوە لەبیاباندا دەستووری ژیان بووە« (٢٧)

هەربۆیە مووسوڵمان بوونی «عومەری کوڕی خەتاب» هێزدانە بە مووسوڵمانان , چونکە بەشێکی هێزی هۆزە , کە عومەر دێت واتە هۆز بەشێکی دیاریی دێتە ناو ئیسلام , بۆیە ئیسلام دەبوو هۆزگرێ بداتەوە بە ئاین تا سەرجەم پەیوەندیەکانی هۆز لەڕێگەی ئاینەوە دابڕێژێتەوە , وەکو چۆن ناکۆکیەکانی ئەوسو خەزرەجی کۆتایی پێهێناو لەژێر ناوی «انصار» کۆی کردنەوە , کە لەو کاتەدا تێکەڵی خێزانی لەنێوان ئەو دووهۆزەی لەژێر ناوێک کۆکرانەوە بەردەوامی

ناكۆكیەكانی سڕیەوە , ئەوەش پتەو كردنو هێزدانەوەبوو بەوان كە بۆ پەیوەندیەكانی خێزان دەگەڕایەوە , چونكە هۆز بەهۆی ئەو جۆرە پەیوەندیە ژنخوازیە دەیەوێ بەرژەوەندیەكانی هۆز لەڕووی «ئابوری , خێزان , ئاینی» بپارێزێ , بەوەش نەوەی نوێ لەلایان دایكو باوكەوە ڕێنمایی نەدەكران , بەڵكو لەلایان سەرۆك هۆز و ئەوانی خوار ئەوەوە دەبوایە پەروەردەبێت , چونكە بەردەوام دەبوایە باوكی منداڵەكانیش ئامۆژگاریی بكرێت , ئەوەش مانای لاوازیی دەسەڵاتی باوكی نەدەگەیاند لەناو ماڵدا , بەڵكو باوك لەناو منداڵەكانی خاوەن دەسەڵات بوو , بەڵام لەدەرەوەی دەسەڵاتی خێزان كۆیلەی دەسەڵاتی هۆز بوو , بەوەش ژنان بەدوو پلە دەچەوسانەوە , ئەوەش پێكهاتەی كۆمەڵگای داخراو دەكردو پەیوەندیەكانی خێزانی بەدەوری خۆیدا دەهێشێتەوە , ئەوەش بۆ خۆی مردنی ئیرادەی خێزان بوو , بەوەی هەموان دەبوونە كۆیلەی دەسەڵاتی دواكەوتوو , كەدەبوایە داكۆكی لێبكەن , چونكە ئەودەسەڵاتە دواهەڕەم بوو كە لەبنەماڵە و عەشیرەتەوە دەگەیشتە هۆز , بۆئەوەی توانای ئەوەمان هەبێت جیاوازیی لە نێوان هۆز و عەشیرەت بكەین هەوڵ دەدەین پێناسێكی هەریەكە لەهۆز و عەشیرەتو بنەماڵە بخەینە ڕوو.

*هۆز:

لەكۆمەڵە عەشیرەتێكەوە پێكهاتووە كە لەناو هۆزدا ڕێك دەخرێنەوە , بۆیە پەیوەندیە خێزانیەكان ئەستەم نابێت لەنێو عەشیرەتدا , چونكە لە هۆزدا یەك دەگرنەوە لەڕووی «سیاسی , كۆمەڵایەتی , ئاینی» وەكو چۆن هۆز بۆ خۆی لە نەبوونی دەوڵەت كاری دەوڵەت ڕایەڵ دەكات , واتە دەسەڵاتێكە كە عەشیرەتەكان بەڕێوە دەبات , بەڵام مانای وانییە كە سنوری عەشیرەتەكانی هەڵگرتبێت , بەڵكو تێكەڵ بوونی عەشیرەتەكان لەڕووی كۆمەڵایەتیەوە خەونێكی ئابووری هۆز بوو كەمتمانەیان لەسەر ژێرخانی ئابووریی وەستاوە.

*عەشیرەت:

پەیوەندیەكانیان لەڕێگەی دایك و باوكەوە دیاریی دەكرێت , كە پەیوەندیەكانی ئەوان لە هی هۆز پتەوترە , ئەگەرچی زۆرینەیان ژن لە دەرەوەی خۆشیان بێنن , بەڵام ژن بە دەرەوەی خۆیان نادەن , چونكە ئەوانی لەدەرەوەی عەشیرەت دێنن ژمارەی خۆیانی پێ زیاد دەكەن , بەڵام ژن بدەنە عەشیرەتێكی تر ئەوسا ژنەكە دەڕواتە ناو عەشیرەتێكی ترەوە , ئەگەرچی هەندێ عەشیرەت بۆخۆیان قەبوڵیان نییە پیاوێكی غەریب بێتە ناو عەشیرەتەكەیانەوە.

*بنەماڵە:

لقێكە لە لقەكانی عەشیرەت بۆ نزیك بوونەوەشیان هەوڵ دەدەن پەیوەندیەكانیان لە بازنەی یەك بەدوای یەك گرێ بدەن , چونكە ئەوان بەقەد عەشیرەت گەورەنین , بۆیە هەوڵی

هێز پەیداکردن و خۆ پێگەیاندن دەدەن لەڕێگەی ئەو پەیوەندیانەی کە بەپشتی خۆیان دەزانن , بۆیە ڕوودەکەنە گرێ دانی ئەو جۆرە پەیوەندیە خێزانیانەکە لەڕێگەی دایک یا باوک درێژدەکرێتەوە , ئەوەش بۆخۆی درێژکردنەوەی پەیوەندیەکانی موڵکایەتیە لەخێزان , تاوەکو ئەو موڵکانەی لەسەر مێینەیەک ماوەی دەبێ نزیکترین کەسی بیخوازێ , بۆئەوەی سامانەکەی لەدەست بنەماڵە دەرنەچێت.

بنەماڵە لە زۆربوونی ڕێژەی خێزانی ژمارەیەک لەئەندامەکانی لەدەست دەدەن , ئەوکارەش هەرچەندە لەوکاتەدا ڕوودەدا کە زۆربوون کار دەکاتە سەرباری ئابوورییان , بۆیە سەرباری زۆربوون بەڵام ئەوان هۆز نین تا بەزۆربوون دەسەڵاتیان فراوان بێت , بەڵکو بەشێکیان ناچار دەبن ئەو شوێنە جێبێڵن و ڕووبکەنە شوێنێکی تازە , بەکۆچکردنی بەشێکیان واتە بنەماڵە لەشوێنی تریش سەر هەڵدەدات , بۆیە ئێستا دوای ئەو ناسینە پێویستمان بەوەیە ساتەوەختی خۆمان لەناو خێزان دەست نیشان بکەین , بۆئەوەش دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پرسیاری خێزان و لە هەرە پێناسەی تەقلیدیی بۆ خێزان دەست پێبکەین , بەواتا لەژیانی ئەو چەند کەسەی کە لەڕێگەی پەیوەندیەکی سێکسی نێوان ژن و مێردەوە دروست دەبێت , کەئەوەش لەڕێگەی سیستمێکی دیاریکراودا ژیان دەبەنەسەرو بڕیار بۆ ژیان دادەنێن لەژێر ناوی خێزان , ئەگەرچی ئەودەسەڵاتەی ناو خێزان پەڕیەوە بۆدەسەڵاتێکی فراوانتر تاوەکو وەک تەوتەمێک خۆی نیشاندا , بەوەی خەونی مناڵەکانی دەکوژێت و لەبڕی ئەوانیش بیر دەکاتەوە , ئەویش لە درووست بوونی خێزان باوکی کرد بەو دەسەڵاتدارە , واتە ئەو دەسەڵاتەی لەدەست دایک بوو , مەبەست لەو ڕۆژگارەیە کە کۆمەڵگا لەناو سێکسی گشتیدا دەسوڕایەوە و خێزان بوونی نەبوو هێندەی مێگەل هەبوو کەخۆی دابووە دەست «دەسەڵاتی سێکسی» , بۆیە لەدرووست بوونی خێزان دایک دەسەڵاتی لێ دەسەندرایەوەو درا بە باوک , بۆیە لەکۆیلە بوونی ژنان بەردەوام پرسیارێک کە ڕۆشنبیریی دۆگماخۆی لێ دەدزێتەوە ئەویش ئەوەیە: ئایا گەڕانەوە بۆ دایک سالاریی لەو ژاوە ژاوەی دەسەڵات ڕزگارمان دەکات؟ یاخود جۆرێکی تریی دەسەڵاتە؟ ئاشکرایە پیادە کردنی سیستمی خێزان بۆخۆی دەسەڵات دەسەپێنێ , چونکە پەیوەندیی باوک بە «دایک-منداڵ» لەلایەک و لەلایەکی تر بەباریی ئابورییو ڕێکخستنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان , بۆیە گەڕانەوەش بۆ دایک سالاریی هەرگیز ڕزگارمان ناکات , چونکە بونیادەکان دەسەڵات لەباوک وەردەگرنەوە و بەهەمان فاکتەر دەیدەنەوە بە دایک , گەڕانەوەی دەسەڵاتی دایک گەڕانەوەی بونیادەکانە , ئەو بونیادانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەوە بڕیار دەردەکەن , بونیادێک کە ئێمە نایناسین , بەڵام ئەو خۆی بەنامۆ نازانێ بەرامبەر بە ئێمە , بۆیە وا نیشان دەدەین کە هاوتەباین لەگەڵیان کەچی ئەوەش خۆ فریودانمانە بە بونیادەکانی ماڵ , ئەوانەش پەیوەندیەکانی خێزان دەسەپێنێ لەڕووی کردە بایەلۆژیەکان , ئەوەش پەیوەندی بەرهەم هێنەریی خێزانە بۆ منداڵ بوون , بوونی منداڵیش لەنێو خێزاندا واتە کۆیلە بوونی منداڵ لەژێر دەسەڵاتی سیستمی پیادەکراو , هەر بۆیە منداڵان هیچ

پەیوەندیەکی خێزانی نێو ماڵیان بەدڵ نییە , نەک هەر پەیوەندیی دایک و باوک بەوانەوە , تەنانەت پەیوەندیی باوک بە دایک یا بە پێچەوانەوە , کوڕەکان واهەست دەکەن باوک دایکی لێیان زەوت کردووە , کچەکانیش وێنەی ڕق لەناویان بەرامبەر بەدایک دەنوێنن کە دایکە باوکیانی لێ زەوتکردووە , هەربۆیە هەریەک لەکوڕو کچەکان دەیانەوێ لەژیانی هاوسەری کەسی بەرامبەر دایک یان باوکیان بێت , کوڕەکان دەیانەوێ هاوسەرەکانیان بەقەد دایکیان بۆیان بەسۆزبێت , هەروەک چۆن کچەکان حەز دەکەن پیاوەکانیان لەوێنەی باوک بێت تا بیانپارێزێت , ئەو خۆشەویستیەی لەباوک بەهۆی دایکەوە لێی بێبەش بوون , ئەوا لەژیانی هاوسەریی تۆڵەی ژیانی نێو خێزانیان بۆ بکرێتەوە , چونکە نێر ومێ (دایک و باوک) لەژێر پەیوەندیەکی نەزۆکەوە خێزانیان بنیات ناوە , بۆیە منداڵەکان کاتێ ڕازین بە ژیانی هاوسەریی بۆ ڕاکردنە لەو دۆزەخەی ماڵ , بۆیە ئەگەر ئەوان لەکۆمەڵگایەکی ئازاد بن و پەیوەندیەکان حەرام نەبن , دەکرێ بڕیاری خێزان لەلایان دوانەیەک بدرێ , نەک لەپێناو غەریزە پەنا ببەینە بەر خێزان , چونکە ئەو خاڵە بەو ڕاستیەمان دەگەیەنێ کە سەرجەم پەیوەندیەکانی عەشق پەیوەندیەکی کەبت کراویی دەروونیەو پەیوەندیی بە ئیرۆسیەتەوە نییە , قوربانی ئەو پەیوەندیەش هاتنی کەسی سێیەمە کە منداڵە , کەچی ئەو پەیوەندیەش لەژێر پەیمانێکی کۆمەڵایەتی مۆرکراوە , پەیوەندی بەلەزەتەوە نییە , بەڵکو بۆ ئیرادەی مرۆڤ و مانەوەی کۆمەڵگایە , کە هەموو پەیوەندیەک لەدەرەوەی سیستم و دەسەڵاتی خێزان حەرام دەکات , بەحەرامکردنیش منداڵان گرفتەکانیان ئاڵۆز دەبێت و لێیان دەبێتە گرێی دەروونی و بۆ چارەسەریش پەنا دەباتە بەر کۆمەڵێک دیاردەی ناسرووشتی , چونکە سەرکوتکردنەوە وای لێ دەکات بیر لەو دیاردانە بکاتەوە کەپارێزگاریی لە غەریزە بکات , بەوەش ڕوو دەکاتە پەیوەندیە زاتیەکانی خۆی کەلەیاریی کردن بە لەشی خۆی دەپەڕێتەوە بۆ نزیکبوونەوە لەئاژەڵ , بەوەش ئەو دەستەواژە کۆمەڵایەتیە هەرەس دێنێ کەپێی وایە خێزان پاڵنەرێکی پەروەردەییە بۆ کۆمەڵگا , چونکە بەسەرکوتکردن پەروەردەکردن بۆخۆی دیوارێکی داتەپیوو درووست دەکات و لەهەموو ساتەوەختێکیش دەکرێ بەرەو شکست بڕوات , بۆیە پرۆسەی بەرهەم هێنانی خێزان پرۆژەیەکی بازرگانی شکست خواردووە , کەلەپێناو ئابوریەکی خام پەیمانەکە مۆر دەکرێت , ئەوەش پەیمانێکە لەعەشیرەتەوە پەرپوەتەوە نێو لقەکانی تری کۆمەڵگا , بۆیە ئەگەر لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا ژنهێنان بەهاوکاریی ئابوری ناونرابێت , ئەوا ئەمڕۆ کۆمەڵگا لەڕوویەکی تردا بۆ پتەوبوونی ئابوری خێزان دووبارەی دەکاتەوە , بەوەی ژنان لەبڕی ئەوەی لەکێڵگەدا یارمەتی پیاوەکانیان بدەن , ئەوە بۆهەندێ کاری تر بەکار دەهێنرێن , لەوانە پێویستیە ڕۆژانەییەکانی ماڵ یا ئەو سەردان و دیدارانەی ئەرکی پیاو کەمتر دەکاتەوە «منداڵ بوون , هەفتانەی بووک , سەردانی نەخۆش , پرسە« ئەو ئەرکانەی خێزانن کە دراونەتە پاڵ ژن , ئەوەش مانای وایە خێزان کارەکان دابەش دەکات , ئەو کارانەش کە پەیوەندیی بە هێزەوە هەیە , ئەوا دەبێ بەکاری نێرینە , چونکە ئەو بووە بە نمونەی باڵا بۆهێز , وەکو چۆن

هەندێ کار لەچەشنی خزمەتکاریی کە زیان بەدەسەڵاتی بگەیەنێ دەیبەخشێتە مێینە لەوانەش پەروەردەی منداڵ , ئەگەرچی ئەو پەروەردەکردنەش تەنها خزمەتکردن دەگرێتەوە , واتە دواجار پیاو دەبێتەوە بەرێنمایی بۆ پەروەردە , هۆیەکەشی ئەوەیە پیاوان بەهۆی کارکردن خاوەنی ئابوریەکی ئازادن , ئەو ئابوریەش لەپێناو دەسەڵاتی خۆی بەکار دەهێنێ , بۆیە بونیادەکانی خێزان پەیوەندیی دەسەڵاتی باوکە بەشتەکانی ماڵەوە , کەواتە رێگانەدان بە کارکردنی ژنان ترسە لەدرووست بوونی ئابوریەکی سەربەخۆ بەوەی دەسەڵاتی تاکڕەوی شکست بێنێ , هەرئەوەیە لەکۆمەڵگا دواکەوتوەکان پیاوان ناچار بکات هەمان رێژە بە هاوسەرەکەی بدات تەنها بۆئەوەی کارنەکات , بەپاساوی ئەوەی کارکردنی ژنەکەی لەخێزان پێویست نییە.
ئەوەش ترسە لەدەسەڵاتی خۆی کە نەوەک بەهۆی ئابووریەکی تر لەخێزان دەسەڵاتی ئەو بکەوێتە بەردەم مەترسیەوە , ئەو سیستمەش لە خێزاندا دەپەرێتەوە بۆ کوڕەکانی تاوەکو پیادەی فەرمانی باوک بکەن , بەوەی ئەو ڕەفتارە کاریگەریی لەسەر سایکۆلۆژیایان دەبێت , سەربارێی ئەوەی هەڵبژاردنی هاوسەر (لەکۆمەڵگا داخراوو دواکەوتووەکاندا) لەلایان باوکەوە بۆ کوڕەکان هەڵەبژێردرێت , ئەوەش پەیوەستە بەنەبوونی ئیرادەی ئەو «کور یا ئەو کچ»ەی لەژێر دەستی باوکدا تووشی قەیرانی بوێریی هاتووەو دەنگی خۆی ونکردووە , هەروەک چۆن هاتنە نێو کۆمەڵە بونیادێکی سیاسی و ئاینی و لەژێر خوازیاریی باوکەوەیە و هاتنە نێو بونیادێکە لەسۆزەوە دێتە ناویەوە کە پەیوەندیی بەعەقڵەوە نییە , هاتنە نێو ڕیزەکانی حزب لەلایان ئەو کۆمەڵگایە , ئەو ئینتیما کردنەی دوای ڕاپەرین بونیادێک بوو هەمووی لەسەرویستی بنەماڵە و هۆز وعەشیرەتەوە بوو , ئەو بونیادە چەند شکست خواردوو بووبێت و زیانی بە ئایندەی کۆمەڵگا گەیاندبێت و دوورمان بکاتەوە لەپەیوەندیەکانی عەقڵ , ئەوا تەنیا بە بەرژەوەندیی حزبەکان کۆتایی هاتو کۆمەڵگاشی دوورخستەوە لەوەی بیر لەهاتنی مەدەنییەت بکاتەوە , بۆیە پەیوەندیەکانی خێزان جارێکی تر بەرەو ئالۆزیەکی لێڵ ڕۆیشتەوە بەوەی نەوەی نوێ نەیتوانی خاوەن دەنگی خۆی بێت لەنێو خێزاندا , چونکە خێزان بەپێی توێژینەوەکان بۆ سێ جۆر دابەش دەبێت: (٢٨)
یەکەم: ئەوخێزانە دەگرێتەوە کە خاوەن منداڵن , کۆمەڵە پەیوەندیەکی ساکار لەنێویان درووست دەبێت , لەوانە: پەیوەندیی باوک بەدایکەوە , پەیوەندیی خوشک بە خوشک , برا بە خوشک , باوک بە هەموویانەوە.
دووەم: ئەو خێزانانە دەگرێتەوە کە کوڕ و کچەکانیان چونەتە ژیانی هاوسەریی و منداڵیان بووە , واتە ئەوانیش بوونەتە دایک و باوک , بەوەش چەند نەوەیەکی تر لەخێزان زیاد دەکات و دەسەڵاتی باوک فراوانتر دەبێت.

سێیەم: ئەو خێزانانە کە فرە ژنی تیایە و پیاو خاوەنی چەند ژنێکە , بەوەش باوک دەبێ بەشوانی مێگەل و هەموو پەیوەندیە سێکسیەکان بەدەوریی خۆی دەسوڕێنێتەوە , تاژمارەی منداڵەکانیش لەزیادبووندا بێت , ئەوا باوکایەتی ژێرخانی خۆی پتەوتر دەکات , کەوابێ چۆن

دەتوانین دەسەڵات لە خێزان هەڵوەشێنینەوە؟ دەبێ بەر لەهەموو شتێک پەیوەندیی نێوان «سێکس/ زەواج» لەیەکتریی جیا بکەینەوە , تاوەکو بزانین سێکس هێلی گەیاندنمان نییە بەوەی ترەوە , چونکە ئەوە خاڵێکی شکست خواردووی نێو خێزانی ئێمەیە , ئەگەر خێزان ڕێگایەکە بۆ بەرهەم هێنانی منداڵ , ئەوا دەبێ بەپرۆسەیەکی غەریزەیی نەیناسین , ئەگەر تەنها بۆ غەریزەش تەماشای دەکەین , ئەوا دەبێ منداڵ لەو پەیوەندیە دەرکەینە دەرەوە , ئەوەش سەرەتایەکە بۆ تێگەیشتنمان لەماهیەتی خێزان و سێکسەوە , ئەوسا دەبێ ئەوەمان لاڕۆشن بێت کە فرە ژنی دیاردەیەکە , خێزان دەکاتە کۆیلەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان , بوونی ئیرادە بۆ هەڵبژاردنی خێزان لەکاتی بڕیاردا تەنها لەلایان دوانەی بڕیار دەرەوە بێ و کەس بۆ بەرژەوەندی خێڵ و هۆزەوە بڕیاریان پێ نەدات.

ئازادبوونی تاک لەکۆمەڵگەدا کارێکی درووستە بۆ بیرکردنەوە و بڕیاردان وڕزگاربوون لەو دەسەڵاتە داخراوەی نێو ماڵەوە , کە ناتوانین بڕیار بدەین و ڕێگای بیرکردنەوەش نادات , ئەوەش لەوەوە هاتووە کە پێکهاتەی خێزان لەئەنجامی گوتاری ژێرخانی کۆمەڵگەوە هاتووە , گوتارێکە پاشماوەی عەقڵیەتی مێژووە , بۆیە ساتەوەختی نەریتی ئێمە , ئەو گوتارەی بونیادی سۆسیۆلۆژی ئێمەی دامەزراندووە بۆ پێکهاتەی خێزان , بونیادێکی نێو تێفکرینی هۆزە کە بەدەمامکی ڕەسەنایەتی خۆمان تەسلیمی کردووە , ئەوەش نەوەی نوێ دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی کە توانای ڕووبەرو بوونەوەمان نییە بۆ دەسەڵاتەکانی سنووری وەهمیان بۆ بەردەم بیرکردنەوەمان کێشاوە.

## پەراوێز وسەرچاوەکان:


(١) المجتمع والثقافه والشخصيه/ د. علي عبدالرزاق جلبي، دار النهضه (بيروت) ١٩٨٤، ص ٦٦

(٢) دەروازەکانی کۆمەڵناسی/ مەنوچێهر موحسنی، وەرگێڕانی (کۆمەڵێک وەرگێڕ) دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی (هەولێر) چاپی یەکەم ٢٠٠٢/ لا ١٠٣

(٣) هەمان سەرچاوە/ لا ١١٣

(٤) موسوعه علم الاجتماع/ د. احسان محمد الحسن، الدار العربيه للموسوعات (بيروت) ١٩٩٩/ص ١٦٨

(٥) دراسات في علم الاجتماع/ د.محمد عاطف غيث، دار النهضه (بيروت) ١٩٨٥، ص٧٦

(٦) هەمان سەرچاوە

(٧) دەروازەکانی کۆمەڵناسی/ مەنوچێهر مەحسنی
وەرگێڕانی (کۆمەڵێک وەرگێڕ) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی (هەولێر) ٢٠٠٢/لا١٠٣

(٨) ئاوڕدانەوەیەک لە کۆمەڵناسی/ پەروین سازگارا
وەرگێڕانی (جەواد مستەفا) زنجیرەی هزر و کۆمەڵ (١) هەولێر- ٢٠٠٣/ لا١٠٦

(٩) ثقافه الخطاب و ثقافه المخاطبه/ د. متعب مناف
الاديب / العدد ٢٨/ ص٤

(١٠) بۆتێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان عەرەب و شارستانیەتی ئیسلامی بڕوانە:
مساله الهويه/ د.محمد عابد الجابري
مركز الدراسات الوحده العربيه (بيروت) الگبعه الپانيه، ١٩٩٧/ ص٢٤

(١١) ئاوڕدانەوەیەک لە کۆمەڵناسی/ پەروین سازگارا
وەرگێڕانی (جەواد مستەفا) زنجیرەی هزر و کۆمەڵ (١) هەولێر- ٢٠٠٣/لا١٠٧

(١٢) کۆمەڵناسی/ ئەنتۆنی گیدنز، وەرگێڕانی (کۆسار فەتاحی) سەردەم، ژمارە ٤١ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥/ لا١٨

(١٣) مقدمه في الانتروبولوجيا التربويه/ احمد ابو هلال، الاردن ١٩٧٤، ص٩

(١٤) مدخل الى علم الانسان (الانتروبولوجيا)/ د. عيسى الشماس، اتحاد الكتاب العرب (دمشق) ٢٠٠٤

(١٥) هەمان سەرچاوە

(١٦) الانتروبولوجيا الثقافيه/ محمد الخطيب، دمشق ٢٠٠٥/ ص١٧

(١٧) الانتروبولوجيا الثقافيه/ عاطف وصفي، دار النهضه العربيه (بيروت) ١٩٧١، ص ٢٥

(١٨) الانتروبولوجيا الثقافيه/ محمد الخطيب، دمشق ٢٠٠٥/ ص١٩

(١٩) رەخنەگرتن لەمۆدێرنیتی/ نیهاد جامی، سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو، هەولێر ٢٠٠٦/ لا ٢٤٢

(٢٠) هەمان سەرچاوە

(٢١) مدخل الى علم الانسان (الانپروبولوجيا)/ د. عيسى الشماس، اتحاد الكتاب العرب (دمشق) ٢٠٠٤

(٢٢) الانپروبولوجيا الاجتماعيه/ عبد علي سليمان، جامعه صلاح الدين/١٩٨٥، × ٣١

(٢٣) المدخل الى علم الاجتماع/ مليعه عوني- د.معن خليل عمر/ جامعه بغداد , ١٩٨١.

(٢٤) الانترو بولوجيا الثقافيه/ عاطف وصفي/ دارالنهضه العربيه (بيروت), ١٩٧١.

(٢٥) المدخل الى علم الانسان/ د.قيس النوری/ (الموصل) ١٩٨٣.

(٢٦) دیاره ئەوە تاکە جیاوازیی نێوان ئیسلام و ئاینی مەسیحی نییە , بەڵکو جیاوازی نێوان ئەو دووئاینە بە ڕادەیەکە تادەگاتە ئەو ئاستەی چەمکی خواوەند کە گوتاری پێکهاتەی هەردووکیانە لەبڵاوکردنەوە بە ئاقارو خوێندنەوەی جیاوازدا دەبردرێت , یاخود ئەگەر لەو نمونەیەی روناکبیر « بەختیارعەلی» ەوە سەیر بکەین کە نموونە بەوە دێنێتەوە کە (موحەمەد) عەلی کوری ئەبی تالیب لەشوێنی خۆی دەخەوێنێت تا نەمرێت کەچی دوا جار هەر دەمرێت , کەچی مەسیح تەواو بەپێچەوانەی ئەو کەس ناکات بەقوربانی خۆی بەڵکو خۆی دەکات بەقوربانی کەچی نامرێت و دەچێتەوە ئاسمان , بڕوانە «کۆمەڵگای پرسە/ بەختیارعەلی , گۆڤاری رەهەند/ ژمارە (١) ١٩٩٦»

(٢٧) ئیمپراتۆریای لم/ ڕەفیق سابیر.

لەبڵاوکراوەکانی»رابوون» چاپی یەکەم , (سوید) , ١٩٨٨.

(٢٨) ئەو پۆلینە لە (د. قیس النوری) وەرگیراوە کە پۆلینەکەی خێزان بەمجۆرە ناو دەنێت «١-النواه ٢-الممتده ٣-المتصله



# ماڵئاوایی

**محەمەد ئەلماغوت**
**لەعەرەبییەوە:**
**حسەین لەتیف-کارزان عەلی**

لە پارکی سەبەکی ( شانزلیزیەی) گەشتیارە دەروێشەکان لە شاری دیمەشق،بە تووڕەییەک چاوم پێی کەوت و بە شێوەیەک ڕقی لە هەموو شتێک دەبووەوە کە قژی وەک داری خۆپیشاندان ئالۆز و پەرێشان بوو، ئیتر هێمنم کردەوە و بانگم کرد لەسەر کورسیەکی دارین دانیشێت کە لە چاوتێبڕینی هاولاتیان بۆ ماڵ و موڵکی دەوڵەت تەنها چوار قاچەکەی مابوویەوە . پێم وت:

حەزت لە کازوزە ؟

وتی: نەخێر

حەزت لە ساردەمەنیە ؟

وتی: نەخێر

پێم وت: کەواتە حەزت لە چی یە؟

وتی:حەزم لە خەبات و تێکۆشانە..لە ڕەقی و سەختی یە..خەونی من ئەوەیە بەیانیەک هەستم و باڵندەکان بە باڵی خاکی یەوە بفڕن..درەختەکان بە خونچەی کەتان داپۆشرابن.. بووک بە ترسێکی زۆرەوە بچێتە پەردەی بووکێنی یەوە و تاراکەی سەری شەلاڵ بێت بە ڕۆنی کانزایی..ئێمە نەتەوەیەکی بەسۆزین..پێویستە سۆز قەدەغە بکرێت وەک زەمور ، کاتی تەواو پاشکەوت کەین بۆ غەزەل و ڕاوێژ تاوەکو بە گەل ولاتی خۆمان بنیات بنێین و وەک گەلانی تر هەستینەوە..پێم وت: تۆ ڕاست دەکەیت..پێش چەند ساڵێک منیش لە ڕیزی وەفدێکی ئەدەبی دا بووم بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەلات..ولاتێکی زۆر دڵگیرە..هەرگیز هەست ناکەیت پێش چەند ساڵێک هەر وێرانە و خەرابات بووە، لەگەڵا دابەزینمان لەو ولاتە یەکسەر

وەرگێڕێک لە وڵاتێکی عەرەبی برامانەوە هات و نەیهێشت تەنها ساتێک لە خۆشی و ئاسوودەیی خۆمان دا بمێنینەوە..بۆ نمونە ئەگەر بۆ سەرئاویش بچوینایە لە نێوەندی دیواری بەرلینی ڕۆژئاواوە دەستی درێژ دەکرد و دەیوت: ئەو باڵەخانە بەرزە پەنجا قاتە دەبینن ؟ ئەوە موڵکی فلانە ڕۆژنامەی ئیستیعماری ئیمپریالی یە،بەڵام ڕۆژێک دەبێ گەل بەسەر خاوەنەکە بەکرێگیراوە کۆنەپەرستەکەیدا بیڕوخێنێت..یان ئەو بورجە بڵندە نەوە قاتە دەبینن؟ ئەوە هی فلانە ئێزگەی کۆنەپەرستی ئیمپریالی یە..بەهەمان شێوە گەل ئەوەش بەسەر خاوەنەکان و بێژەرەکانیدا دەیرمێنێت.بەو شێوەیە بە درێژایی گەشتەکە نەیهێشت هەناسەیەکی ئارامی و ئازادی هەڵمژین..گوتار لە دوای گوتار..ئامۆژگاری دوای ئامۆژگاری بۆ وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوەمان لە مەترسی داگیرکەر و ئیمپریالیەت..وەک ئەوەی ئێمە وەفد و نوێنەری باشووری ئەفریقا یان کۆریای باشوور بین..لەبەر ئەوە وەکو کاتی گەشتەکە پەلەمان لە گەڕانەوە دەکرد پێش ئەوەی تاوانێک بکەین و لە پەنجەرەکە فڕێی دەینە خوارێ..

بەڵام لە کۆتایی گەشتەکەمان دا بانگهێشتی چاوپێکەوتنی ژنە نوسەرێکی ئەڵمانی بەناو بانگ کراین و هەموو ئەو تەنگی و ناخۆشیانەمان ڕەویەوە..شادیمان تێ گەڕایەوە و وتمان بەڵکو کۆتاییەکەی خێر بێت..بەڵام هەر کە ڕۆشتینە هۆڵەکەوە خەریکبو ڕاکەین و بە پێ بەرەو وڵاتی خۆمان بگەڕێینەوە..

بە کورتی ئەو ژنە نوسەرە:هیتلر بوو بەریش و دەم و روخسارەدرێژەکەیەوە..یان ئەنگلز بە تیورەکەیەوە..لەگەڵا دەم کردنەوەیدا کەوتە قسە کردن لە سەر ڕابردووی خۆی تا خەریکبوو هەیکەلی دەرەوەی وەکو بەفری بەهار دەتوایەوە..بە یەکجار بوو بە دەنگ،بوو بە چرای چارەکە سەدەیەک لە تاریکیی ئەنگوستەچاو، بە کورتی من: لە بەرەی جەنگ دا شەڕم لەگەڵا نازیەکان دا کرد..لە شاخ کۆنەپەرستانم ڕاو دەنا، لە کێڵگە دا لەگەڵا جوتیار،لە کارگە لەگەڵ کرێکارەکان دا خەباتم دەکرد..پۆستەرم بڵاو دەکردەوە،سەرکردایەتی خۆپیشاندانم دەکرد،تا بووم بە پڕ جەماوەرترین ئافەرەتی نەوەی خۆم،و بەرزترین نیشانە و بەنرخترین دیاریم وەرگرت.جوانتریم شیعرم بەسەر دا هۆنرایەوە،لەپێناو من دا جوانترین فلیم وێنەگیرا،ئەمە منم ئەی مێوانە بەڕێزەکان..ئێمەش شەرمان لە خۆمان دەکرد و خەریکبوو بەسەر کورسیەکانەوە دادەخوشیان و لە ژێر مێزەکەدا گوێ بیست بین..لە کاتێک دا منیش لێم پرسی: ئایا ئێستا شاد و بەختەوەریت؟؟؟

ساتێکی بێ دەنگی دایگرت و دواترهەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: لەگەڵا ئەوەش دا هیوام دەخواست لە هەموو ئەو نیشانە و نازناو و شکۆییانە خۆم داماڵم..تەنها جلێکی کۆنم لەبەر کردایە و بە پێی پەتی لەگەڵا ئەو کەسەی خۆشم دەوێت لە ژێر باران دا پیاسەمان بکردایە.

تیبینی/ ئەم وتارە یەکێکە لە وتارانەی کەلە کتیبی» خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم»دایە و ئێمە ساڵانیکە کردومانە بەکوردی ، بریارە سەنتەری خەون لەچوار چێوەی چالاکیەکانی خۆیدا کتیبەکەمان بۆ چاپ بکات.



لەلایەن: ئامی سوزەرلاند
٢٣ـی ئازاری ٢٠١٣
لە ئینگلیزییەوە: هەژار عوسمان

# دیدارێک لەگەڵ ‹جۆیس کارۆڵ ئۆتس›

جۆیس کارۆڵ ئۆتس، هەمیشە وەک نووسەرێکی پڕبەرهەم پەسن دەکرێ، وەختێک ڕۆمانەکانی دەگاتە زیاد لە ٥٠ ڕۆمان. زیاد لەوەیش، کتێبەکانی دیکەی، بەتایبەت کتێبی ڕیڤیوەکانی بە لە باشترین کتێبەکان دادەنرێن. ئۆتس، لە ١٦ی جونی ١٩٣٨ لە لۆکپۆرتی نیو یۆرک — ئەمەریکا لەدایکبووە. و یەکەمین کتێبی لە ١٩٦٣ بڵاو کردۆتەوە، ئۆتس، هاوتەریب لەگەڵ ڕۆمان، چەندین شانۆنامە و نۆڤلێت و چەندین بەرگ لە کورتەچیرۆک و شیعر و دەقی نووسیوە. چەندان خەڵاتی بۆ نووسینەکانی وەرگرتووە، لەنێویاندا، National Book Award ـی بۆ ڕۆمانی ‹هیی ئەوان (١٩٦٩)› و دووجار خەڵاتی O. Henry Awards بردۆتەوە و بۆ ڕۆمانی ‹ئاوی ڕەش (١٩٩٢)› خەڵاتی National Humanities Medal و ڕۆمانەکانی ‹ئەوەی بۆی دەژیم (١٩٩٤)›، قژکاڵ (٢٠٠٠) و ‹ئاوی ڕەش (١٩٩٢)› پاڵێوران بۆ خەڵاتی Pulitzer Prize.

**بووکس:** هەنووکە خەریکی خوێندنەوەی چیت؟

**ئۆتس:** خەریکم چەند ڕۆمانێک دەخوێنمەوە، کە زۆر ڕێی تێ دەچوو ڕیڤیوی خۆمیان لەسەر بنووسم، بەڵام بڕیارمدا نەینووسم. من بەبەردەوامی کتێبی نوێ دەخوێنمەوە، کە لەلایەن سەرنووسەری بەشی ڕیڤیووەوە بۆم دەنێردرێ، بەڵام لە هەندێ شتدا فرەڕەنگ یاخود هەمەجۆرن.

**بووکس:** ڕەزامەندییت لەسەر چەند لەو کتێبانە هەیە، کە دەیانخوێنیتەوە؟
**ئۆتس:** دەشێ نیوەیان. هەروەها من دووبارە زۆرێک لەو کتێبانە دەخوێنمەوە بۆ خۆم، چونکوو من وانە دەڵێمەوە. کاتی زۆرم بە بیرکردنەوە لە نووسینی پەخشان و چیرۆکەوە بەسەر دەبەم، لەبەرئەوە کاتێک دەخوێنمەوە، لەوە دەچێ زۆر جیاواز بێ لەوەی، کە خەڵکانی دیکە دەیخوێننەوە. من هەمیشە بە دوای ئەو شێوازەوەم، کە شتانێک پێکەوە باش گرێدرابن بە بەدڵبوونێکی ڕەچاوکراوەوە.

**بووکس:** هەنووکە کامە ئیشانە دەرس دەڵێیتەوە؟
**ئۆتس:** من بۆ ئەم خوولە وانە بە پۆلێک دەڵێمەوە لە UC Berkeley، و ئێمە ئەنتۆلۆجیی باشترین چیرۆکە ئەمەریکاییەکان دەخوێنین. لە ئێستادا چیرۆکی ‹لۆتەری›ـی ‹شیرلی جاکسۆن› دەخوێنین، کە زۆربەی خوێنکارەکان پێشتر نەیانخوێندبوویەوە. کەیفیان پێی دێ.

**بووکس:** کامە کار لەو ئەنتۆلۆجییەدا جێی پەسنی تۆیە؟
**ئۆتس:** من حەزم لە چیرۆکی ‹ڕووداوێکی لێک دوورکەوتنەوە›ـی ‹پاوڵ بۆولێس›ـە. کە زۆر ناسراو نییە ئەو چیرۆکە، بەڵام نایابە.

**بووکس:** لە کام جۆرە کارانە دووبارە دەخوێنیتەوە بۆ خۆت؟
**ئۆتس:** بۆ من گونجاوە کە تەنیا چەند بەشێک لە چەند ڕۆمانێک پاتە بکەمەوە. فۆکنەر دەکەمەوە و بەشێک یا شتێک لە ‹دی. ئێچ. لەورێنس› دەخوێنمەوە. زۆرجار شیعرەکانی ‹ئیمیڵی دیکنسن› دووبارە دەخوێنمەوە. تۆ دەتوانی تەواوی ژیانت سەرقاڵی دووبارە خوێندنەوەی ‹دیکنسن› بیت، چونکوو ئەو زۆر وردە.

**بووکس:** چی دیکە دەخوێنیتەوە؟
**ئۆتس:** من Followـی ٣٠ کەسم کردووە لە تویتەر، کە ئەمە دەبێتەوە هۆی دروستکردنی جۆرێک لە گۆڤاری ئۆنلاین. نیکۆلاس کریستۆف لە ‹زە نیو یۆرک تایمز› ڕۆژانە بەنێزیکی ١٥ جاران پۆست دەکا لە تویتەر. ئەو پێوەندی بە فۆتۆگراف و سایتەکانی دیکەوە هەیە. هەروەها Followـی دانییێل مێندێلسۆن، ئاندریو سولیڤان، مارگرێت ئاتوود و ستیڤ مارتنیشم کردووە. بە جۆرێک تویتەر وەک چوونە ناو کتێبخانەیەکی زۆر گەورە وایە کاتێ کەسێک پەنجە دەکوتێتە شانت و دەڵێ: ‹‹دەشێ تۆ کەیفت بەم وتارە بێت،›› کە لەگەڵ ئەوەشی تۆ قەتت نەناسیوە و لەبارەیەوەت نەزانیوە. من زۆر وتارم لە Englands New Statesman دەخوێندەوە. هەرگیز لە دەرەوەی تویتەر نەمبینیبوون. بایەخ بە شیعر دەدەم، و هەندێ لە

لینکەکان دەمبەنە ناو ئەو سایتانەی تایبەتن بە شیعر.

**بووکس:** کام شاعیرانە دەخوێنیەوە؟
**ئۆتس:** وا خەریکم لەم دواییانەدا ڕۆبێرت فرۆست، ئەو شاعیرەی من پێموایە جوایەزانە بلیمەتە، دەخوێنمەوە و دووبارە دەیخوێنمەوە. ئێستا کە ‹فرۆست› وا لە مێژە مردووە و کەسایەتیی بە حەوادا چووە و دیار نەماوە، ئێمە تەنیا شیعریمان هەیە، و ئەوە جەستەیەکی دیار و لەبەرچاوانی کارەکانییەتی. وەختێ ئەو خوێندنەوە بە مەمانان دەدا، خزێنراوەتە نێو ژاوەژاوێکەوە لەگەڵ خەڵکانێک کە خۆشیان دەوێ. ئەو تاڕادەیەکی کەم مینا ئەدای ‹مارک تواین›ـە. ئەو گەورەترین بەرکەوتنەکانی خۆی دەخوێندەوە، قەت شیعری زیاتر ورد و تاریکی نەبوو. نەیدەویست خوێنەرەکانی تووشی خەمۆکی بکات و ببن. فرۆست ئەو پێداهەڵگوونەی دەویست. ئەوە نموونەیەکی جێبایەخیەتی لەکاتێکدا کەسایەتییەکەی دیار نامێنێ کارەکانی دەمێننەوە و هەندێجار لەلایەن کاسانێکەوە بە نرخ دەکرێن، نەک ئەوەی کە ئەو چیدیکە لەوێ نییە.

**بووکس:** کتێبێک هەیە جێبایەخی هەموو ژیانی تۆ بێ؟
**ئۆتس:** دەتوانم بڵێم ‹تاوان و سزا›ی دۆستۆیڤسکی، کە کاریگەرییەکی زۆرگرانی لەسەرم جێهێشتبوو. پێموایە ئەمڕۆ خەڵکیی درک بە پێویستی خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە نەکەن. کتێبەکەی دی، کە بەداخم چیدیکە خەڵک نایخوێنێتەوە؛ ‹یولیسس›ی ‹جەیمس جۆیس›ـە. ئاسان نییە، بەڵام هەموو پەڕەیەکی نایابە و ماندووبوونی کۆششەکە دەداتەوە.

**بووکس:** کەی ‹یولیسس›ـت خوێندەوە؟
**ئۆتس:** کە لە ئامادەیی بووم دەستم بە خوێندنەوەی کرد، بەڵام بەڕاستی نەمتوانی تێیبگەم و زاڵبم بەسەر خوێندنەوەیدا. پاشان لە کۆلێژ خوێندمەوە. یەک جار بوو، شەش هەفتەم بە خوێندنەوەی بەسەر برد، لە کاتی سیمیناری لە زانکۆ دەرچوونم بوو. ئەو ڕۆمانە ئەو هەموو ماوەیەی خایاند. ئەوە گرفتەکەیە. کەس چیدیکە بەو شێوەیە ناخوێنێتەوە. خەڵکیی لەوانەیە بتوانن هەفتەیەک بە خوێندنەوەی کتێبێکەوە بەسەر ببەن، بەڵام شەش هەفتە نا.

**سەرچاوە:**
/٢٢/٠٣/٢٠١٣/http://www.bostonglobe.com/arts/books
interview-with-writer-joyce-carol-oates/
PgqBFOZFvucifh٤DwMaw٥O/story.html




## زنجیرە شەشی خانەی خەون بۆچاپکردنی کتێب بڵاو دەکرێتەوە

لە درێژەی چالاکییەکانی خۆیدا سەنتەری رۆشنبیریی خەون، لە پرۆژەی چاپکردنی کتێبی ئەمجارەیدا، کۆمەڵە چیرۆکی (پەنجەکان شتێک دەڵێن) لە نووسینی ( فەرهاد چۆمانی) بڵاودەکاتەوە.

ئەم کتێبەش دەبێتە زنجیرەی ژمارە (٦)ی پرۆژەی خەون بۆ چاپکردنی کتێب.

کاری دیزاینی بەرگ لەلایەن ( سەیوان سەعیدییان) و کاری نێوەرۆکی کتێبەکەیش لەلایەن خاتوو (رووناک رەسوڵپور) کراوە.

# ئێپنۆ میوزیکۆلۆجی

**ئانپنی سیگەر**
**لە فارسییەوە: ساماڵ عیرفانی**

موزیک دەتوانرێت وەکو دەنگگەلێکی مانادار پێناسە بکرێت کە لە¬سەر دەستی مرۆڤ ستراکچەری وەرگرتووە و کەرەسەی فیزیکیی و تایبەتمەندی ¬فیزیۆلۆجیی و دەروونناسانە و زانستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەیە (ئەم بابەتە دەبێت هەتاکوو ئەم رادەیە ورد بکرێتەوە). لە سەرەتادا، ئێپنۆمیوزیکۆلۆجیی بە مانای لێکۆڵینەوە لە موزیکی گەلان، وەکو لێکۆڵینەوە لە موزیک لە نێو بۆنە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکەی خۆی، پێناسە کراوە. ئێپنۆمیوزیکۆلۆجیی تێکەڵێکە لە زانستگەلی مرۆڤناسی و موزیکناسی. لە لاییێکەوە مرۆڤناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و فۆلکلۆر و لە لاییێکی ¬ترەوە، موزیکناسی و تیۆری موزیک و مێژووی هونەر و رەخنەی ئەدەبی، کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەم زانستە. مێژووی ئەم بوارە، واتا ئێپنۆمیوزیکۆلۆجی، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی١٩، بەڵام زاراوەی ئێتنۆموزیکۆلۆجی لە دەهەی ١٩٥٠ پەرەی سەند و باو بوو.

هەندێک لە پرسیارە گرینگەکان لە ئێپنۆمیوزیکۆلۆجی، دەگەڕیتەوە بۆ فەیلەسوفە یۆنانیەکان، لێکۆڵەرانی موسوڵمان و فەیلەسوفانی سەردەمی رۆشنگەری ، بەڵام دروستکردنی ئامێری تۆمارکردن لە لایەن تۆماس ئەدیسۆن لە ساڵی ١٨٧٧، کاریگەرییێکی زۆر گرینگی لەسەر درووست¬بوون و گەشەکردنی ئەم زانستە دروست کرد.

تۆمارکردنی دەنگ، یارمەتی لێکۆڵەران و گەڕۆکەکانی دەدا کە دەنگەکان لە شوێنە جیاواز و دوور و نزیکەکاندا کۆ بکەنەوە و پاشان بیانبەن بۆ لای پسپۆڕان تا ئەم دەنگانە شیبکەنەوە.

دامەزراوەی فۆنۆگرام ئارچیو ، کە لە بەرلین لە ساڵی ١٩٠٠ دامەزرێنرا و لێکۆڵێنەرانی چالاک تێیدا ئیشیان دەکرد، بوو بە یەکێک لە سەنتەرە گرنگەکانی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان بە باسە تیۆریەکانی موزیک لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم. سیاسەتی کۆڵۆنیالیزم، نەتەوەگرایی و پەرەسەندنی گرینگی فۆلکلۆر، کاریگەری کردە سەر کۆکردنەوە و شیکاری داب و نەریتی ناوچەکان و میللەتان و شێوازی بەکارهێنانیان لە لایەن لێکۆڵینەران.
خوێندنەوەی مرۆڤناسیی موزیک لە ئەمریکا، وەک بابەتەکانی ¬دیکەی مرۆڤناسیی لەم وڵاتەدا، کاریگەری زۆری فرانس بۆئاس ی پێوە دیارە. بۆئاس چەند لێکۆڵەرێکی گرینگی پەروەردەکرد کە لە نێوانیاندا دەکرێ ئاماژە بە برۆنۆ نێتڵ (نووسەری وتاری موزیکی لۆکاڵ لە گۆڤاری بریتانیکا) و ئالان مێریام (کە بەرهەمە کاریگەرەکەی بە نێو مرۆڤناسی موزیک کە ساڵی ١٩٦٤ نوسیویە، خوێنەرێکی زۆری هەیە) بدەین.
کەسە بلیمەت و گرنگەکانی دیکە کە مرۆڤناسییان خوێندووە و کاریگەری بەهێزیان هەبووە لەسەر گەشەکردنی ئێپنۆمیوزیکۆلۆجی، بریتین لە جۆن بلەکینگ و ستیڤن فێلد و هیووگۆ زێمپ .
روانینی ئێپنۆمیوزیکۆلۆجیی بۆ ژەنینی موزیک، زۆرتر هاوڕا بووە لەگەڵ لقەکانی ¬تری مرۆڤناسی. تا رادەیێکی زۆر، هەر قۆناغێک لە نێو مرۆڤناسیی دا، هاوتای هەبووە لە گۆڤارەکانی ئێپنۆمیوزیکۆلۆجی. لە ئێڤۆلوشنیزم و تیۆری پەرەسەندن بگرە هەتاکوو پراگماتیزم ، ستراکچرالیزم ، کاگنەتیڤی خەڵکان، رەخنەی ئەدەبی و .... هتد. ئێپنۆمیوزیکۆلۆجیی لە نێو خۆیدا باس¬گەلێکی بەرهەم هێناوە، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ شیکاری دەنگ و پێوەندی ئێپنۆمیوزیکۆلۆجیی لەگەڵ بوارەکانی¬ دیکەی زانستە مرۆڤایەتیەکان و زانستە کۆمەڵایەتیەکان.
لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک، ئێتنۆموزیکۆلۆجیی لە زۆرێک لە وڵاتانی دونیا، سەری هەڵدا. پرۆگرامی ئەکادیمیی بۆ لێکۆڵینەوە و وانە وتنەوە لەهەر ناوچەیێک درووست ¬دەبوو و ئەنجۆمەنگەلی پرۆفێشناڵی میللی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی زۆر چالاک بوون.
گەورەترینی هەر هەموویان دوو دامەزراوە بوون: یەکەمیان، رێکخراوی ناحکومی شۆرای نێونەتەوەیی موزیکی ترادیشناڵ کە پێوەندی هەبوو لەگەڵ سازمانی یونێسکۆ، دووەمیان، کۆمەڵەی ئێپنۆمیوزیکۆلۆجیی ئەمریکا بوو. هەردووک لەمانە گۆڤاری زۆر بەنرخیان دەردەکرد. هاوڕا لەگەڵ مرۆڤناسی، ژمارەیەکی زۆر لە ئێپنۆمیوزیکۆلۆجییستەکان لە ساڵی ١٩٨٠ دەستیان کرد بە کارکردن لەسەر موزیکی کۆمەڵگەکانی خۆیان. فێرخانەگەلی جیاواز لە وڵاتان و ناوچەکان درووست¬ بوون و سەرنجیان خستە سەر موزیکی خەڵکان. هەروەها زۆرێک لە ئێپنۆمیوزیکۆلۆجییستەکان، لە وەزارەتاکانی فەرهەنگ و پەروەردە، دایرەی فێستیڤاڵەکان، رادیۆکان، دامەزراوەکانی سۆفت وێری کۆمپیوتەر، پیشەسازییە فەرهەنگیەکان کار ¬دەکەن. هەروەها جگە لە لێکۆڵینەوە و بواری پەروەردەکردن، ئێپنۆمیوزیکۆلۆجییستەکان لە

بەرنامەگەلی فەرهەنگی بەشە جیاوازەکان چالاکی دەکەن. کتێبگەلی گۆرانی و دەنگگەلی تۆمارکراو چاپ دەکەن و لێکۆڵینەوە لە موزیکی کۆمەڵگەکان دەکەن و هەروەها بەرنامەی خوێندن بۆ فێرخانەکان دەنووسنەوە. مامۆستایانی ئێپنۆمیوزیکۆلۆجیی رۆژ بە رۆژ سەنگەری خۆیان لە بەشی مرۆڤناسیی زانکۆکانەوە دەگوازنەوە بۆ بەشی موزیک. ئەمەش لەبەر ئەوەی لە ساڵانی کۆتایی سەدەی بیست، گەنگی بە مرۆڤناسی هونەر روو لە کەم بوون بووە.

**– ناونیشانی سەرچاوەی ئنگلیزی کە ئەم بابەتەی لێ وەرگیراوە :**

- Anthropology (٢٠١٠) Encyclopedia Britanica.
Encyclopedia Britannica Ultimate. Reference Suite. Chicago.
- Anthony Seeger

Enlightment

Phonogram Archive

Frantz Boas

Bruno Nettle

Alan Merriam

John Blacking

Steven Fell


Hugo Zemp

Evolutionism

Diffusionism

Pragmatism

Structuralism




## باوکت لەجەنگە

باوکت لە جەنگە، کۆچیرۆکێکە، هەژار عوسمان، لە ئینگلیزییەوە- کە زمانی یەکەمی چیرۆکەکانە- وەری گێڕاوە. ئەم کتێبە بچکۆلە و جوانە، چیرۆکی نووسەرانێکی وەک، ئێرنست هەمنگوەی، ڕیمۆند کارڤەر، لانگستۆن هیوز، ڕێچارد براوتیگان و چەند نووسەری دیکەی لە خۆ گرتووە.

بەختیار حەمەسوور، ڕێنووسی کتێبەکەی کردووە و «یانەی قەڵەم» لە چاپی داوە.



## کاروان عومەر کاکە سوور:
# پرۆسێسی گێڕانەوە لای من بریتییە لە دەستکاریکردنی واقیع.

دیمانە:

نوێ، بۆیەکەم ژمارەی ( کاروان عومەر کاکە سوور ) ڕۆماننووسی دیاری هەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی کراوە سەبارەت بە هونەری گێڕانەوە و کارەکانی و ڕۆڵی کارەکتەر لەڕۆمانی کوردی و بەتاییەت دواهەمین کاری کەبریتیبوو لەڕۆمانی کازینۆی مندالآن.

**نوێ: بەوە ڕاهاتوویت خوێنەر بخەیتە بەردەم دنیایەکی تەواو جیاوازەوە. لە کازینۆی مندالآنیشدا ئەو دنیایە هەم جیاواز و هەم ئالۆزە، بەو پێیەی ڕووداو و سەربردەی کارەکتەرەکان بە شێوەیەکی چر تێک ئالآون. هەندێک کەس ئاماژە بەوە دەدەن ئەو تێکئالآنە وای کردووە سەربردەی بەشێکی کارەکتەرەکان دیار نەبێت. خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەمە چییە؟ ئایا پێتان وا نییە ئەو دابڕانە لە هێڵی گشتیی ڕۆمانی کوردیدا ماوەیەکی زۆری دەوێت تاکو شوێنی خۆی دەگرێت؟**

**کاروان:** ڕاستییەکەی ئەو کاتەی بە دوای دنیای نوێ و جیاوازدا دەگەڕێم، زۆر تەنیام و ئەوەی لە خەیاڵم نییە، خوێنەرە، بگرە خۆیشم وەک نووسەر بوونم نییە، بەڵکو هێندە دەزانم بە هیچ شتێکی خۆم و ئەم دنیایە ڕازی نیم. هەست دەکەم سەرتاپێی ڕابردوو و ئێستام مردوون، جگە لە خەیاڵ، کە تاکە شتی زیندوومە دەتوانم دەستی پێوە بگرم و خۆمی پێ لەم ئێستایەم ڕزگار بکەم، بەڵام سەیر ئەوەیە لای من هیچ شتێک هێندەی خەیاڵ ترسناک نییە، کە ئەو ترسە بەردەوام بۆ دنیای سەیروسەمەرەی پەلکێش کردووم. من چونکە بە دوای شتی دیاریکراودا ناگەڕێم، ئەوا وێنەیەکی ئامادەم لە بەرچاو نییە، بەڵکو لە یەک کاتدا خۆم لە بەردەمی کۆمەڵێک وێنەی جیاواز و لەیەکنەچوودا دەبینمەوە. هەر ناشزانم ئەو شتانەی لەم گەڕانەدا دەیاندۆزمەوە چین، بۆچی باشن و دەبێت چۆنیان بە کار بهێنم. ئەدەبیش ڕێک لێرە لە دایک دەبێت، کە توانای هەیە شتی ناڕێک و جیاواز لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و ڕێگا نەدات هیچ ئامانجێک، هیچ مەبەست و هیچ پلانێک بوونی هەبێت. ئەدەب بۆ من مانای دروستکردنی پێوەندی نییە لەگەڵ خوێنەردا، بەڵکو پێش هەموو شتێک مانای دروستکردنی پێوەندییە لەنێوان منی ئێستا و منی داهاتوودا. بە مانایەکی تر من لە ڕێی ئەدەبەوە، ڕاستتر لە ڕێی ئەدەبی گێڕانەوەوە دەتوانم ئەم ئێستایە جێ بهێڵم و بە داهاتوو بگەم، کە داهاتوو لای من تەمەنی زۆر کورتە و خێرا دەبێتە ڕابردوو، ئەوە ئەگەر نەڵێم هەر پێی ناگەم، بۆیە ئەو پرۆسێسە، پرۆسێسی جێهێشتنی ئێستا، بەردەوامە و کۆتاییی نایەت. بەرهەمی ئەدەبی کاتێ دەتوانێت داهێنەرانە بێت، کە نەک هەر شەڕ بە ئاستی تێگەیشتنی کۆ بفرۆشێت، بەڵکو ئاستی تێگەیشتنی خودی نووسەریش تێبپەڕێنێت. شوێنی خوێنەر لای من لە داهاتووە، نەوەک لە ڕابردوو. واتە کاتێ بەر خوێنەر دەکەوم، کە لەناو تەنیاییی خۆمدا ئایدیاکانم گەیاندووە و هیچ ڕێگایەک نەماوە بۆ پەشیمانبوونەوە. من پێچەوانەی ئەوانەی پێیان وایە خوێنەر لە کاتی نووسیندا ئامادەیە و ڕۆڵی لە ئاڕاستەکردنی زمان و دەربڕینی نووسەردا

هەیە، دەڵێم من ئەگەر خوێنەرێکم لەگەڵ بێت، ئەوا خوێنەرێکی گریمانییە و دواجار ئەویش هەر خۆمم. ئەوە نووسەرە خوێنەر دەخوڵقێنێت، نەوەک بە پێچەوانەوە. ئەو تێکستانەی خاوەنی پرسیاری نوێ و جیاوازن، خوێنەری نوێ بەرهەم دەهێنن. بەردەوام گوتوومە کاتێ دەنووسم جگە لە خۆم کەسێکی دیکەم لە بەرچاو نییە. من پێویستم بەوەیە ئەو وێنانەی ناوەوەی خۆم فڕێ بدەمە دەرێ، چونکە وا دەزانم ژیانم لە دوای فڕێدانی ئەوانەوە دەست پێ دەکات، کە خۆشبەختانە ئەوە هەرگیز ڕوو نادات، بۆیە پرۆسێسەکە بەردەوامە. من خۆم نیم بڕیار دەدەم ئەوەی دەینووسم پێویستە ئاسان بێت و هەموو لێی تێبگەن، یان زەحمەت بێت و کەس لێی تێنەگات، بەڵکو ئەو وێنانەی ناوەوەمن بڕیار دەدەن، کە لە ئەنجامی تێڕوانینی منەوە بۆ خۆم و بۆ دەوروبەرمەوە دروست بوون. ئەو وێنانە هەم لە یەکتر دەچن و هەم جیاوازن، بۆیە دەشێ وێنەیەکی منداڵی و یەکێکی گەورەیی بە هۆی بوونی ڕەگەزی هاوبەشەوە پێکەوە دەربکەون، بۆیە هەندێک خوێنەر ناتوانن ئەو لینکە بدۆزنەوە و لێیان تێک دەچێت. ئەو خوێنەرەی بیەوێت بە شێوەی ڕیزبەندی بە دوای ڕووداوەکانی ناو بەرهەمی مندا بڕوات، وەک ئەوەی لە چیرۆک و ڕۆمانی تردا پێی ڕاهاتووە، ئەوا تێیدا سەرکەوتوو نابێت. من هیچ کارەکتەرێک، هیچ ڕووداوێک، هیچ زەمەن و هیچ شوێنێکم نییە تەواو بێت، بەڵکو هەموو شتەکان لە دنیای مندا پارچەپارچەن و دەبێت لێرە و لەوێ بە دوایاندا بگەڕێیت، کە مەرج نییە بیاندۆزیتەوە. بەڵێ، سەربردەی بەشێک لە کارەکتەرەکان ونە و سنووری ڕووداوەکان دیار نین، چونکە پرۆسێسی گێڕانەوە لای من بریتییە لە دەستکاریکردنی واقیع، نەوەک گوێزانەوەی. وەک لە پرسیارەکەی ئێوەدا هاتووە بەوە ڕاهاتووم خوێنەر بخەمە بەردەم دنیایەکی تەواو جیاوازەوە، بەڵام دەبێت بزانن ئەو دنیایە پێش ئەوەی بۆ خوێنەر جیاواز بێت، بۆ خۆیشم جیاوازە. دەکرێت بڵێم حەز و ئارەزووی من بەر لەوەی بۆ نووسین بێت، بۆ دۆزینەوەی دنیای جیاوازە، بەڵام لە نووسین زیاتر شک نابەم ئەو دنیایەی پێ لە ئاستی نەبینراوەوە پێ بهێنمە ئاستی بینراوەوە. ئێستا دەتوانم بڵێم حەز و ئارەزووی گەرمم بۆ نووسین هەیە، مادام تاکە ڕێگایە بۆ پێشاندانی دنیای جیاواز. تێکستە هەرە گەورە و قووڵەکانیش بەرهەمی ئەو حەز و ئارەزووە گەرمەن. حەز و ئارەزووی نووسین وا دەکەن نووسەر بۆ خۆی بنووسێت، نەوەک بۆ ئەوانی تر. ئەوە تۆیت تینووی ئەوەی نهێنییەکانت بدۆزیتەوە و بۆ خۆتیان دەرببڕیت. خەسڵەتی ئەدەبی ڕووکەش ئەوەیە نووسەرەکەی تینووی دەربڕین نییە، بەڵکو مەبەستیەتی بە ئەوانی تر بڵێت بوونی هەیە. هەستی تینوویەتی تەنیا بۆ نووسین پاڵت پێوە نانێت، بەڵکو بە پلەی یەکەم بۆ خوێندنەوە پەلکێشت دەکات، چونکە ئەو دووانە لە یەکتر جیاواز نین. بۆ من نووسین سرووشتێکی فریودەرانەی هەیە، بەوەی ئەو دنیایەی ئێستا بە شێوەی جیاواز و نوێ پێشانم دەدات، زۆری پێ ناچێت وەک شتی ئاسایی دەیخاتەوە بەرچاوم، بۆیە دەبێت دنیایەکی تر بخوڵقێنم. (کازینۆی منداڵان)یش هەر بەم شێوەیە لە دایک بوو، بۆیە ئەم ڕۆمانەیشم وەک ئەوانەی ترم خۆی لە بەرانبەر دوو جۆر خوێنەری زۆر پێچەوانەی یەکتردا

بینیوەتەوە، یەکەمیان ئەو خوێنەرە ئاساییەی دەیەوێت هەموو شتێک بە ڕوونی ببینێت. ئەو خوێنەرە هەندێک نموونەی زۆر سادەی ڕۆمانی خستووەتە بەرچاوی، کە هەر تێکستێک وەک ئەوانە نەبێت، بە لاوەی دەنێت. واتە ستریۆتایپێکی لە خەیاڵیدا هەڵگرتووە و بەردەوام کارە ئەدەبییەکانی پێ دەخوێنێتەوە. بە کورتی ئەو خوێنەرە دەیەوێت تێبگات، کە تێگەیشتن واتە دانانی چوارچێوە بۆ ئایدیاکان. ئەو خوێنەرە دەیەوێت لە ڕێی تێگەیشتنەوە سەرجەم تێکستەکە بۆ یەک دوو بڕگەی سادە کورت بکاتەوە، بەو مەبەستەی بڕیاری چاکەوخراپەی لە سەر بدات، چونکە ئامانجی سەرەکیی ئەو دەرکردنی بڕیارە. بەم شێوەیە تێکستی ئەدەبی بۆ ناو ئەو واقیعە دەگەڕێنێتەوە، کە جێی هێشتووە، تاکو بەو پێوەرە سواوانەی واقیع هەڵیبسەنگێنێت، لە کاتێکدا ئەدەب  بۆیە واقیع جێ دەهێڵێت، تاکو واقیع و لۆژیکی خۆی دابمەزرێنێت. دووەمیان، ئەو خوێنەرەی بۆ ئەوە ناخوێنێتەوە تێبگات، بەڵکو مەبەستیەتی لە ڕێی خوێندنەوەوە خودی ئەو تێگەیشتنەی هەیەتی تێک بشکێنێت و لێکدانەوەی جیاواز لەوەی نووسەر مەبەستی بووە، بکات. من بەردەوام گوتوومە من خاوەنی خوێنەری زۆر نیم و لەسەر ئاستی میللیدا نەناسراوم، بەڵام لە خۆم ڕادەبینم بڵێم خوێنەری بەرهەمەکانم ئەوانەن بە قووڵی دەخوێننەوە و بە پرسیاری نوێ ڕووبەڕووم دەبنەوە. ئێستا بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێمەوە، کە تێیدا گوتم من لە کاتی نووسیندا تەنیا خوێنەرێکی گریمانیم لە بەرچاوە. ئەوەی ئاستی خوێنەرە گریمانییەکەی من بەرز دەکاتەوە، ئەو خوێنەرەیە، کە بە پرسیاری نوێ ڕووبەڕووم دەبێتەوە. من لە هەر بەرهەمێکی نوێمدا دەمەوێت ئاستی تێگەیشتنی ئەو خوێنەرە گریمانییە، ئەو خوێنەرە ڕەخنەگر و خاوەنپرسیارە تێبپەڕێنم، کە ئەمە وام لێ دەکات کەمتر، بەڵام قووڵتر بنووسم. بە هەرحاڵ (کازینۆی مندالان) بۆ من ئامانجی خۆی پێکا، کە توانی لەو هەموو کارەکتەر و ڕووداوەی ناو خەیاڵم ڕزگار بکات. ئەگەرچی هیچ کاتێ پلانم نەبووە وا بنووسم خوێنەر لێم تێنەگات، بەڵام بە ڕاستی بەوە دڵخۆشم، کاتێ خوێنەر لێرە و لەوێ ناڕەزاییی لە بەرانبەر شێوازی گێرانەوە و زمانی دەربڕینی کارەکتەرەکانم دەردەبڕن.

## هیچ شتێک هێندەی خەیاڵ ترسناک نییە

**نویٚ: تێکەڵکردنی دۆخی سایکۆلۆجیی کارەکتەرەکان لەگەڵ هەستی بوون بە ئاژەڵ لە بەشێکی زۆری کارەکانتدا ڕەنگی داوەتەوە. لە ئەدەبی جیهاندا نموونەی لەو شێوەیەمان هەیە، بۆ نموونە لای کافکا، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا ڕووبەڕووی ئەو بەدگۆڕانە بەو شێوەیە چڕە نەبوویینەوە. ئایا خاڵی هاوبەشی ئەو تێکەڵکردنانە چین؟ چی وا دەکات کارەکتەرێک هەست بکات بووەتە مانگا و لەگەڵ مرۆڤیش هاوسەرگیریی کردووە؟**

**کاروان:** ئەدەبی گێڕانەوە توانای هەیە هەموو نهێنییە شاراوەکانی ناوەوەی کارەکتەر تێکەڵی دنیای دەرەوەی بکات، بەوەی پشت بە دەنگی جیاواز و دیدگای جیاواز دەبەستێت. هەموو نزیکبوونەوەیەک لە ناخی کارەکتەر نزیکبوونەوەیە لە دنیای فەنتاسیا و میتۆلۆجیا و دوورکەوتنەوەیە لەو پێوەر و یاسایانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ناسراون. لەگەڵ دەرکەوتنی شێوازی (شەپۆلی هۆش)دا دنیای ناوەوە نەک هەر بایەخی گەورەی پەیدا کرد، بەڵکو ئەو تێڕوانینانەیشی گۆڕی، کە بۆ دنیای دەرەوە لە ئارادا بوون. ئەو شێوازە توانی کارەکتەر لەژێر دەستەڵاتی لۆژیک و پێوەرەکانی دەرەوە ڕزگار بکات و ئازادییەکی گەورەی پێ ببەخشێت. بە هۆی ڕەگەزی وەک خەون، ورێنە و هەلوسینەیشن، کە ئەو شێوازە پشتیان پێ دەبەستێت، هەستە پەنهان و ئارەزووە شاراوەکانی کارەکتەر هاتنە ناو زمانەوە و گەیشتنە ئاستی گوتراوەوە. بۆ نموونە یەکێ لە خەسڵەتەکانی خەون گۆڕانی ماهییەت و فۆرمی شتەکانە. دەشێ گوڵێک بۆ مێرووله بگۆڕێت، مێرووڵەکە بۆ ئەسپ و ئەسپەکە بۆ ژن و ژنەکە بۆ باڵندەیەک بگۆڕێت. ئەوانە لە بواری ئەدەبدا بە فێڵ و سکیڵ ناسراون، کە (پۆل ڕیکۆر) بە زمانی ناڕاستەوخۆیان دەزانێت و نووسەر بە مەبەستی جوانکاری بە کاریان دەهێنێت. وەک گوتمان ڕۆمان هاوکاتی دەرکەوتنی تەکنەلۆژیا و گەشەکردنی ئامێرەکانە، کە ئەمە وای کردووە دنیای ئەدەبی گێرانەوە ئاڵۆز بێت. تەنیا دەرکەوتنی کامێرای فۆتۆگرافیک گۆڕانێکی گەورەی بەسەر ئەو دنیایەدا هێنا. شێواز و مانای وێنەکانی تەواو گۆڕی. با لەم شوێنە سەربردەیەکی خۆش، ڕاستتر نوکتەیەکتان بۆ بگێڕمەوە. پیاوێکی گەڕەکمان هەیە زۆر هەڵەشەیە. لەسەر هەموو شتێک لە ژن و منداڵەکانی تووڕە دەبێت و جوێنیان پێ دەدات. باوکی هاوڕێیەکی خۆمە. نیوەڕۆیەکی هەشتاکان ژنەکەی بە نیازە شفتە بکات. لە ناکاو دەڵێت پیاوەکە هەموو کەرەستەکانم کڕیوە، بەڵام تەنیا کەرەوزم لە بیر چووە. ئیتر ئەو هەزار جوێنی پێ دەدات و بە پەلە دەچێت کەرەوز بکڕێت. کاتێ دێتەوە لە کۆڵان بانگی دەکات، کە ئەو لە نهۆمی سەرەوەیە و لەو پەنجەرەیە سەر دەردەهێنێت. دوای ئەوەی تۆپەڵێک جوێنی زۆر ناشیرینی دیکەی پێ دەدات، ئینجا پێی دەڵێت وەرە بە ملی شکاوت ئەم کەرەوزە ببە. کوڕەکەی پێم دەڵێت خۆزگە ئێستا کامێرام پێ دەبوو و وێنەم دەگرتن. من پێی دەڵێم وێنەکە دیمەنێکی تەواو پێچەوانەی واقیع پێشان دەدات. پیاوێکمان هەیە چەپکێ گوڵی پێیە و لە ژنەکەی دەڕوانێت، کە لە پەنجەرە سەری دەرهێناوە. پێی دەڵێت گیانەکەم ئەم چەپکەگوڵەم بۆ هێناویت، بەڵام

نازانم چۆن بیدەمە دەستت. ئەگەر من بۆ لات سەر بکەوم، ئەوا دەبێت بگەمە پایەی تۆ، کە مەحاڵە ڕێگا بە خۆم بدەم کاری وا ناشایستە بکەم. خۆ ئەگەر تۆیش بۆ لام داببەزیت، ئەوا بۆ من شەرمەزارییەکەی گەورەیە. تۆ بزانە عیشق چ مەتەڵێکە، گیانەکەم! سەرنج بدەن نەک هەر ڕووی دەرەوەی وێنەکە پێچەوانە بووەتەوە، کە دەسکێ کەرەوز بۆ چەپکێ گوڵ گۆڕاوە، بەڵکو ئەو گۆڕانە گەیشتووەتە ناوەوەیش. ئەوەتا لە زمانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. جوێن و سووکایەتییەکە نەماون و نیگای پڕ لە خۆشەویستی و گوتەی ناسک و شیرین شوێنیان گرتوونەتەوە. ڕۆمان لە مێژووی ژیانی خۆیدا بەردەوام شێوازی جیاواز و کەناڵی دەربڕینی جیاوازی ئەزموون کردووە. یەکێ لەوانە شێوازی فرەدەنگییە، کە خوێندنەوەکانی (باختین) بۆ (دۆیستۆیڤسکی) و ئەوانی تر زیاتر گرنگیی ئەو شێوازەی دەرخست. فرەدەنگی واتە فرەلۆژیکی. واتە هەر کارەکتەرێک لۆژیکی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەوەی لای کارەکتەرێک ئاساییە لای یەکێکی تر سەیروسەمەرەیە. ئەوەی ئەم بە پیرۆزی دەزانێت، ئەو بە نەفرەتی دەکات. ئەو وێنەیەی ڕۆمانی فرەدەنگی بەرهەمی دەهێنێت، جیاوازە لەو وێنەیەی لە ڕۆمانی ستانداردا دەیبینین. لەوەی دواییاندا وێنە یەک مەبەستی دیاریکراو و یەک فۆرمی چەسپاوی هەیە، بەڵام وێنە لە ڕۆمانی فرەدەنگیدا کۆمەڵێک مەبەست و چەند فۆرمی جیاوازی هەن، مادام دەکەوێتە بەردەم تێڕوانینی جیاوازەوە. دەشێ بوونەوەرێک لە یەک کاتدا ڕووەک، ئاژەڵ و مرۆڤ بێت. ئەوە پێوەستە بەوەی کێ لێی دەڕوانێت، چۆن لێی دەڕوانێت و بە چ مەبەستێک لێی دەڕوانێت. ئەوەی ئەو فەزایە دەخوڵقێنێت و وا دەکات هەر ڕەگەزێکی ڕۆمان لە کارەکتەرەوە بۆ ڕووداو، لە کاتەوە بۆ شوێن، لە مەنەلۆجەوە بۆ دایەلۆگ و ئەوانی تر فرەڕەنگ و فرەدەنگ بن، زمانە، بەوەی

## زمان توانای هەیە ببێتە هێزێکی دینامیکی و مانای جیاواز بە دەستەوە بدات، بۆیە هەر خوێندنەوەیەک بۆ ئەو شێوازە ئەگەر بایەخی گەورە بە زمان نەدات، ناتوانێت شتی کاریگەر بە دەستەوە بدات.

شێوازی فرەدەنگی پێش هەموو شتێک یاسای هۆکار تێک دەشکێنێت و ڕێگا بە ڕەخنەگری دیمۆتیک (میللی) نادات بەشێک لە تێکستەکە وەربگرێت و بڵێت ئەمە بۆچی ئاوایە و ئەمەت لەبەرچی وا لێ کراوە، چونکە ئەو بەشە لە کۆمەڵێک لاوە پێوەندیی بە بەشەکانی ترەوە هەیە، بەوەی ئەو شێوازە پشت بە ئەسوسەیشن دەبەستێت، واتە کۆتوبەندی کاتوشوێن تێک دەشکێنێت و بە شێوەی ڕوواری ((Arbitrary)) ڕووداوەکان پێوەندی لەنێوان خۆیاندا دروست دەکەن، کە دەشێ ڕووداوێکی ئێستا پێوەندیی بە ڕووداوێکی ڕابردووەوە هەبێت و ئەوەی ڕابردوو پێوەندیی بە یەکێکی داهاتووەوە هەبێت، بۆیە هەردوو تەکنیکی فلاش باک و فلاش

فۆوەرد، واتە گەڕانەوە بۆ داوەوە و بازدان بۆ داهاتوو ڕۆڵی گەورە لەو پێوەندییانەدا دەبینن. وەک گوتم ئەمە ئەو بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێت، لە جیاتی ئەوەی بە دوای هۆکاری ئەو پێوەندییانەدا بگەڕێت، دەبێت لێکدانەوەیان بۆ بکات. بۆ نموونە ناکرێت خوێنەر سەرزەنشتی من بکات چۆن ئاژەڵ منداڵی دەبێت، چونکە ئەو ئاژەڵە لە ڕوویێک لە ڕووەکانی تریدا مرۆڤە. تێکستی ئەدەبی هەوڵی ئەوە دەدات وێنەی جیاواز لەو وێنە باوانەی ئێمە پێیان ڕاهاتووین، بە دەستەوە بدات. ئێمە بەوە ڕاهاتووین مرۆڤ لەم فۆرمەی ئێستایدا ببینین، بەڵام ئەدەب دەیەوێت فۆرمی دیکەی ئەو مرۆڤەمان پێشان بدات. ئەدەب بۆیە دەچێتە ناو دنیای ناوەوە، تاکو زمان بەو وێنانە ببەخشێت، کە زمانی ئاسایی توانای نییە دەریانببڕێت. واتە ئەدەب ئەو زمانە بایۆلۆجییە تێدەپەڕێنێت و بە زمانی مێتافیزیکی دەدوێت. سنووری زمانی بایۆلۆجی دیاریکراوە، بەڵام زمانی مێتافیزیکی کراوەیە. ئەگەر یەکێک لە دنیای فاکچوەڵدا بڵێت (من کوڕی مانگام)، جیاوازە لەوەی (پەریهان) لەم ڕۆمانەدا دەڵێت (من کچی مەیسوونی مانگام)، چونکە (پەریهان) نەک هەر خۆی سیمایەکی میتۆلۆجییانەی هەیە، بەڵکو لەناو فەزایەکی میتۆلۆجییانەیشدا بیر دەکاتەوە و هەڵدەسووڕێت. شێوازی فرەدەنگی پایەی نارەتەرەکان، واتە ئەوانەی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بەسەرهاتەکان دەگێڕنەوە، فرەوانتر کرد و ئازادیی بێسنووری پێ دان، کە بتوانن هەم لەناو زەمەن و هەم لەناو شوێندا هەڵبسووڕێن، هەم فاکتواڵ بن و هەم خەیاڵ. هەر بەم شێوەیە ئاستەکانی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو تێکەڵی یەکتر دەبن، بۆیە لام ڕوونە تێگەیشتن لەو ڕۆمانانەی بەو شێوازە دەنووسرێن، لای ئەو کەلتوورانە قورسە، کە زیاتر زارەکین و بایەخی نووسینیان نەزانیوە، چونکە کەلتووری زارەکی بەوە ڕاهاتووە گێڕانەوە تەنیا لە شێوەی ئاسۆیی تێبگات، واتە ئەو شێوازەی بەسەرهات لە شێوەی زنجیرە دەگێڕێتەوە، لە کاتێکدا شێوازی ستوونی و بازنەیی بەرهەمی نووسینن و ئەوەمان بە سەردا دەسەپێنن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان پشت لەو کەلتوورە زارەکییەی خۆمان بکەین. تێکەڵبوونی دنیای ئاژەڵ و مرۆڤ لای من ئەنجامی تێکەڵبوونی ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب و هونەرە، کە ئەوانە هەر یەکەی زمان و شێوازی خۆی هەیە و بەشی جیاواز جیاوازی نەستی کارەکتەر دردەخات. ئەدەبی گێڕانەوە بۆ من شوێنی هەموو شتێکی تێدا دەبێتەوە. من سەرەتا بە شیعر دەستم پێ کرد، بەڵام شیعر نەیتوانی وەک چیرۆک و ڕۆمان بچێتە ناو قووڵاییمەوە. دەستم لە نووسینی شیعر هەڵنەگرت، بەڵکو لەپاڵ ڕەگەزەکانی دیکەی وەک شانۆ، هونەری شێوەکاری و موزیک کردمە ڕەگەزێکی کاریگەر لە ئەدەبی گێڕانەوەدا. بۆ من ئەدەبی گێڕانەوە لە شیعر چاکتر دەتوانێت نووسین بۆ گەیاندنی ئاستەکانی خۆی بە کار بهێنێت، بەوەی شیعر زیاتر پێوەستە بەو کەلتوورانەی لە ڕێی ڤێربالەوە پەیامی خۆیان دەگەیەنن. واتە شیعر دەخوێنرێتەوە و گوێی لێ دەگیرێت، بەڵام ئەدەبی گێڕانەوە لەناو نووسیندا خۆی دادەمەزرێنێت، بۆیە زەمینەیەکی لەبارە بۆ دەرکەوتنی تاک. ئەو تاکە دەتوانێت بە جیا قسەی خۆی بکات. دوور لە بواری تیۆری، من هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەوەم هەبووە ئاژەڵ لە شێوەی مرۆڤ بهێنمە بەرچاوم.

لە وەڵامی پرسیاری (چۆن بوویت بە ئەدەبی گێڕانەوە)دا باسی ئەوەم کردووە چۆن هێشتا لە قوتابخانە دەستم بە خوێندن نەکردبوو، کە ڕۆژانە لەگەڵ (ڕێبوار عەلی بابە)ی هاوڕێم بە قوڕ ئاژەڵم دروست دەکرد و لە بەر هەتاو هەڵمدەخستن، تاکو وشک ببنەوە... ئینجا گەوڕیشمان هەر بە قوڕ بۆ دەکردن، نەبادا سەرمایان ببێت. مەڕ، بزن، مانگا و سەگ بوون. شەوان تا خەوم لێ دەکەوت، بیرم لێ دەکردنەوە. ئاخۆ تۆ بڵێی سەرمایان نەبێت.؟! ئایا ژیانیان لە مەترسیدا نییە.؟! ئەرێ گیانەوەری دڕندە لەو دەشت و کێوانە نایەن و پەلاماریان نادەن.؟! لە لایەک دەترسام و لە لایەک چێژم لەوە دەبینی، کە سەگەکان چۆن بەرگرییان لە مەڕ، بزن و مانگاکان دەکرد. چۆن لەگەڵ ئەو دڕندانە دەجەنگان. بیرم دەچووەوە ئەوانە لە قوڕ دروست کراون و گیانیان لە بەر نییە، بەڵکو وا لە دڵم دەچەسپی ئاژەڵی ڕاستەقینەن. ئەگەرچی هەموو شتێک لەژێر دەستەڵاتی خەیاڵی مندا بوو و دەکرا نەهێڵم یەک مەڕ قاچی بریندار ببێت، دڵۆپێ خوێن لە لووتی بزنێکەوە بڕژێت، بگرە هەر نەهێڵم تاقە دڕندەیەک لەو دڕندانە لەو دەشت و کێوانە بێت و بگاتە ئەوێ، بەڵام هەمیشە چێژم لە ڕووداوی ئاوا ترسناک دەبینی، بۆیە هیچ جارێک نەبوو لە ئەنجامی ئەو شەڕانەوە سەگێک نەخنکێت، سێ چوارێک بریندار نەبن، حەوت هەشت سەر مەڕ و بزن نەخورێن، هەناوی مانگایەک دەرنەهێنرێت و پەراسووەکانی وەک قەفەز نەکەونە بەرچاو، بەڵام لە ئەنجامدا هەر دڕندەکان دەبەزین و لاشەیان لەوێ جێ دەما. بەیانییان هەر بە ڕاستی چاوم بۆ شوێنەواری شەڕەکە دەگێڕا و دەموسیت خوێنی ئاژەڵەکان لەسەر ئەو زەوییە ببینم.

## ئەدەبی گێڕانەوە توانای هەیە هەموو نهێنییە شاراوەکانی ناوەوەی کارەکتەر تێکەڵی دنیای دەرەوەی بکات.

**نویێ: کارەکتەرەکان هەست بە بچووکیی شار دەکەن، یان ئەگەر بە شێوەیەکی دروستتر ئەو کۆنسێپتە دابڕێژینەوە، ئاوای لێ دێت: تۆ وەک ڕۆماننووس هەست دەکەیت شارەکانی خۆمان هێشتا ئێڵەمێنتەکانی شاریان تێدا نییە، بۆیە پەنا بۆ شارە گەورەکانی وەک بەغدا، قاهیرە، ئەسکەندەرییە و شارە ئەورووپییەکانی وەک کۆپنهاگن و ئەوانی تر دەبەیت، یان بە شێوەیەک وێنەی شار و کارەکتەری شارنشین دەکێشیت وەک بڵێی باس لە داهاتوویان بکەیت، نەوەک لە ئێستایان. ڕاستییەکەیشی شاری ئێمە چ شاری واقیعمان و چ ئەو شارەی خەیاڵمان بەرهەمی هێناوە، سیمای لادێییانەی بە سەردا زاڵە. پێت وایە ئەو دابڕانە لەنێوان واقیعی ئێستای ئێمە و فەزای ڕۆمانی کازینۆی منداڵان لە چییەوە هاتووە؟**

**کاروان:** سەرنجێکی وردە. بەشێکی زۆری کارەکتەری چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بێزاری لە ئاست گەورەیی شار دەردەبڕن و بۆ لادێ دەگەڕێنەوە، ئینجا ئەو گەڕانەوەیە چ فیزیکی بێت، واتە هەر بە ڕاستی شار جێ بهێڵن و بۆ لادێ بگوێزنەوە، چ سیمبۆڵی بێت، واتە لە ڕێی خەیاڵەوە لادێ دابمەزرێننەوە. شار بۆ کارەکتەرەکانی من لەوەدا بەرجەستە نابێت ئاخۆ لەگەڵین یان دژین، بەڵکو فاکتێکە و ناکرێت ڕووبەڕووی نەبنەوە، کە ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە وا دەکات ئازار، چێژ، تێکشکان، خەم و نائومێدییەکانیان بچنە ناو پرۆسێسی گێڕانەوەوە. بە هەرحاڵ شار لای من تەنیا شوێنی جیۆگرافی نییە، کە فیچەرەکانی کەلتوور چ ماتریالی و چ مۆراڵی لە خۆی بگرێت، بەڵکو زەمەنیشە. واتە خاوەنی هەردوو ڕەهەندی سایکۆلۆجی و سێنسەرییە. لە بیرتان نەچێت ڕۆمان بەرهەمی ڕێنەیسانس، شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی شارە. بەڵێ، ڕۆمان بەرهەمی دنیای مۆدێرنیتەیە، کە شوێنی داستانی گرتەوە، بەوەی مرۆڤی شار پێویستی بە شێوازی دیکەی دەربڕین بوو، بە شێوەیەک لەگەڵ ئارەزووەکانی بگونجێت. یەکێ لە دەرکەوتەکانی شار فڕێدانی مرۆڤە بۆ پەراوێز، کە ئەمە لە لادێ ڕوو نادات، بەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ڕووبەری جیۆگرافیی بچووکدا لەسەر بینینی ڕاستەوخۆ دامەزراوە، کە تاکەکان یەکتر بە ڕوونی دەبینن. لە شار تێڕوانینی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و بۆ دەوروبەری بە شێوەیەکی ترە، بەوەی هەموو شتێک بۆ وێنە دەگۆڕێت و مرۆڤ لە یەک کاتدا مامەڵە لەگەڵ زۆرترین وێنەی لەیەکچوو و جیاوازدا دەکات. بە مانایەکی تر مرۆڤی شارنشین لەناو دنیایەکدا دەژێ، کە لەسەر وێنە دامەزراوە و ئەو وێنانەیش بەردەوام لە گۆڕاندان. ئەوەی مرۆڤی شارنشین لە یادەوەریی خۆیدا هەڵیدەگرێت وێنەیە، چ هیی گیاندار و چ هیی بێگیان، نەوەک خودی مرۆڤ خۆی، لە کاتێکدا یادەوەریی مرۆڤی لادێ بە ڕوونی مرۆڤ و شتەکانی پێشان دەدات، بۆیە ئەوەی دواییان بە زمانی سادە و تەکنیکی سەرەتایی تەعبیر لە دنیای خۆی دەکات، مادام چ مرۆڤ و چ شتەکانی بە ڕوونی دیارن، بەڵام مرۆڤی شاری بەردەوام پێویستی بە کەناڵی نوێ و شێوازی تری دەربڕین و

گەیاندنە، تاکو ئەو وێنە ناڕۆشنانەی دەربخات، بۆیە زمانێکی ئاڵۆزی هەیە و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پەیامەکانی دەگەیەنێت. لە ڕۆمانی تەقلیدیدا کارەکتەر هەمیشە دەزانێت بۆ کێ دەدوێت و چۆن دەدوێت، بەوەی ئاگایی بەسەر بیرکردنەوە و دەربڕینەکانیدا زاڵە، بەڵام لە ڕۆمانی هونەریدا، کە بە شارەوە پێوەستە، کارەکتەر نە بۆ کەسانی دیاریکراو دەدوێت و نە چاوەڕێی وەڵامیشە. سەیر نییە ئەگەر دەبینین مەنەلۆج لەناو ڕۆمانی هونەریدا چاو هەڵدەهێنێت و دەبێتە یەکێ لە تەکنیکە کاریگەرەکانی. ئەگەر سەرنجتان لە ڕۆمانی کوردی دابێت، دەبینن لە زۆربەیاندا کارەکتەر دەزانێت بۆ کێ دەدوێت و بەردەوام وەڵامی دەدرێتەوە، بۆیە خوێنەر سەری لێ تێک ناچێت. تیمەیەکی دیاریکراوی هەیە و هەموو شتەکانی بە دەوردا دەسووڕێنەوە، بەڵام لە ڕۆمانی هونەریدا هەمیشە کۆمەڵێک تیمە هەن و تێک چڕژاون. مرۆڤی شارنشین پێچەوانەی مرۆڤی لادێ ڕووبەڕووی ئەو دەستەڵاتانە دەبێتەوە، کە نادیارن، بۆیە نە سەرچاوەی ئازارەکانی دەدۆزێتەوە و نە دەشتوانێت ڕاستەوخۆ دەریانببڕێت، لە کاتێکدا مرۆڤی لادێ بە ئاسانی سەرچاوەی ئازارەکانی خۆی دەدۆزێتەوە و بە ڕوونی دەریاندەبڕێت. بەشێکی زۆری کارەکتەری ڕۆمانی کوردی، ڕاستە لە شارن، بەڵام زۆر بە ڕوونی ئازارەکانیان دەردەبڕن. بۆ نموونە ڕۆماننووسمان هەیە لە هەموو بەرهەمەکانیدا تەنیا یەک کارەکتەری هەیە، کە سەرتاپێی تێکستەکە بە یەک ڕیتم دەگێڕێتەوە. ئەو کارەکتەرە بەردەوام دەنووزێتەوە، جوێن دەدات، هۆکاری ئازارەکەیمان پێ دەڵێت و سەرچاوەکەی بە نەفرەت دەکات. بێگومان خوێنەریش لە دوورەوە دەیناسێتەوە و لێی تێدەگات، بەوەی کەسێکی ناسراوی ناو کۆمەڵگایە و هەموو نیشانەکانی ئەو کەلتوورەی پێوەیە. دەرکەوتنی پاڵەوان بە مانا ستانداردەکەی لە شاردا، بێگومان مەبەستمان لە شاری پیشەسازییە، کە لای ئێمە تەنیا لەناو فانتاسیادا بوونی هەیە، وەک مەحاڵی لێ دێت، مادام مرۆڤ لە شار بۆ وێنە دەگۆڕێت. لەو سەردەمەی لادێ سەنتەری گێڕانەوە بوو پاڵەوان بە ئاسانی چاوی هەڵدەهێنا و گەشەی دەکرد، بەوەی ئەوانی تر بە ڕوونی دەیانبینی و چاوەڕێی ئەوە بوون بزانن چارەنووسی بە کوێ دەگات. لە شاردا مرۆڤەکان هەموو لە پەراوێزدان. ئەوەی ڕۆڵی پاڵەوان دەبینێت دامودەستگاکانی وەک فێرکردن، ئایین، ڕاگەیاندن، وەرزش و ئەوانی ترن. ڕۆمان کەناڵی ئەو کارەکتەرە پەراوێزخراوانەیە. ئەوانە لەبەر ئەوەی دەستگاکان بەردەوام کۆنترۆڵیان دەکەن، بۆیە تووشی جۆرێک لە هایپەرگرافیا دەبن و تینووی دەربڕینن.

**کارەکتەرەکانی من زۆربەیان نەخۆشیی هایپەرگرافیایان هەیە، واتە ئارەزووی دەربڕین دەکەن، بۆیە زۆر جار پەنا بۆ وڕێنە دەبەن، کە ئەمە لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا!!)دا زۆر بە ڕوونی دیارە، بەڵام لە (کازینۆی منداڵان)دا بە شێوەیەکی هەندێک جیاوازە.**

نووسین لەبارەی شار و وردەکارییەکانی شارەوە ئەوە بەسەر ڕۆماننووسدا دەسەپێنێت جیاوازیی نێوان دەنگە جۆراوجۆرەکان دەربخات و سیماکانی ئەو دنیا جەنجاڵە پێشان بدات. بۆ ئەوەیش پێویستی بە کۆمەڵێک نارەتەری جیاواز دەبێت، تاکو هەر یەکەی بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی ڕووداوەکان بگێڕێتەوە و وێنەی جیاوازی کارەکتەرەکان بکێشێت. وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا گوتم خوێنەری ئێمە بە ئاسانی ناتوانێت ئەو شێوازە قەبووڵ بکات، یان با بڵێم ئەو ستایلە لە ئاستی میللیدا ڕەواجی زۆر نابێت. دەبێت جیاوازی لەنێوان ئەو تێکستانەدا بکەین، کە کارەکتەرەکانیان لە شارن، بێ ئەوەی بچنە ناو وردەکارییەکانی شارەوە، لەگەڵ ئەوانەی کارەکتەرەکانیان لەگەڵ ئەو وردەکارییانەدا پێوەندیی بەتینیان هەیە و بەردەوام ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە. من لەگەڵ بۆچوونەکەی ئێوەدام، کە تاکو ئەم ساتەیش شاری ئێمە سیمای لادێییانەی پێوە دیارە، بەڵام دەبێت لەم ڕووەوە یەک دوو شت بڵێم. من ڕاستە هەندێک سیمبۆڵی مێژوویی، جیۆگرافی، کەلتووری، زمانەوانی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی شار لە بەرچاو دەگرم، بەڵام لە لایەک ئەو سیمبۆڵانە تێک دەشکێنم و لە لایەکی تر فەزای دیکەی تەواو جیاواز دەخوڵقێنم، کە دەکرێت بڵێم شارەکانی من شیعرین، نەوەک مێژوویی. ئەدەبیش کاتێک دەتوانێت کاریگەریی هەبێت، کە توانای هەبێت پێش واقیع بکەوێت، نەوەک هاوکاتی بێت. لە (کازینۆی منداڵان)دا هەوڵ بۆ ئەوە دراوە هەر شارێک توانای ئەوەی پێ بدرێت جیاوازییەکانی خۆی دەربخات و کارەکتەری جیاوازیش بەرهەم بهێنێت، بۆ ئەوەی بەشداری لە گێڕانەوەی مێژووەکەیەدا بکات. بێگومان مێژووییەکی گریمانی نەک فەرمی. هەروەها ویستی ئەوە هەیە فرەدەنگی تایبەت نەبێت بە کارەکتەر، بەڵکو ئەو فرەدەنگییە کەلتوورە جیاوازەکانیش بگرێتەوە. من کاتێ بە چاوی نووسەری ئەدەبی گێڕانەوە لە شارەکانی ئەمڕۆی خۆمان دەڕوانم، هەست دەکەم لە نەوەدەکانەوە بەردەوام ئێڵەمێنتی بەشاربوونی خۆیان لە دەست داوە، بۆیە زۆرجار ویستوومە فۆکووس لەسەر ئەو سەردەمانە بکەم، کە ئارەزووی بەشاربوون لەو شارانەدا هەبوون. ئەمەم بە تایبەتی لە (کازینۆی منداڵان)دا کردووە.

**نوێ: ئیشکردن لەسەر چەند پێکهاتەیەکی جیاواز وەکو کورد، عەرەب و جوولەکە و ..هتد یەکێکە لە فیوگەرەکانی ئەو ڕۆمانە تا ئاستێک خوێنەر سەرسام دەبێت بەو بەرجەستەکردنە ناڕاستەوخۆیە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەموو کارەکتەرەکان قسەی خۆیان دەکەن. ئایا پێتان وا نییە ئەوە وا دەکات نەتوانرێت فیوگەری سەرەکیی ڕۆمانەکە بە ئاسانی بدۆزرێتەوە؟**

**کاروان:** ئەگەر زانیمان ڕۆمان بەرهەمی شارە و مێژووی دەرکەوتنی بۆ سەدەی حەڤدەهەم دەگەڕێتەوە، لە سەدەی هەژدەهەم گەورە بووە و لە سەدەی نۆزدەهەم و دواتر پێگەیشتووە، ئەوا هاوکات ئەوەیش دەزانین، کە هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی شتی دژ بە یەک (Contradiction) بووەتەوە، بەوەی دەرکەوتنی شار واتە دەرکەوتنی جیاوازی. بوونی

چین و توێژی جیاواز لە شار مانای بوونی تێڕوانینی جیاوازە بۆ شتەکان. پێوەندییەکی بەتین لەنێوان هۆشیاری و گێڕانەوەدا هەیە، بەوەی پرۆسێسی گێڕانەوە کاتێ دەتوانێت بەردەوام بێت و بچێتە ناو ڕووبەری جیاوازەوە، کە هۆشیاری بیبزووێنێت. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شتانەی پێیان ئاشنا نین کارەکتەر پێویستی بە بیرکردنەوەی جیاواز و تێڕوانینی دیکە هەیە. لەو ئەزموونەدا هۆشیاریی خود (Self-awareness) سەر هەڵدەدات و گەشە دەکات، کە ئەمە جیاکردنەوەی هۆشیاریی کارەکتەرە لەو هۆشیارییە کۆیەی هەیە، چونکە تاکو ئەو کاتەی هۆشیاریی کارەکتەر هاوکاتی هۆشیاریی کۆیە و هەمان ئاستی هەیە، گێڕانەوە ناتوانێت ببزووێت. هۆشیاریی تاک لە ئەنجامی جیابوونەوە لەو هۆشیارییە کۆیە دروست دەبێت و ئەو ئاستە تێدەپەڕێنێت، مادام دەیەوێت بە شێوەی جیاواز لەو بابەتە بڕوانێت، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئەوەی من لە زۆربەی بەرهەمەکانمدا کاری بۆ دەکەم، ئەوەیە چۆن کۆمەڵێک تێڕوانینی تاک، کە لە یەکتر نەچن، بهێنمە گۆڕێ. لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا تێڕوانینی جیاواز بۆ مێژوو و بۆ دیاردەی کەلتوور (Cultural phenomenon) هەیە. ڕاستییەکەی بوونی کەلتووری جیاواز لە بەرهەمەکانی من، بە تایبەتی لەم ڕۆمانەدا ئەنجامی دەرکەوتنی کۆمەڵێک کارەکتەری جیاوازە، کە هەر یەکەی پێویستی بە کەناڵی سەربەخۆی گێڕانەوە هەیە. بەڵێ، وەک ئێوە دەڵێن دۆزینەوەی فیوگەری سەرەکیی ڕۆمانەکە زەحمەتە، چونکە ئەو شێوازە لەسەر کۆمەڵێک تێڕوانینی جیاواز دامەزراوە، کە ڕێی خوێنەر نادات یەکێ لەو تێڕوانینانە بە هەند وەربگرێت و ئەوانی دیکە پشتگوێ بخات. سرووشتی زمانی ئەو ڕۆمانانەی بە شێوەی پۆلیفۆنی دەنووسرێن وایە، کە ئاڕاستەکانیان لە ناوەوەن و بە ئاشکرا دەرناکەون، بەوەی دنیای حیکایەت و ئەو ڕیزبەندییەی لەسەری وەستاوە، تێک دەشکێت و ئیتر چ کارەکتەر و چ شتەکان بەپێی لۆژیکی خۆیان هەڵدەسووڕێن.

**نوێ: لە شێوەی قسەکردن شتی زۆر لەبارەی ئەو ڕۆمانەوە گوتراوە، بەڵام وەکو نووسین کەمتر. جیاوازیی نێوان قسەکردن و نووسین لەبارەی کاری ئەدەبییەوە، بە تایبەتی لەبارەی ڕۆمانەوە چییە؟**

**کاروان:** جیاوازیی نێوان قسەکردن و نووسین ئەوەیە، یەکەمیان تێکست بۆ ڕووداوێک، یان دیمەنێک، یاخود دایەلۆگێکی نێوان دوو کارەکتەر کورت دەکاتەوە و لەوێوە بە چەند وشەیەکی سادە بڕیاری لە سەر دەدات. واتە لە جیاتی ئەوەی نادیارەکان بڵێت، بە دیارەکانەوە دەنووسێت و دەیانخاتەوە بەرچاو، بەڵام دووەمیان مەبەستیەتی بچێتە ناو وردەکارییەکانەوە و ڕاڤەیان بکات. بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە ئەو بۆچوونەم سیمایەکی ڕەهایانە بە خۆیەوە نەگرێت، ئەوا پێویستە بڵێم مەبەستم ئەوە نییە ئێمە ناتوانین بە شێوەی ڤێربال لەبارەی ڕۆمانەوە بدوێین، بەڵام دەبێت لێرەدا دوو نیاز لە یەکتر جیا بکەینەوە: یەکەمیان، بە چەند ڕستەیەک لەبارەی هەموو ڕۆمانەکەوە دەدوێت و بڕیاریشی لە سەر دەدات، بەڵام دووەمیان،

چەمکێک، یان دووان لە ڕۆمانێک وەردەگرێت و بۆچوونی خۆی لەبارەیانەوە دەردەبڕێت، نەوەک سەرتاپێی تێکستەکە و بە میتۆدی چاکەوخراپەیش کار ناکات. ئەوەی یەکەمیان لەناو ڕۆشنبیریی ئێمەدا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. ستریۆتایپێکە و بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. ڕاستییەکەیشی ئەمە لە شیعرەوە بۆ ڕۆمان ماوەتەوە. بە حوکمی ئەوەی شیعر هیی سەردەمەکانی پێش مۆدێرنیتەیە و بە شێوەی ڤێربالّ لە دەمی شاعیرەوە گەیشتووەتە گوێچکەی خەڵک، ئەوا هەر بە شێوەی ڤێربالّیش قسەی لێوە کراوە. ڕۆمان و شیعر ڕاستە لە هەندێک ڕووەوە تێکەڵن، بەڵام لە زۆر ڕوویشەوە جیاوازن، بۆیە ئەگەر ئەو شێوازە جارێک زوڵمی لە شیعر کردبێت، ئەوا دوو جار لە ڕۆمانی کردووە. بە کورتی شتێکی سەیر نییە ئەگەر ئەو ستایلە زۆر بە زەقی هەستی پێ بکرێت و ژمارەیەکی زۆر نووسەر پێوەی خەریک بن، مادام کەلتووری ئێمە تاکو ئەم ساتەیش کەلتوورێکی زارەکییە و بایەخی نووسینی نەناسیوە. ئەو نیازە هەر لە ئاستی قسەکردنەوە نامێنێتەوە، بەڵکو پەنا بۆ پیتی چاپیش دەبات، بێ ئەوەی ببێتە نووسین. دەبێت لێرەدا لەسەر ئەو ئیمبیگویتییە هەڵوێستە بکەم. چۆن پەنا بۆ پیتی چاپ دەبات و نابێتە نووسینیش؟ مەبەست لە نووسین چییە؟ مەبەست لە نووسین دەرخستنی جیاوازییە لەو شتانەی زمانی ڕۆژانە پێیان ڕاهاتووە. واتە پرۆسێسی نووسین کاتێک دەتوانێت ئەکتیڤ ببێت، کە توانای دامەزراندنی سیستەمێکی دیکەی جیاوازی گوتنی هەبێت، بەڵام کاتێ هەمان ئەو ئایدیا سادانە دەڵێینەوە، کە زمان لەسەر ئاستی بایۆلۆجیدا دەریاندەبڕێت، ئەوا ئێمە هێشتا ئاستی زارەکیمان جێ نەهێشتووە، با پیتی چاپیش بە کار بهێنین. تەنیا لە ڕێی نووسینەوە دەتوانین ئەم ئاستەی ئێستا تێبپەڕێنین، چونکە نووسین وا دەکات ئێمە شت دووبارە نەکەینەوە و ئەو ئاستە ببینین، کە پێی گەیشتووین، بۆ ئەوەی لەوێوە جیاوازیی دیکە بەرهەم بهێنین. بەشێکی زۆری ڕەخنەگری ئێمە بە هەندێک ڕستەی سواو ڕاهاتوون، کە بۆ هەموو شتێکیان بە کار دەهێنن، بۆیە تاکو ئەم ساتەیش ئێمە نەک هەر خاوەنی تیۆری سەربەخۆ نین لەبارەی ئەدەبی گێڕانەوەوە، بەڵکو نەمانتوانیوە سەرەتایەکیش بۆ ئەو تیۆرە دابمەزرێنین. ئەوەتا لە تەنیشتمانەوە عەرەبەکان توانیویانە لە ماوەی ئەو سی چل ساڵەی ڕابردوودا کۆمەڵێک بەرهەمی ڕەخنەیی لەبارەی تیۆری گێڕانەوەوە بە دەستەوە بدەن. ڕەخنەگری دیمۆتیک (میللی)ی ئێمە چەمکەکانی گێڕانەوەیش وەک هەموو چەمکە فکری، ئەدەبی و هونەرییەکانی دیکە سادە دەکاتەوە، بەو مەبەستەی سەری لێیان دەربچێت و بە ئاسانی حوکمی چاکەوخراپەیان بۆ دەربکات. گوتەی ئەوانە لە دەستی دووەم و سێیەم وەردەگرێت، کە لە بواری تیۆری گێڕانەوەدا نووسیویانە، تاکو خوێنەریان پێ فریو بدات. وا باسی ئەوانە دەکات وەک بڵێی بە دەم پیاسەوە ئەو گوتانەیان بۆ هاتبێت. ڕەخنەگری دیمۆتیک هەیە کۆمەڵێک شتی زۆر سادەی گوتووە، کەچی لەناکاو گوتەیەکی (جیرار جینێت) ی هێناوەتەوە. من لام ڕوونە ئەگەر ئەو ڕەخنەگرە (جیرار جینێت) و هەر یەک لە (میکایل باختین)، (لوسیان گۆڵدمان)، (تزڤیتان تۆدۆرۆڤ)، (پۆل ڕیکۆر)، (ڤلادیمێر پرووپ)، (ئێی.

جەی. گریماس)، (تیری ئیگلیتۆن) و زۆری دیکە لە سەرچاوە ئۆریگیناڵەکان بخوێنێتەوە، دەزانێت تێگەیشتن لەوانە قورسە و کاتی زۆری دەوێت، هاوکات دەزانێت یەکێ ئەوانەی خوێندبێتەوە بەم زمانە سادەیە نانووسێت و بە پێوەری چاکەخراپە کار ناکات. ئەگەر زانیمان لەگەڵ دەرکەوتنی ژانری ئەدەبی گێڕانەوەدا چەند فەیلەسووف، زماننناس، ئەنترۆپۆلۆجیست، سایکۆلۆجیست لەو بوارەدا خەریکی لێکۆڵینەوەن، ئەوسا دەزانین ناکرێت بە شێوەی ڤێربال و بە زمانی ڕۆژانە بڕیار لەسەر چاکی و خراپیی ئەو چەمکە بدەین. من دەزانم ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) و بەرهەمەکانی دیکەیشم بەردەوام ڕووبەڕووی ئەو تێگەیشتنە سادەیە بوونەتەوە، بەڵام بە لاکەی دیکەیشدا ئەوە چیرۆک و ڕۆمانەکانی منن سەرنجی ڕەخنەگرە داهێنەرەکانیان ڕاکێشاوە، بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا. باوەڕم نییە ئەو بڕیارانەی ڕەخنەگرە دیمۆتیکەکانی ئێمە لەبارەی چاکیی ئەم ڕۆمان و خراپیی ئەو ڕۆمانیان داون، لە لایەن ڕەخنەگرە داهێنەرەکانەوە پێداچوونەوەیان بۆ نەکرێت و بە شێوەی تر نەخوێنرێنەوە.

**نوێ : لە دوای چاپکردنی ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)ەوە پڕۆژەی دیکەی ڕۆمانت هەیە؟**

**کاروان:** ڕاستییەکەی من وا ڕاهاتووم چەند بەرهەمێک پێکەوە دەنووسم، بۆیە ئاسان نییە بزانم کامیان لە دوای کامیانەوەیە. دەشێت بڵێم هەموویان هاوکاتی یەکترن، بەوەی بەرهەمەکانم بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییان بە یەکترەوە هەیە. دەتوانم بڵێم ڕۆمانەکانی (کازینۆی منداڵان)، (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)، (مامزێر)، (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) و کۆمەڵەچیرۆکەکانی (خەوننامەی دادە سۆزی)، (منارەی ئاوەدانی)، کە هەموویان لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ەوە نووسراون، هاوکاتی یەکترن. لانی کەم دوو ڕۆمان و دوو کۆمەڵەچیرۆکی دیکەیشم هەن، کە هەر دەکەونە ناو ئەو بازنەیەوە. بۆیە دەڵێم بازنە، چونکە لە شێوەی بازنەن و سنووریان نییە. هیوادارم ئەمساڵ (ڕێگاکانی ژەهر) چاپ بکەم، کە کتێبێکە خوێنەر دەتوانێت هەم وەک چیرۆک و هەم وەک ڕۆمان بیخوێنێتەوە.

# لە ژمارەی داهاتوو:

- ستالین و سینەما– توانا حمەنوری
- وێنەی شیعری لەلای وریا مەزهەر– کەژاڵ فیداکار
- ناسنامەی وشە چییە– بڵند باجەلان
- رۆمان لەنێوان ریسکی نووسین و نووسینی ریسکدا– حەمە کەریم عارف
- شیعری شاعیرانی تورک– شالاو حەبیبە
- کەژاڵ ئیبراهیم خدر و زمان و هێما– محەمەد عەلی
- گرووپی کفری وەک یەکەم بەیاننامەی تازەگەری ئەدەبی کوردی – تەوەری نوێ
- دژە رۆشنگەری وەک کاردانەوەیەک دژی سەردەمی عەقڵ– ماردین ئیبراهیم
- مویان ئەو نووسەرەی خەلاتی نۆبلی بەبۆق وەرگرت
- لەگەڵ چەندین بابەتی دیکەدا.....

# NEW

literary, and culturd
magazine

Number: 1
September 2013

Concessionaire and Editor-in Chief
Bzhar Hakem

Editor: Rezgar Jabari

Designed By: Hemn Khidir
009647504073710

Contact:
Mob: 009647504256630
Email: govarenwe@yahoo.com

Erbil – Kurdistan Region – Iraq
2013